

# بابەت و دیمانەکانی

## خاتوو د. ڕوئیا تلوعی

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست


١- تووندوتیژی لە بەرانبەر جولانەوەی ئاشتیخوازانەی ژنانی کوردستان: بۆچی؟ ................................ ٣

٢- من ژنم، مرۆڤم، کوردم، فێمینیستم و دەخوازم مافەکانی خۆمم هەبێ ...... هەڤپەیڤین عفت ماهباز ....... ٧

٣- ماڵپەڕ بۆ بەرژەوەندی دەسەڵات؟!! ............................................................. ٢١

٤- سەبارەت بە (رێکخراوی ژنانی کوردی پارێزەری مافی مرۆڤ و ئاشتی) .......... ئا: قەرەنی قادری ...... ٢٥

٤- وڵامی کاک رێناس جاف .............................................................................. ٣١

٥- پ: پیاو، پرسیار - ژ: ژن، بەڵام وڵام ........................................................ ٣٤

٦- وتوویژیک لەگەڵ دوکتور رۆئیا تلووعی ............................. ماڵپەری کوردستان مێدیا ........... ٤٧

٧- «گەنجی» ئەگەر «گاندی» بوایە لە پرسی کورد نەدەترسا ................................................ ٥٧

٨- دوولەت بوونی حیزبی دیموکرات: خاڵە پۆزەتیڤ و نەگەتیڤەکانی .................................. ٦٤

٩- کوردەکان لە سەر دوو رێیانی خەباتی چەکداری و مەدەنی ............................ و:سۆران شێرزاد ........ ٧٥

١٠- فێمینیزە کردنی ناسیۆنالیزم ................................................ و: سیروان مووساپوور .......... ٨١

١١- لە دایەگەورە بانەییە سەحابە کوژەکانمەوە تا ئامۆزاکانی کوبانیم! .................................... ٩٤

١٢- حیزبی فمینیستی ژنانی کورد دەبێ دامەزرێ .............................................. ٩٧

١٢- ژنی کوردم، هەم ئاشتیخواز هەم شەرڤانم ، پارێزڤانی کوردستانم ........................................... ٩٨

١٣- خانم تلۆعی، سێلێنا خانم، برازای شیرینم، بەخێرهاتی بۆ دنیا ........................................ ٩٩

١٤- پێویستی بە "فێمینیزمێکی هاندەر: لە نێو ژنانی کورددا ............................................ ١٠٣

١٥- چوار کەس بووین ........................................................................................ ١٠٧

١٦- کرینی ئارڤی .......................................................................................... ١١٣

١٧- چ دایکێکی فیداکاریت ............................................................................... ١١٤

١٨- بابە گیان، ئاغای خۆشەویستم، رۆشتی و من لە لات نەبووم ............................................ ١١٥




سەرچاوە Serchawe

# توونددوتیژی لە بەرانبەر جوڵانەوەی ئاشتیخوازانەی ژنانی کوردستان: بۆچی؟

ڕۆنیا تلووعی بۆچی بەند کراوە؟
وەرگێرانی: حەمید تەیموری
ڕونیا تلووعی      نوشین ئەحمەدی
تریبوونی فمنیستی ئێران

گرتنی لە ناکاوی ڕۆنیا تلووعی، چالاکی بزووتنەوەی سەربە خۆیی ژنان و بەرپرسی گۆڤاری"راسان" و یەکێک لە مەسئوولانی"کانوونی ژنانی کورد و داکۆکی کەری ماڤی مرۆڤ" لەگەڵ چەند کەسی تر لە ژنانی چالاکی بزووتنەوەی ماڤی مەدەنی کوردستان لە پرۆتستۆکردنی ئاشتیخوازانە و مەدەنی بەڕاستی سەرسووڕ هێنەر بوو. سەرسووڕهێنەر لەوەی کە پارالێل چالاکی مەدەنی ژنانی کورستانم سەیر دەکرد، سەبر و سەخاوەتمەندانە و گرتنە بەری شێوازێکی ئاشتیخوازانە لە لایەن ئەوانەوە بۆ پێشکەوتن و خواستەکانیان سەری نەوازشم دادەنا. هەروەها وام بیر دەکردەوە کە چلۆن بە بوونی هەلوومەرجێکی سەخت و دژواری کۆمەڵایەتی و مێژوویی خوێنبار و دەسڵاتداری و شێوازی سەخت و ناهەموار کە لە ناوچەکەدا زاڵە و بەردەوامە، جووڵانەوەیەکی سیڤیل و ئاشتیخوازانەی وەها بەرگێکی نوێ بپۆشێ. تەنیا وەڵامم بۆ ئەم پرسە زەینییە، توانایی و زانیاری و عەشقی ئەم ژنە چالاکانە بوو.

کەسانێک تەنانەت بۆ جارێک ڕێگەیان کەوتبێتە کوردستان دەتوانن تێبفکرن کە لە چ سات و کاتێکی سەختدا قسە دەکەم. ئەم ناوچەیە لە ئیمکاناتی"رەفاهی"، لە هەبوونی کارخانە، لە نەبوونی ئاسایشی تەواو، لە "حوزووری سەرمایەداری" لە دام و دەزگای تەکنیکی، زانیاری، فەرهەنگی، "تەئمینی "کۆمەڵایەتی و لەو بابەتانە بێ بەهرەیە. لە ڕاستیدا کوردستان وەکوو سەحرایەکی وشک و ڕەقە کە هیچ خزمەتێکی لە ناوەندەوە پێ ناگا. خەڵکی کورد زۆر جار بە دیدێکی گومان و بێ باوەڕی لە سەریان قەزاوەت دەکرێ و لە بەر هۆکاری زۆر شت وەکوو تاوانبار لەگەڵیان هەڵسوکەوت دەکرێ و دەسگیر کردن و تاوانبارکردنیان ئەمرێکی زۆر ئاساییە. هەژاری و نەخوێنەواری لەو ناوچەیەدا زۆر بەربەڵاوە و... ئێستاش بیر کەنەوە لە کەشو هەوایەکی وەها سەخت و دژوار چ جۆر بیرو بۆچوونێک پەرە دەستێنێ. بێگومان لەو جۆرە کەش و هەوایەدا "تولید و باز تولید" توونددووتیژی،

سرووشتی ترین کاردانەوەیە، بەڵام سەرەڕای ئەم باردۆخە، عەشق و لە خۆبوردوویی ژنان توانیویە لە بەرانبەر فشار و زۆری ئێستادا ڕابوەستێ و جووڵانەوەیەکی سیڤیل، تێکڵاو ئاشتیخوازانە لە ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستان خۆ بنوێنێ.

کاتێک هەواڵی جووڵانەوی مەدەنی یان مانگرتن و پرۆتستۆی ئاشتیخوازانەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان گوێ لێ دەبوو بەڕاستی شاگەشکە دەبووم کە ژنانی کورد چۆن لە ماوەی ئەم ساڵانەدا توانیویانە ئابەم جۆرە بیروهزری ئاشتیخوازانەی خۆیان و لە سەر جموجۆڵی کۆمەڵگاکەیان بقۆزنەوە و کۆمەڵگاکەیان بە هوبوونی دەسڵاتداریەتی سوننەتی و ڕەق پڕ لە کینە بگۆڕن بۆ جوڵانەوەیەکی ئاشتیخوازانە و مەدەنی و پڕ لە هیوا. بەڕاستی ئەم کردەوە مەدەنیانە بوێرانەی ژنان گەر بە ئنسافەوە و بە وردی سەرنجی بدەی جێگای شانازییە. بەڵام بەداخەوە دەبینین کە بە هۆی نەبوونی عەقڵیەتێکی تەواو لە لایەن هەندێک بەرپرسی ناوچەیی، خاڵێکی ئاوەها بە هێند ناگرن و بە دەسگیری و بەندکردنی ژنانی چالاک غەوشەدار دەکەن. لە ڕاستیدا چۆن دەگونجێ مودیریەتی گەورەی وڵاتێک پێگەیشتن و خەفەقانێک لە نێو هاووڵاتیانی خۆی دەرک نەکا (ئەویش هاووڵاتیانێ کە نە تەنیا لە هەر جۆرە ئیمکانیاتێک بێ بەشن، بەڵکوو ڕۆژانە لەگەڵ تووندووتیژیدا بەرەوڕوون)، لە باتی ئەوەی بەم جۆرە بزووتنە سەخاوەتمەندانە یارمەتی بکەن تێدەکۆشن ئەم بزووتنەوانە لە نێو بەرن. بێگومان گەر مودیریەتێکی عقلانی هەر وەکوو هاوڕێ ئوروپییەکانیان هەبوایا پێگەیشتنێ بیروبۆچوونی هاووڵاتیانی وەها قەدرزانی و سپاسی لێ دەکرا، ئەو هاووڵاتیانەی کە لە ناوچەکەدا پڕە لە ڕق وکینەی سوننەتی و تۆڵەسەندنەوە کە تۆوی زانیاری و بزووتنەوەی مەدەنی و ئاشتیخوازانەیان چاندووە.

لە کوێی ئەم جیهانەدا دژکردەوەی ماڤ خوازانە و ئاشتی خواز لە بەرانبەر کوشتنی تاکە کەسێک بە دژواری و دەسگیری خەڵک ڕووبەڕوو دەبێتەوە؟ ئەمەش مافی سەرەتایی هەر هاووڵاتیەکە لە نێو کۆمەڵگادا داخوازی بکا قاتڵی یەکێک لە ئەندامانی بە خەڵکی بناسێنێ و دادگاییەکی عادلانەیان بکا و لە هیچ جێگایەکی ئەم کورەی ئەردەدا غەیری مەنتقی نایەتە ژماردن. بەڵام بەداخەوە دەبینین کە بزووتنەوەیەکی ئاشتیخوازانە و مافخوازی هاووڵاتیان بە گرتنی ژنان و پیاوانێ لە کۆمەڵگای مەدەنی (وەکوو خاتوو ڕۆئیا تلووعی) دەکێشرێ کە لە قەزا هەروەها لە سەر بزووتنەوەی ئاشتیخوازانە جەختیان کردووتەوە.

ساڵیانێکە شایەتی ئەوەم کە ژنانی فمنیستی کورد هەروەها بە دوو خاڵ تاوانبار دەکەن:"جیاخواز " و "جدایی تەڵەبی" نێوان ژنان و پیاوان ئازار دەکێشن. ئەوان (وەکوو ئێمە ژنانی فارس) نە تەنیا ئەوەی لەگەڵ ئەم تاوانانەدا کە چۆن فمنیستن، دژی خەڵکن بەرەو ڕوو بوون، بەڵکوو ئەم تاوانانە کە خوازیاری جیابوونەوەی کوردستان لە ئێران دەکەن لەگەڵ خۆیاندا دەگونجێنن "بۆ سەرکووتی ئەم بزووتنەوانە". باوەڕ ناکەم ژنانی فمنیستی ئێران جێگایەک چووبوون کە لەو جێگایە قسە لە دژی فمینیستەکان کە دژی خەڵکن نەکرابێ. لە ڕاستیدا فمینیستەکان لە ئێراندا دەبێ ڕوونی کەنەوە کە ئەوەی کە دوژمنی پیاوان بن هەڵەیە و فمنیست بوون پێوەندی لەگەڵ دژایەتی پیاواندا نییە. بەڵام ژنانی فمنیستی کورد سەرەڕای وەڵامدانەوەی ئەم پرسە دەبێ هەر جێگایەک کە دەرۆن ڕوونی کەنەوە کە مافخوازی ئەوان پێوەندی لەگەڵ جیا بوونەوە لە ئێراندا نییە.

باوەڕ بکەن تاوانێکی وەها کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبییەوە چەندە ناعادلانە و "انرژی سۆز"ە لە باتی ئەوەی کە بتوانی داوای مافی چارە نووسی خۆت بکەی دەبێ بەشێکی گەورەی وزەت تەرخان کەی بۆ وەڵام دانەوەی ئەو تاوانانەی کە ڕەگ و ڕیشەی بنەڕەتی نییە و بە ئەنقەست پەرەی پێ دەدەن بۆ ئەوەی مافی چارەنووسی خۆت کە حەقێکی ڕەوایە بەرگری لێ بکەن (ئەو تاوانانەی بخەنە پاڵی). لەم نێوەدا دەتوانی بە باشی تێبگەی کە تا چەندە وەزعیەتی ژنان لەگەڵ مەوقەعیەتی نەتەوە کەمینەکان لە یەک دەچن. لە یەک چوون لەو بارەوە کە هاوکات ژنان دەبێ لە هەر جێگایەک هەن سەرەتا خۆیان لەو تاوانەی کە بۆیان دەتاشن خۆیان ئامادە بکەن تاکوو دەرفەتی ئەوەیان هەبێ وەڵامدەر بن، کەمینەکان (لەوانە کوردەکان) هەروەها وەزعیەتێکی وەهایان هەیە کە دەبینین ئەوان چلۆن لە سەرەتای قسەکانیان دەبێ ئەم ڕستەیە دوو بارە کەنەوە کە پرسی ئەوان جیاخوازی نییە و چی و چی... هەڵبەتە ئەگەر ژن بی و کوردیش بی لە ڕاستیدا هەم تاوانە و هەم گوناحێکی گەورەیە.

واپێ دەچێ هەبوونی بزووتنەوەیەکی ئاشتیخوازانە کە لەم ساڵانەی دواییدا لە نێو ژنانی کورد دا پێک هاتووە ئەویش لە شەرایەتێکی وەها سەخت و دژوار کە ئێمە ژنانی فارس کەمتر لەگەڵێدا ڕووبەڕووین بۆ سەرجەم کۆمەڵگای ئێرانی جێگای ڕێز و سپاسە، بەرپرسانی وڵات سەرئەنجام ڕۆژێک دەبێ چاویان بکەنەوەو و بە هەبوونی هاوڵاتی وەها بە فیکری ئاوەها بەربەڵاو و شیاو لەو شەرایەتە سەخت و دژوارەدا (کە لە دایک بووی شێوازی ناعەقڵانی دژوار و چارە سازە) سپاسگوزاربن، نە ئەوەی کە لە بەندکردن و گرتنی ژنانی چالاک ئەم بزووتنەوە سیڤیلە، سەرچاوەی بیرو بۆچوونی وەها ئاشتیخوازانە کە بە سەختی و دژوار لەو ناوچەیەدا پێک هاتووە بنە بڕ و



سەرچاوە
Serchawe

وشک بکەنەوە. کردەوەی سنووردار و سەرکوتی بزووتنەوەی پێشکەوتوانە و ئاشتیخوازانە، جگە لە بەڵاو بوونەوەی توندووتیژی و لە نێو بردنی ڕێگەی ئاشتیخوازانە دەستکەوتێکی ئەوتۆی لێ نابێتەوە. ئەوەش قەبووڵ کەین کە ژنانی فمنیستی کورد (هەر وەکوو ڕۆئیا تلووعی و هاوکارەکانی) کە ئێستا لە ڕێکخراوەکانی ژنان، منداڵان، ژینگە و...لە کوردستان سەرگەرمی چالاکین، بەڕاستی جێگەی شانازییە نە تەنیا بۆ کۆمەڵگای ژنانی کورد بەڵکوو بۆ سەرتاسەری کۆمەڵگای ئێران و لێرەشدایە کە ئازادی هەرچی خێراتری گیراوەکان لەوانە ڕۆئیا تلووعی دەتوانێ لەو "هەڵانەی" کە ئەنجام دراون تاکوو حەدێک قەرەبوو بکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی "ایران امروز"

نووسینی: نوشین احمدی خراسانی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٩ی ئاگۆستی ٢٠٠٥

---



سەرچاوە
Serchawe

# من ژنم، مرۆڤم، کوردم، فێمینیستم و دەخوازم مافەکانی خۆمم هەبێ

## بەرکوڵێک:

لەهەفتەی ڕابردوودا، هەڤپەیڤینێکی خاتوو ڕۆئیا تلوعی بڵاوکرایەوە کە لەوکاتەدا کە بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆنفرانسی پانزدەهەمی دامەزراوەی لێکۆڵینەوەکانی ژنان، گەیشتبوە ئاڵمان، لەگەڵی سازدرابوو. هەروەک لە هەواڵی سایتە کوردییەکانیشدا بڵاوکرابووەوە ناوبراو لە لەم ماوەیەدا سەردانی باکوری کوردستان و تورکیەشی کردو وێڕای چاوپێکەوتن لەگەڵ ژنانی تێکۆشەری ئەوبەشەی کوردستان لەگەڵ خاتوو لەیلا زاناش دانیشتینان هەبووە. خاتوو ڕۆئیا تلوعی لە کۆنفرانسی ناو هێنراودا بابەتێکی بە پێزی لەسەر کێشەکانی ژنان لە کوردستان و ئێران و بەتایبەتیش لەسەر کێشەکانی ژنی کورد پێشکەشی کۆنفرانسەکە کردوەو پێشوازیەکی شایانی لێکراوە. شیاوی ئاماژە پێدانە کە بەشێک لە وتارەکەی خاتوو ڕۆئیا تەرخانکرابوو بۆ"جیاواز نەبوونی خەباتی فێمینیستی و خەباتی نەتەوەیی ژنانی کورد". هەر لە دەوروبەری کۆنفرانسەکە خاتوو عێفەت ماهباز* ئەو هەڤپەیڤینە بەرفراوانەی لەگەڵ خاتوو ڕۆئیا ئەنجامداوەو لە سایتی"اخبار روز**"دا بڵاوکراوەتەوە. ئەزیش هەروەک بەڵێنم پێدا بوون وەرمگێڕاوەتە سەر کوردی. پێویستە بگوترێ خاتوو ڕۆئیا یەکێک لەو دەنگە ناوازانەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەبیسرێ و خەباتکارێکی دڵسۆزو تێکۆشەرێکی دیاری بواری ئاشتی و مافەکانی مرۆڤە. ئەو شانازی بەکورد بوون و ژن بوونیەوە دەکات و بەدەنگێکی بەرز هاواری بێ مافی ژنانی کورد بە گوێی ئەوانی دیکەدا دەچرپێنێ. سەرنجتان بۆ خوێندنەدەی دەقی هەڤپەیڤینەکە ڕادەکێشم.

------------------------------------------

**هەڤپەیڤینێک لەگەڵ تێکۆشەری بواری ئاشتی و مافی مرۆڤ، نوسەری فێمێنستی کورد،**

**هەڤپەیڤینی عفەت ماهباز**

**وەرگێڕانی لە فارسیەوە: خالید عەزیزی**

**(شوێنی هەڤپەیڤین: دامەزراوەی لێکۆڵینەوەکانی ژنان - کۆنفرانسی پازدەهەم، بێرلین)**

**عێفەت ماهباز: هەڵسەنگاندنی ئێوە لەسەر بارودۆخی ژنانی ئێرانی و شوێنی فێمینیسم لە نێویاندا چیە؟**

**ڕۆنیا تلوعی**: لە ڕاستیدا ئەگەر بابەتی گشتی ژنانی ئێران سەبارەت بە فێمێنیسم لێک بدەینەوە دەبینین کە لە هەلومەرجی ئێستا دۆخەکە بۆ فێمێنیزم هێندە لەبار نیە. بۆ؟ چونکە لەوێ بەکردەوە مافی ژنان ژێرپێ دەنرێ، ئەمە ڕاستیەکە. هێشتاش مەزنایەتی باوک بە جۆرو شێوەکانیەوە هەروا ماوەو ژنانێک هەن کە بە هۆێ باوەڕی دواکەوتوانەو نەریتە کۆنەکانەوە چارەنوسی خۆیان پەسەند کردوە. دایکانی ئێمە لەوانەیە بێژن:" بەسە ئیتر ژن هەر ئەوەیە، ئیتر چیتان گەرەکە، خۆ تۆ لە ژنانی دیکە مافت زیاتر هەیە" وە یان لەوانەیە هەندێک ژن نەهزرن. هەندێک لە ژنانیش بە توندی بە نەریتەوە چەسپاون. ئەو ژنانەی کە کۆیلەتی بە بەشی ژنان دەزانن و پەسەندیانە کە ژێر چەپۆکەی مێرد و لایەنگری ژنی داپۆشراوی لەخوا ترس بن. ژنی دیکەش هەن کە باوەڕیان بەو شێوەیە نیە. بەگشتی کۆمەلانی خەڵک بە جۆرێک ژیانیان دەبەنە پێش. لەوانەیە لە بنەڕەتەوە بۆیان گرنگ نەبێ کە لە دەوروبەریان چی ڕوودەدا. ژنانی دیکەش هەن کە نوسەر یان هێزی سیاسی نین بەڵام سەبارەت بە ژیانیان بیردەکەنەوە و بوونیان لە گۆمەڵگادا گرنگە. ئەوانە چێکەری پەیوەندی خەباتکارانن لە گەڵ کۆمەڵداو توێژاڵێکن کە دەتوانن لە ناو توێژی دواکەوتووی کۆمەڵگادا ڕاتڵەکانێک چێ بکەن. توێژاڵێکی ژنانیشن کە بە بەشێک لە(نوخبە)کانی کۆمەڵ دەژمێردرێن. لە ژنانی فێمێنیستی ئیسلامیەوە بگرە تا ژنانی "لائیک". بەڵام ئەمانە ئازایەتی دەربڕینی فێمێنیست بونیان تێدا نیە. تاقمێکیش هەن کە لە پەسیوی بزاڤی ژنانەوە کار دەکەن، هەرچەند کە ئەم بزاڤە هێشتا ڕێبەرو ڕێکخەری خۆی پەیا نەکردووە نەبۆتە ڕێکخراو، بەڵام بزوتنێک بە ئاراستەی بزاڤی دیموکراتی ژنان لە واری جێبەجێ کردندایە. خاتوو شادی سەدر وتارێکی ڕەخنەی لەسەر کێشەکان نوسیبوو، لەم بابەتانە نمونە هەن و هەندێک ژنانی خاوەن دەسەڵات یان نزیک بە دەسەڵاتیش دەخرێنە ناو بەشەکانی بزوتنەوەی ژنان.

**عێفەت ماهباز**: تا ئەوجێیەی من ئاگام لێیە، خاتوو سەدر بەیەکێک لە ژنانی دەسەڵاتدار ناژمێردرێ.

**ڕۆنیا تلوعی**: مەبەستم ئەوە نەبوو کە خانم سەدر دەسەڵاتدارە. ئەز هەموو شتێک نەرێنی یا ئەرێنی نابینم. مرۆڤەکان لایەنی نەرێنی و ئەرێنیان هەیەو خاوەنی ئاکاری شیاو نەشیاون.

**عێفەت ماهباز**: تکایە سەبارەت بە ژنانی دەسەڵاتدار لە کۆمەڵی ئێران بدوێ؟

**ڕۆنیا تلوعی**: تەنانەت ئەوانیش دەگرێتەوە. بۆ وێنە من لەوانەیە بۆچونەکانی خاتوو شیرین عبادی کە هێشتاش هیوای بە چاکسازی هەیە، پەسەند نەکەم، بەلام کاتێک ناوبراو لە دەرەوەی وڵات سەری داناپۆشێ و ڕادەگەیەنێ کە تەنیا بۆ ڕێزگرتنی یاسای وڵات، لە ناوەوە ئەو یاسایە لەبەرچاو دەگرێ، ئەم ئاکارەی ئەو بە ئەرێنی و کاریگەر دادەنێ.

**عێفەت ماهباز**: خاتوو عبادی زۆر کاری ئەرێنیشی ئەنجامداوە.

**ڕۆنیا تلوعی**: گووتم من هیچ شتێک بە ڕەش یان سپی نابینم. هەر کەس کارگەلێکی باشی هەیەو کە هەموویانم لا پەسەندە و کارگەلێکیشی هەیە کە لە ڕوانگەی ئەزەوە نەرێنینو ئەز دژیانم. من خۆم بە فێمێنیست دەزانم. لە ئێران پرۆپاگەندەی زۆر لەسەر فێمێنیسم کراوە و زاراوەی فێمێنیسم لە قۆناخێکدا بەربەست بووەو گەلێک بە خراپی شێوێندرابوو. تەنانەت ئەگەر لە زۆربەی ژنانت بپرسیبایە فێمێنیسم چیە؟ دەیانگوت" یانی ئەو ژنانەی کە سێکس لەگەڵ ڕەگەزی هاوشێوە بڵاو دەکەنەوە" و سوور دەبوونەوەو شەرم دایدەگرتن.

**عێفەت ماهباز**: ئەگەر بمەوێ بە ڕێکی بڵێم حەوت ساڵ لەمەو پێش لێکۆڵینەوەیەک لە ئێران، لە سەر توێژی جۆراوجۆر لەم بەستێنەوە، بەڕێوە چوو. وڵامەکان، ئەوەیان دەردەبڕی کە ژنان تا ڕادەیەک شارەزاییان لەم بابەتە هەیە.

**ڕۆنیا تلوعی**: بۆچونی من ئەوەیە کە بۆ زۆرلە ژنانی ئێران بابەتێکی بەهەڵەدابراوە کە فێمینیسم کێشەیەکی بێ



سەرچاوە
Serchawe

ڕەوشتیانەیە. لە کاتێکدا ئەوە نەڕاستە. لەوانەیە هێندێک لە ژنانی فێمێنیست حەزی لێبکەن یانیش ئەو حەزە بە نەرێنی نەزانن.

**عێفەت ماهباز**: ئێوە بۆخۆتان چۆن فێمێنیست پێناسە دەکەن؟

**ڕۆنیا تلوعی**: من خۆم بە تێکەڵاوێک لە سۆسیال فێمێنیست و لیبراڵ فێمێنیست دەزانم.

**عێفەت ماهباز**: ئایا ئەم هزرەی تۆ لە چوارچێوەی ئیدئۆلۆژیەکی تایبەتیدا دەگونجێ؟ یان...

**ڕۆنیا تلوعی**: نمونە یان چوارچێوە بۆ من ئەو وڵاتانەن کە لە نێویاندا دێمۆکراسی و ئازادی و ئاسایش بۆ کۆمەڵ دابین کراوە، بۆ وێنە وڵاتی سوید بۆ من نمونەیەکی باشە. یا سەبارەت بە لیبراڵ فێمێنسم کە دەخوازن هێندێک پێوەری یاسایی لە بەرژەوەندی ژنان ئەنجام بدەن ئەمیشم پێ نمونەیەکی شیاوە. یاسا باشە. من لەو باوەڕەدام کە کۆنڤانسیۆنی مافەکانی ژنان دەبێ پەسەند بکرێ و لە دووتوێی پەرتوکەکاندا بزر نەبێ و بەکردەوە جێبەجێ بکرێ. من کۆنڤانسیۆنی مافەکانی مرۆڤم وەرگێرا. لە مادەی ١٦ بەدواوە باسەکە سەبارەت بە جێبەجێکردنیەتی، لەم ڕووەوە گرنگی جێبەجێکردنی یاسا پیشاندەدا. بەهەر حاڵ من لە چوارچێوەی ئیدئۆلۆژی تایبەتیدا ناگونجێم. هەربۆیە تێدەکۆشم کە لە هەر کارێکدا، لایەنە ئەرێنیەکەی بگرم و چاکەکانی بچنم.

**عێفەت ماهباز**: تۆ لە سەرەتای دستپێکردنی پەیڤینەکەت لە" دامەزراوەی لێکۆڵینەوەکانی ژنان - کۆنفرانسی پانزدەیەم" گوتت:"ئەز هەر ئەو ژنەم کە هوما ناتق لە پیڤینەکەیدا باسی لێکرد" دەتوانن مەبەستەکەتان ڕوونتر بێژن؟

**ڕۆنیا تلوعی**: خاتوو ناتق لە سەر ژنان دەپەیڤی و گووتی" پێتان وانەبێ هەموو ژنان لە نێو ئێدئۆلۆجیەکی تایبەتیدا دەگونجێن. ژن گەلێک هەن کە نێنۆک درێژ دەکەن، بۆیاخی لێدەدەن و کارگەلێکی چاکیش ئەنجام دەدەن و کاریگەریشە". دۆستان پێیان گوتم کە ڕەنگە لە کۆنفرانسەکەدا توشم بەتوشی دژکردەوەی توندی ئیدئۆلۆجیکەوە بێ و یانیش هێندێک کەس، سالانێکە ناسیۆنالیسم بە وشەیەکی بەربەست دەزانن و بەو مەبەستە، "ئاتیکت"

گەلێکی ئامادەیان هەیە بۆ ئەوەی بیچەسپێنن. ئەز نە فێمێنیستێکی ئیسلامیم و نە فێمێنیستێکی مارکسیست، بەڵام ژنێکم کە خاتوو هوما ناتق پێناسەی کرد. هەوڵدەدەم لە ژینگەی دەوروبەرم کاریگەریم هەبێ. ئەز ڕادیکاڵ یان ڕەش و سپی لە کێشەکان ناڕوانم.

**عێفەت ماهباز**: بەڵام ئەو پەیڤانەی کە لە ئاخافتنەکەتدا دەرتبڕین وەکوو گوێگرێک، وا تێگەیشتم کە ڕەنگ و بۆنێکی دیکەشی هەیە!. ئایا ئەمە دەکرێ ئەمە بە هۆی کوردبونتانەوە بێ؟ بەهۆی ئەو جیاوازی دانانەی کە ساڵانێکی دورو درێژە بەسەر کەمایەتیە نەتەوەی(لە دەقەکەدا" قەوم" نوسرواە) یەکانی دانیشتوی ئێراندا تێدەپەڕێ و لەبەر بارودۆخی چەوسانەوەیەک کە خەڵکی کورد کێشاویەتی و لەوانەیە ئەم پەیڤینەی ئێوە، ئەو بەشەی کە تایبەتە بە ڕێکخراوەکان پەیوەندی بە ئیدئۆلۆژی ئەوانەوە هەیە کە ئێوە ناچار وەک لێکۆڵەرێک، ئەم کێشانەتان لە پەیڤینەکەتاندا گونجاند. لەوانەیە من ئەمڕۆ لە لە ژیاندا بەو ئاکامە گەیشتبم کە بەدوای ئیدئۆلۆژیک کەوتن هەڵە بەڵام وابیرناکەمەوە کە بۆ ئیدیکەش هەڵە بێت. تێڕوانینی تۆ چۆنە؟

**ڕۆنیا تلوعی**: ئەرێ ئێوە لە پەیڤینەکەی مندا هەستتان کرد کە ئەز سەبارەت بە پۆلێکی دیاریکراو دواوم کە ڕووبەڕوو بونەوەیەکی ئیدئۆلۆژجیم هەبێ؟ ناوگەلێکی تایبەتیم هێنا؟

**عێفەت ماهباز**: لەسەریەک پەیڤەکانی تۆ وای دەر ئەبڕی و هەر لەو کاتەشدا ئەتوانرا بەو شێوە لێک بدرێتەوە، کە کوردستان لە چوارچێوەی ئێراندا نەگونجێ! و ئەمەش بە بۆچونی من لەگەڵ بۆچونەکانی کەسانی وەک قاسملو، ڕێبەرانی کوردی ئێران کەسێکی جاکسازیخواز، کە دەیویست کوردەکان لە چوارچێوەی ئێراندا بژین و خوازیاری کۆماری فێدراتیڤ بوو بۆ ئێران. ئەو هەوڵێکی زۆری بۆ بردنە پێشی ئەو بوچونەی بە ئاراستەی کۆتایی هێنان بە چەوسانەوەی نەتەوەیی، بۆ خەڵکی کورد دا و گیانیشی لە پێناویدا دانا. پەیڤەکانی تۆ بەگشتی پرسیاری دەگوراند و ئەوەی کە ئێوە بە دوای چیەوەن؟

**ڕۆنیا تلوعی**: پەیڤینەکە سەبارەت بە ژن و مودێرنیتە بوو، لە ڕاستیدا من باسی دوو سێ نمونەم لە بارەی ئێرانەوە کرد، و پاشان چوومە ناو باسکردنی ڕۆڵی ژنان لە ئێران، پێناسەی ئەوەم کرد کە ڕۆڵی ژنانی ئێران لە چیدا بوەو ئەز باوەڕم بە ڕۆڵی ژنان هەیە. مۆدێرنیتە لە ئێراندا هەردێ و جێی خۆی دەگرێ. لەم دواییانەدا لە "بنیاد"ەوە تەلەفوونیان بۆکردم و گوتیان کە تۆ تەنێ ٤٠ خولەکت کات هەیە و حەزدەکەین سەبارەت بە ڕۆڵی



سەرچاوە
Serchawe

ژنانی کوردستانیش بدوێی. منیش گوتم" کوێر چیت دەوێ دوچاوی ساخ" گەر لەم پەیوەندییەدا لێکۆڵینەوەیەکم هەبێت زۆریش شاد دەبم کە کێشەکانی ژنانی کوردستان لە ڕوانگەی خۆمەوە، بناسێنم. بە پێویستم زانی کە لە سەرەتاوە کوردستان بناسێنم و پاشان ژنانی کوردستان. بۆ ئەم کارەم کرد، لە پێشەکیەکەشدا گوتم، چونکە دەسەڵاتدارەکانی ئێران کوردەکانیان بە یاخی و جیاوازیخواز ناساندوە و ڕوانینێکی پان ئێرانیستیش هەردەم خۆی سەپاندوە کە کوردەکان ئێرانین و کێشەیەکیشیان نیە کە بیهێننە گۆڕێ و ئەگەریش چتێک بهێننە گورێ تاوانی جیاوازیخوازیان دەدەنە پاڵ. هیچ کاتێک تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە لەسەر کوردان نەبووە. ئێمە لەگەڵ خەڵک کێشەمان نیە، خەڵک ڕێزمان لێدەگرێ و ئێمەش ڕێزیان بۆ دادەنێین. گەرەک بوو ئاماژە بە مێژووی کوردستان بکەم کە لەوانەیە بۆ هێندێکان ئەو پرسیارە هاتبێتە پێش کە بۆ کوردستانی ئێران، کوردستانی تورکیا، کوردستانی سوریە و کوردستانی ئیراک؟ بۆچی حەشیمەتێکی ٣٠ - ٤٠ ملیۆنی بەسەر چوار وڵاتدا دابەش دەکرێ؟ بۆ کوردستان دەبێتە کەمایەتی و سەریان دەکوترێتەوە..

**عێفەت ماهباز**: بە بۆچوونی من خەڵک بۆ خۆیان یانی ئێرانیەکان پێکەوە کێشەیەکیان نەبوو.

**ڕۆنیا تلوعی**: من لە کوێی وتارەکەمدا ئاماژەم بە جیابوونەوە کردوە؟ ئەز بەکورتی ئاماژەم بە مێژووی کوردستان کرد و ئاماژەم بە ژنانی کوردستان کرد کە لە ڕوانگەی بزوتنەوەی کوردەوە هەمیشە هاودەنگ بوەو یان دواکەوتووە، ژنان لەم بزوتنەوەدا بەشدار بوون. ژنانی ئێمە بزاڤێکی تایبەتی و سەربەخۆیان نەبووە بەڵام ناتوانم چاو لەو ڕاستیە وەرگێڕم کە هەندێک لە پارت و ڕێکخراوەکان بە کردەوە لە بزاڤی ژناندا دەورێکی ئەرێنیان بینیوە، لەوەی کە ژنان لە ماڵ بێنە دەر. تەنانەت ئەگەر لە هەلومەرجێکی میلیتاریستیشدا بوو بێ. تەنانەت شاش بۆ خۆی لەم بەستێنەدا کار گەلێکی بەجێی ئەنجامداوە. هەربۆیەش ئەز نەکارم ڕۆڵ و دەوری ئەرێنی کۆمەڵە لەبەر چاو نەگرم.

**عێفەت ماهباز**: لێرە بۆ ئێمە پەکەکە هێمایەکی توندوتیژیەو ئیدئۆلۆژی ئەوان بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتی توندوتیژە. لە نێو ئوروپاییەکاندا ئەوان دیمەنێکی باشیان نیە. ئێوە تەنانەت لەوان واتە ڕێکخراوی کوردی تورکیە (پەکەکە)ش بە پێدا هەڵدانی زۆرەوە دەدوان.

**ڕۆنیا تلوعی**: بۆ ئێوە لەوانەیە ترسناک و تۆسن بن بەڵام بۆ من نا. چونکە بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد کاریگەری

ڕاستەوخۆی لەسەر ژنانی کورد هەبووە و هەر لەبەر ئەمەش بزاڤی ژنان نەیتوانیوە سەربەخۆ لە بزوتنەوەی نەتەوەیی دەرکەوێ. خوازراو یان نەخوازراو ناتوانم کاتیگەریەتی ئەو ئامانجگەلەی کە جوڵانەوە لەسەر ژنان کورد هەیبوە لەبەرچاو ناگرم و هێنانە گۆڕو ئامانجیشیان بە ئەرێنی دەزانم. لەوەش بترازێ ئەوان تەنگوچەڵەمەی تایبەتی خۆشیان هەبوە. بەهەر حاڵ ژن بوون جورێک چەوسانەوە و کوردبونیش جۆرێکی دیکە لە چەوسانەوەیە. چەوسانەوەیی نەتەوەیی دەتواندرێ ئاوا بهێندرێتە بەرچاو، کە ئەگەر سبەینێ ئەمریکا یان هەر وڵاتێک بێتە ئێران، و ئێران بە خاکی خۆی بقەبڵێنی و زمانی خۆی بکاتە زمانی فەرمی و زمانی فارسیش لە لە گوتوبێژدا بهێڵرێتەوە. وانە گوتنەوە بە زمانی فارسی ڕێی لێبگیرێ، مافی خوێندن و نوسینت نەبێ و هەر لەو کاتەدا ئیمکاناتی ئابووری لە ئێوە بستێنن. ئەمریکا سەردەست بێت و ئێوە لە کەمایەتیەکیدا بخرێنە ژێر چەوسانەوە، ئایا پێتان خۆش دەبێ؟

**عێفەت ماهباز**: دیارە کەس پێی خۆش نابێ؟ و ئەم پێناخۆش بونەش بۆ هەموو گەلانی ئێرانیش هەیە. سروشتیە من لایەنگری ئەوەم کە هەموو کەسێک بتوانێ بە زمان و کەلتوری خۆی لە دۆخێکی ئاشتیانەو دیموکراسیدا بژیت و هەر کەس بتوانێ لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیدا خاوەن بێت.

**ڕۆنیا تلوحی**: باشە ئەم کێشەیە بۆ کوردەکان و لە لایەکی دیکەشەوە بۆ گەلان هاتۆتە پێش. هەر ئەو فارسە دڵسۆزانە حکومەتەکانیان ئەو بەڵایەیان بەسەر هێناوین. لێرەدایە کە من دەبێژم ئەو پێشێلکاری و بێ مافیەیان بەرامبەر مافەکانی ئێمە ئەنجامداوە. تا نوکە هیچ گشتپرسی(ڕێفراندۆم)ێک سەبارەت بە داخوازەکانی خەڵکی کوردستان نەکراوە، من نازانم کە خەڵک پاش ئەو هەموو ڕۆژ ڕەشی و بێ مافیەی پێیان ڕەوا دێتراوە و بەسەریان هێناون چ وڵامێک دەدەنەوە.

**عێفەت ماهباز**: من دەڵێم لێگەڕێ با ڕفڕاندۆم هەبێ، ئەگەریش خەڵک بە پێی خۆیان چوون و سەرەنجام جیابوونەوەیان ویست، خوازیار بن وڵاتی سەربەخۆیان هەبێ: ناکرێ بێژین بەڵێ، بەڵام هەندێک لە وڵاتانی وەکوو یەکیەتی سوڤیەتی ڕابردوو لە جیابوونەوەدا توشی گرێوگۆلی زۆر هاتن، بە زیانیان تەواو بوو. ئەگەر ئێمەش مافی ئێوەمان خواردوە بەڵام لێگەڕێن زەوی وشک نەبێتە بەشتان. گەر ئێستا بتانەوەێ ئاوەدانی بکەنەوە لێگەڕێن ئێمە بە بەشی خۆمان لە نەوت و هەموو سامانی نەتەوەیی ئێران بۆ قەرەبووکردنەوەی تێبکۆشین.

**سەربەخۆیی وەلایەتی لەوانەیە ئەم کێشەیە چارەسەر بکات؟**

**ڕۆنیا تلوعی**: من ناڵێم کە فارسەکان مافی ئێمەیان خواردوە. ئەز فارسگەلم خۆش گەرەکە، من ئێژم دەسەڵاتەکان مافی ئێمەیان خواردوە، مافی هەمووانیان خواردوە. مافی تورکەکان، هی عارەبان و گەلانی دیکەش و تەنانەت گەلی فارسیشیان خواردوە. بۆ؟ چونکە خۆیان بە نوێنەری ئەم نەتەوەی فارسە ناساندوە و مافەکانی ئەوانیان بەرچاو نەگرتوەو پێخوستیان کردوە. من لەگەڵ فارسێک ژیانی هاوبەشم پێکەوەناوە و ژیانێکی باشم هەیە. لەوپەڕێ دێموکراسیدا دەژیم. کاتێک بە بنەماڵەی خەزورمی گوتبوو کە بوک کوردە، گوتبویان کەنیشکی ئەولایە نەهێنی ها!. بەڵام ئەوان لەماوەی دو هەیڤدا دیانیان پێدانا کە من باشترین بوکیانم.

**عێفەت ماهباز**: چاکترە لە کێشەی گەلان وەدەرکەوین، من هەموو خەڵکی ئێرانم خۆش دەوێ و ئاواتمە کە ئەوان هەر چۆنێک بیانهەوێ بتوانن ئازادانە لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیاندا بەشدار بن، و بچین لەسەر کێشەی ژنان، کە لە پەیڤێنەکەتدا ناوت هێنا: تۆ بەجۆرێک باسی کوردەکانی کوردستانی ئێرانت کرد کە گوایە پیاوسالاری لە کوردستان بەو هۆیەی کە ئەوان ژێر چەپۆکە بوون، لەنێو چوەو پیاوانی کورد بە باوەڕی تەواویان بە وەک هەڤی مافی ژن و مێران هەیەو ژنان لەم هەرێمانە ئازادن یان بە جۆرێک ئازادترن! لە کاتێکدا خۆتان باشتر لەمن دەزانن و ئەژمارەکان دەڵێن لە کوردستان خۆسوتاندن و خۆکوشتننی کچان لە نێوان شارەکانی وڵات لە پلەی سێهەمدایە، بۆچی مەگەر یەکێک لە هۆیەکانی هەر ئەو پیاوە سالارانە لە ماڵەوە نین کە گیانی ژنان دەگەیەننە سەر لوتیان؟! ئەم ناکۆکیانە چۆن شی دەکەیەوە؟لە ناو خۆی ئیراکیشدا کە دەرەبەگایەتی دەسەڵاتدار بوە، من باوەڕ ناکەم پیاوانی کوردی ئیراک لە ئێرانیەکان لە پێشتر بن. بۆ وێنە لە پەیوەندی لەگەڵ کوردەکانی ئێرانی، من لەگەڵ کوردەکانی کرمانشان توزێک ناسیاویم هەیە. ئەز ماوەیەک لە نێو بنەماڵەیەکی کورد کە بەوتەی ئێوە ئەو لاییی بوون، دەژیام، کاتێک لە ماڵی ئەو کوردانە میوان بووم سۆزو خۆشەویستی فرەم لەوان بینی کە لەبیرم ناچنەوە. بەڵام شتێکی دیکەشم بینی، ئەویش مەزنایەتی پیاوان لەماڵدایە. ئەوان چوار خوشک و یەک برا بوون و دەکرێ بێژم هەموویان خوێندەواریش بوون، بەڵام باوک و برا خوای بنەماڵە بوون!. ئەمە نمونەیەکە و گەلێکی دیکەشم دیتوە. یان خۆ سوتاندنەکان و ئەژمارێک کە بۆخۆت ئاماژەت پێیان کرد: دەتوانێ لە باوکسالاری سەرچاوە بگرێ. ڕوانینی وتارەکەت لە پەیوەندی لەگەڵ ژنانی کوردو پیاوانی کوردستان بەشێوەیەکە کە پێیدەچێ یەکسانی ژن و پیاو گەلێک ساڵە لەوێ بوونی هەبێ و وادیارە کە لەبنەڕتدا کوردستان هەر بۆنی پیاوسالاریشی بەسەردا

نەچوە.

**ڕۆنیا تلوعی**: من لەسەردەمی شادا هەستێکی نەتەوەیی(ناسیونالیستی) خۆ بەزلزانانەی نەتەوەی فارسم بینی، کە هەردەم کەمایەتیەکانی دیکەی نەتەوەیی یان بەکەم دەگرت و هەمیشە خاڵە لاوازەکانی ئەوانیان گەورە دەکردەوە و لایەنە ئەرێنیەکانیان نەدەبینی و هەمیشە ڕەشبیان دەبینی و بە میلیتاریزەکردنی ناوچە دیسان ئەم شێوە ڕوانینەیان بەهێزکرد و بە جۆرێکی دیکە، لە ڕوانگەی دینەوە.. من لە دەریشەوە حەزێکی سەیر دەبینم کاتێک دەگەنە باسی نەتەوەکان لاوازی و کەموکورتیەکان و ڕەشابییەکان بە ڕادەیەک گەورە دەبینن تا چەندین کاتژمێر لەو پەیوەندییەدا دەپەیڤن و قەت نایەن لەسەر شتەباشەکان و خاڵە ئەرێنیەکان باس بکەن و تەنانەت ئەو فیلمانەی کە دەرهێنەرەکانی خۆمان بەرهەمیان دەهێنن، وڵاتیەکانی ئێمە، یان بە بێری و شیردۆش یانیش شوان و شتی دیکە دەناسێنن.

**عێفەت ماهباز**: ئەم کێشانە لە ئاڵمانیش بوونیان هەیە و تورکەکان پێی ناڕازین و دەڵێن ئێمە تەنێ کرێکاری بینا سازی و گسک لێدەر نین! و..

**ڕۆنیا تلوعی**: من ڕێزم بۆ ئەو توێژانە هەیە، بەڵام لە کوردستان مامۆستاو نوسەرو دوکتۆریش هەیە.

**عێفەت ماهباز**: بۆ وێنە بۆخۆشتان دوکتۆرو لێکۆڵەرن؟

**ڕۆنیا تلوعی**: بەڵی من دوکتوری زانستی تاقیکاریم، تاقیگەی تایبەتیم هەیە و کار دەکەم. من مرۆڤێکی گەش بینم. ئەم پێوەندییە بوونی هەیە، باوک سالاری هەیە. ئەگەر ڕوانگەی کۆمەڵەییانە هێشتا چارەسەر نەکراوە لە پەنایدا ئێن جی ئۆ هەیە کە پشتیوانی لە ژنان دەکات. پیاوەکان لە ترسی ئێن جی ئۆ کان، کەمتر لە ژنەکانیان ئەدەن. من نامەوێ خاڵە بێهێزو ڕەشەکان مەزنتر بکەم و بە بیانیەکان بێژم کە من چەندە چارەڕەشم و شاستانیەتم نیەو ببمە سوژەی فیلمەکانیان. بەڵکو ئێژم ژنێکی کوردم، شارستانیەتشم هەیە، کارگەلێکی چاکیش ئەنجام دراوە. خاتوو مهاباد قەرەداخی بەباشی داخوازیەکانی ژنانی پۆل پۆل کرد و سێ ساڵیشە لە ڕوایژ لە گەڵ ژنانی کورد لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان، بەهرەمەندە. ئایا ئەوە گەشەو پێشکەوتن نیە؟ ژنی کورد ئەوەندە وشیاری هەیە کە دەزانێ چیدەوێ، گەلێک لە روناکبیرانی ئێمە دەپرسن کە ئێوە ژنانی کورد چیتان دەوێ، منیش

لەوەلامدا پێیـان ئێـژم چیمـان گەرەکـە. بـۆ وێنـە لـە تـاران ئین جی ئـۆ گـەلیان هەیـە کـە تـازە خـەریکن بـە داخوازییەکانیاندا دەچنەوە. هەر ئەو تێڕوانینە بـاوە سەبارەت بە کوردان کە ڕوانینـی بـاو بۆخـۆی چارەڕەشـیـیە. دەبێ ڕێ لەوەی بگیرێ. دەبێ ژنانی فارس بڵێین باشە ئێستا ئەوان هەنگاوی ئەرێنیان ڕەنگە چەنـد ڕۆژ زوتـر لـە ئێمە هەڵهێنابێ، بۆ ئێمە ئەوانە نەبینین. بەڵێ ژن گەلێکیش هـەن کـە خۆدەسـوتێنن بـەڵام ئێمـەی دوکتورەکـانیش هەین لە ناویاندا.

**عێفەت ماهباز**: تکایە کەمێک لە سەر بارودۆخی ژنانی کوردستانی ئێران بدوێ؟

**ڕۆنیا تلوعی**: بارودۆخی ژنان لە کوردستانی ئێران گـەلێک دژوارتـر لـە کوردستانی ئیراکە. ئـەو کراوەییـەی لـەوێ هەیە ڕێگەی بۆ تێکۆشان کردۆتەوە. ئێمە ئەو ئازادیەی ئەوانمان نیە.

**عێفەت ماهباز**: ئایا باوک سالای لە ناو بنەماڵە کوردەکاندا باوە؟

**ڕۆنیا تلوعی**: سروشتیە کە باوکسالاری هێشتا ماوەو ئێمە ئێستا لـە دژی ئـەو نەریتـە خـەبات دەکـەین. ژن و پیـاوی کورد لە دژی ئەوانە تێدەکۆشن.. بوونی باوک سالاری نابێتە هۆ بۆ ئەوەی ئێمە لەبەرامبـەر ئـەو دۆخـەدا بەچۆکدا بێین. فەرهەنگی باوک سالاری بوونی هەیە، باوکی منیش هەیە کە هیچکـات لـە نێوان کچ و کوڕەکانیـدا جیـاوازی دانەدەنا. باوکم مافی خوێندوە و کەسێکی ڕووناکبیرو وشیارە و من ژیانی خۆم، باوەڕ بـەخۆ بـوونم لـەبوونی بـاوکو دایکێکی وا دەزانم. بەڵام لە دەرەوەی بنەماڵـەی من پیـاو سـالاری لـەو پەڕیدایە.من پـاش تـەواوکردنی خوێنـدنی دوکتورا لە زانکۆی مەشهەد گەڕامەوە بـۆ شارەکەی خـۆم لـە کوردستان. ڕادەی ئـەو پیاوانـەی کـە بـۆ ڕاوێـژ ڕۆژانـە سەردانیان دەکردم لە ژنان زیاتر بوون. من تـەنیا دوکتۆری تـاقیکـاری ئـەوان نـەبووم بـەڵکوو دوکتـوری ڕاوێژکـاری بنەماڵەییشیان بووم. جاروبار لە شوێنی کارەکەم سەرەرای لەبەردا بـوونی (مـانتۆو) و بەسـەرەوە بـوونی سەرپۆشـی ئیسلامی بانگیان دەکردم "ئاغای دوکتۆر". لەناویشیاندا هەندێک لە پیاوەکـان دەیـانگوت لـە دانیشتن لەگـەڵ منـدا کێشەی ڕەگەزی لـە بیـر بردۆتـەوە و وەک ڕەگـەزی هاوشێوە دەپـەیڤن. من نامـەوێ تـەنێ ڕەش ببینم، لـە پـەنایا سپیەکانیش دەبینم.

**عێفەت ماهباز**: چەند لەسەدی ژنان وەک تۆ بیر دەکەنەوە، ژنگەلێک کە بە کاروباری تایبەتی ژنانەوە خەریکن؟

**ڕۆنیا تلوعی**: ژمارەی ژنانی فرە دیارو تێکۆشەر لەوانەیە نەگاتە پەنجەکانی دەستیش. پەیوەندی من زیاتر لەگەڵ کوردانی دەرەوەی وڵاتە. چونکە بۆ ئێمە ژنانی کورد لە بناخەدا کوردستان دابەش نەکراوەو هەموومان کوردین. وەکوو ماڵێک چەند دیوی هەبێت. بۆ وێنە کاتێک بچم بۆ سنە ئێژم لە دیو(هۆدە)ی کوردستان بووم. ئەم کەلتوری دیوی ئێمە، لەوێوە پەرەی سەندوە. من لەگەڵ ئەوان بۆ وێنە خاتوو مەهاباد قەرەداخی پەیوەندی زیاترم هەیە. تەواوی نوسراوەکانی من لە باشوری کوردستان دەخوێندرێتەوە و منیش نوسینەکانی ئەوان دەخوێنمەوە.

**عێفەت ماهباز**: گەلۆ ئەم نوسینانە بە زمانی کوردین؟

**ڕۆنیا تلوعی**: بەڵی بە زمانی کوردی دەنوسم. لەو بڕوایەدام ژنانێک کە مووەکانی سەریان مێش دەکەن بۆ ئەوەی تێبکۆشن لەگەڵ ئەوانەی کە لە دژی مێشکردنی مووی سەرن بەربەرەکانێ بکەن. بەکوردی دەنوسم، بۆ ئەوەی لەگەڵ فەرهەنگی ئەو پیاوانەی کە ناهێڵن ئەدەبیاتی زمانی من بوونی هەبێت، بەر بەرەکانێ بکەم.لەبەر ئەوەی زمانی فارسی تەنیا زمانی فەرمی وڵاتە ئەز گەلێک کوێرەوەریم چەشت تا زمانی کوردی فێربووم. بە ناوی نامەگۆڕینەوەو سێ ساڵی تەواو کارم کرد تا کوردی فێربووم . لەبناخەوە ڕێنوسی کوردی فێری من نەکراو بوو. لە نوسین و خوێندنەوەی زمانی دایک کێشەم هەبوو و نوکەش کێشەم هەیە.

**عێفەت ماهباز**: ڕادەی وشیاری ژنانی کورد تا چەندە؟

**ڕۆنیا تلوعی**: بەداخەوە لاوازە. ژنانی کوردستانی خۆمان...

**عێفەت ماهباز**: لەو بنەماڵانەی کە باوک سالارە، لەگەڵ کچان جۆرە هەڵسوکەوتێک دەکەن کە باوکی بنەماڵە کۆڵەکەیەو درێژە دەر ....

**ڕۆنیا تلوعی**: بەڵام ئێستا تارادەیەک ئاڵوگۆڕیش لە شارە جۆراوجۆرەکاندا پێکهاتوە، لە هەر بازێڕێکی کوردستان



سەرچاوە Serchawe

ئێن جی ئۆ گەلی ژنان هەیە. ڕاستە وەک سلێمانی و شارە گەورەکانی دیکە نیە، بەڵام تێکۆشانیان لە بەرژەوەندی ژناندایە. بەهەرحاڵ هەوڵ و تێکۆشان و خەباتێک دەمەشێ کە لە داهاتودا باشتر دەبێ، ئێمە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەرەو پێش دەچین. هێشتا خاوەنی ڕاگەیاندنی خۆمان نین، بەڵام داوامان کردوە و هیشتا وڵام نەهاتۆتەوە. من توانیومە لەگەڵ هەفتەنامەیەک کار بکەم و دو لاپەڕەی تایبەتم هەبێ.

**عێفەت ماهباز**: ئایا لەگەڵ ژنانێک کە بە فارسی دەدوێن پەیوەندیت هەیە؟

**ڕۆنیا تلوعی**: هێشتا نا، بەر بڵاو نیە. بەڵام لەم گەشتەدا کەسانێکم ناسی کە بتوانم لەگەڵیان پەیوەندیم هەبێ و پەیوەندییەکان نزیکتر ببن. ئەم کۆنفرانسە هەوڵ و دەرفەتێکی لەبار بوو کە پەیوەندی زیاترمان هەبێ، چونکە تا پێکەوە پەیوەنیمان نەبێ نە ئێوە من دەناسن و نەمنیش ئێوە. تا ئەم باسانە نەیەنە گۆڕێ ئەو تێگەیشتن و لیکگەیشتنە بەرامبەرە بەرهەم نایەت.

**عێفەت ماهباز**: چەند باشە کە تەنیا بەزمانی کوردی نەنوسی. نوسین لە سایت و ڕۆژنامەکانی ئێرانی، ئاگاداربوون لە بۆچوون و بارودۆخی ژنانی کورد دەبێتە هۆی نزیکایەتی زیاتری ئێمە. لەوانەیە بشی ڕێگە چارەیەک بۆ کوردستانی ئێران لە چوارچێوەی ئێراندا بدۆزرێتەوە.

**ڕۆنیا تلوعی**: خەریکە نوسین بە فارسیش دەست پێدەکەم. وەکوو مرۆڤێک کە ئەم مرۆڤە ژنە و لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و لە کوردستان لە دایک بوە، بخوازرێ یان نەخوازرێ مرۆڤە. بۆخۆم لە دڵەوە زۆر حەز دەکەم کە خاوەنی یەک وڵاتێک بم کە لەو وڵاتەدا تەواوی مافەکانم دەستەبەر بێت، بەڵام ئەوەندە لۆجیکیشم هەیە کە ببینم لە جیهانی ئەمرۆدا سنورەکان خەریکە بەکردەوە دەسڕدرێنەوە و پێویست نیە بە چواردەوری خۆما سنور بکێشم. ئێمە خوازیاری مافەکانی مرۆڤین بۆ هەموو مرۆڤێک و دەبێ ڕێزیشی لێبگیرێ و هەموشمان لێی بەهرەمەند بین. هێچ کەسێک کەسێکی دیکە نەچەوسێنێتەوە، چەوسانەوەی کوردەکان چ جیاوازی لەگەڵ چەوسانەوەی ژن هەیە؟ چ جیاوازیەک هەیە لە نێوان چەوسانەوەی ڕەشەکان کە بەدەستی سپی پێستەکان دەیچێژن؟ من ئەو کێشانە باس دەکەم کە فێمینیستێکی کورد هەیەتی. ئەمە چتێکە کە ڕەش پێستەکانیش لێ بێزارن و ئێژن کێشەیەک کە فێمینیستە ڕەشەکان هەیانە وەکو کێشەی فێمینیستە سپیەکان نیە. لەگەڵ ژن بووناو وەک یەک دانانی کێشە هاوبەشەکان،

لە هەندێک شوێنیشدا کێشەکانمان لێک دادەبڕێن. لە کوردستانی کوردان، هەڵدانی ئابوری - سیاسی نەبووە و نیە. ڕێگە نادەن فاکتۆریەک لە کوردستان دابمەزرێ. دایکی کورد دەبێ لێگەڕێ منداڵەکەی بۆ ئەوەی چوار لەتکە "بلور" بهێنێ بچێتە ئەوبەری سنوروە. ئەو منداڵەش لە ڕێگادا یان دەکەوێتە سەر "مین" و یانیش فیشەکێکی بەردەکەوێ. بەڵام دایکێکی یەزدی کە منداڵەکەی لە فاکتۆریەک بەکارەوە دەنوسێ و کێشەی بێکاری نیە، ئایا ئەویش کێشەیەکی وای هەیە؟عێفەت ماهباز: نا دیارە کە نیەتی، بەڵام هەمیشە من وا بیر دەکەمەوە کە ئەگەر کوردستان ڕۆژێک لە ئێران جیا بێتەوە خەڵکی کورد دەیانەوەێ چی لەو زەوییە وشک و برینگانە بکەن؟ڕۆئیا تلوعی: ئێمە ناگەینە ئەوڕۆژە، بەڵام ئەگەر ڕۆژێک ناچار بین کە بەو ڕۆژە بگەین من خۆم پێم باشتر کە لە زەوییەکی وشک و برینگ و بەتاڵدا بژیم بەڵام بەسوک و کەم دانەنرێم. لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیام کە هەر ئەو زەویە وشک و برینگانە کە دەسەڵاتداران بە بەتاڵی هێشتویاننەوە هەر لەو زەویە بەبەرهەمانە سامانێکی شاراوە خۆی حەشاردراوەو بە پێچەوانە ناوچەیەکی فرە ئاوس و دەست لێنەدراوەو دەتوانێ ببێتە شوێنێکی توریستی و بەڕێوەبەری و شارەزایەکی دەوێ کە دڵسۆزی ئەو ئاوو خاکە بێت. من پێشتریش گوتم من ژنم، مرۆڤم، کوردم، فێمینیستم و دەخوازم مافەکانی خۆمم هەبێ. ئایا من ناتوانم خاوەنی مافی خۆم بم؟عێفەت ماهباز: لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتیکی فێدراڵی، هەر وەک ولایەتەکانی ئەڵمانیا، بڕیارەکان زۆر دێموکراتیک دەدرێن. بۆ وێنە لە یەک ئەیالەت لە باژێڕی کۆڵن، سەبارەت بە"حیجاب" بڕیاریاندا لە خوێندنگەکانی سەرەتایی بەربەست بکرێ. بەڵام ولایەت ئەوەی بە خوێندنگەکان سپارد کە بڕیار بدەن "حیجاب" هەبێ یان نەبێ.ڕۆئیا تلوعی: من دەخوازم دەوڵەتێکی فێدراڵی هەبێ. فێدراڵی کورد بێت. من دەخوازم بەرپرسی کاروبارمان بۆ خۆمان هەڵی بژێرین. نەک ئاغایەک لە گوندێکی ئیسفەهانەوە یا لە پارێزگاکانی دیکەوە بێت و کاروباری ئێمە بەدەستەوە بگرێ. ئێمە نامانەوێ هاووڵاتی لێهاتوو و شیاوی ئێمە لەبەر ئەوەی سونی‌یە یان کوردە نەبێتە سەرۆکی شارەوانی لە جیاتی ئەو کەسێک کە دەوڵەت کەس نازانێ لە کوێوە هێناویەتی، بێت و بە ساک و ماشینی سەیرو سەمەرەوە بارەکانی خۆی لەگەڵ شتومەکەکانی خەڵک ببەستێ و گەشت لێدا.

**عێفەت ماهباز**: دوا پرسیارم ئەوەیە کە بۆچونتان سەبارەت بەم کۆنفڕانسە بزانم؟ چ گۆشە نیگاو بابەتێکتان پێ سەرنج ڕاکێش بوو؟

**ڕۆئیا تلوعی**: یەکەم ئەزموونم بوو بەڵام ئەزمونێکی شیرین بوو. پەیوەندی کردن بوو بە ژنانێکەوە بە تێهزرینی

جۆراوجۆرەوە، ئەز پێم خۆش بوو. بە بڕوای من کۆنفرانسێکی فرە سەرکەوتوو بوو هەلی ڕەخساند ڕێگەی بە دەربڕینی بۆچوون و باوەڕی جۆراوجۆردا. زۆر کەسیشم ناسی. هیوادارم ساڵێکی دیکەش بتوانم دوبارە بێمەوەو بگەڕێمەوە و ئەو کێشەو بابەتانەی لە کۆنفرانسدا هاتنە گۆڕێ بیان نوسم و لە ڕاگەیاندنەکاندا بڵاویان بکەمەوە. من سپاسی دڵسۆزانەی بەڕێوەبەرانی کۆنفرانس دەکەم کە لە ئاکامی هەوڵ و ماندوو بوونی دۆستانەی ئەواندا توانیم بێم و بەشداری بکەم.

لەگەڵ سپاس و ئاواتی سەرکەوتن بۆ ڕۆئیا تلوعی.

عێفەت ماهباز، کۆڵن

**تی بینی**:

* بۆ زانیاری، ئەم وتووێژە نزیک دوو کاتژمێر بوەو خاتوو عێفەت ماهباز ئەوەندەی لێ هێناوەتە سەر پەڕ. لەگەڵ ئەوەشدا ناوبراو گەلێک بە نارێکی پەیڤەکانی گوازتۆتەوە سەر پەر. من کاتێک هەستم بە کەموو کوڕی لە نوسینەوەکەی ناوبراودا کرد بڕیارمدا دەقی وەرگێڕدراوی هەڤپەیڤینەکە بۆ خاتوو ڕۆئیا تلوعی بنێرمەوە تا چاوی پێدا بخشێنێ و پاشان بڵاوی بکەمەوە، بەڕێزیشیان تێبینیەکانی خۆی بۆ ناردم و ئەوەی سەرەوە پوختکراوەی هەڤپەیڤینەکەیە.** کاتێک کە ویستم شوێنی بڵاوکردنەوەی بە ناوەکەیەوە(اخبار روز) بلکێنم، بەداخەوە بابەتەکە لەوێ نەمابوو!. بەهەر حاڵ من دەقە فارسیەکەم لای خۆم ڕاگرتوە

سەرچاوە: وێبلاگی کوردستان - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵپەڕ بۆ بەرژەوەندی دەسەڵات؟!!

ماوێکە بڕێک سایتی ئینتەرنێتی بەداخەوە بوونەتە شوێنی بڵاو کردنەوەی تۆمەت و سووکایەتی و بێحورمەتی بە کەسایەتییە چالاکەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کە بێگومان ئەمە جگە لە بەرژەوەندی وپیلانی دەسەڵات هیچی تری تێدا نیە. بەلامەوە زۆر سەیرە کە بەڕێوبەرانی بەڕێزی ئەو سایتانە چۆن ئامادە دەبن بابەتی کەسانێک کەلەژێر نازناوێکەوە خۆیان دەشارنەوە دژ بە چالاکانی ناسراو بڵاو کەنەوە؟ بەڕاستی چ زەمانەتێک هەیە کە ئەوانە سیخۆڕەکانی خودی دەسەڵات نەبن کە دەیانهەوێ فەزاکە بە گومان تەم و مژاوی بکەن تا هیچ کوردێکی رۆژهەڵات نەتوانێ باوەڕ و متمانە بەوی دی بکات ؟باشە ئایا بۆ تۆمەتەکانیان داوای بەڵگەیان لێدەکەن یان کەسایەتی تاکی کورد هیچ بایەخێکی نیە؟ ساڵهایە دەسەڵات لەم شێوازە ناحەزە کەڵکی وەرگرتوە، بەڵام ئیستا ئیتر فێڵەکەی بەتەواوی دەرکەوتوەو ئەم پیلانەی کۆن بوە. ئەم کارەش هەر دژ بە من نەکراوە و ئەگەر بروانن سایتەکان دەبینن زۆر کەسی بەرکەوتوە. باشە ئایا پرسیارتان لا ساز نابێت کە چۆن لەپڕێک ناوێک دەبێ بە نووسەر و بڕێک تۆمەت دەنووسێ و لە پڕ ون دەبێ؟ ئایا لەخۆتان ناپرسن بۆ نمونە سیروان تاجبەخش،شیلان حاجی میرزایی،شوان حسەینی و... هتد نوسین و بەرهەمەکانیان کوا؟

ئایا ئەوەی بەردەوام دەنووسێ جێگای گومانە و ئەوەی لەپڕ بە نازناوێکەوە وبەبێ رەسم دەردەکەوێ و بێ بەڵگە خەڵک تاوانبار دەکات و لەپڕ ون دەبێتەوە جێگای متمانەیە؟

زۆر جێی داخە کە کورد نەتوانێ کەڵکی دروست لە تەکنۆلۆجیای ئینتەرنێت وەرگرێ و سایت و چات بۆ تاوانبار کردن و ویتی ویتی بەکار بێنێ. هەموو کەس دەتوانێ چات رووم و سایتی بێت. بڕواتان بێ تۆمەتی بێ بەڵگە نیشانەی رۆژنامەگەری ئازاد نیە.

منی روئیای تلوعی هەم رەسمم دیارە و هەم نوسینەکانم بەڵگەی چۆنییەتی ئەندێشە و کارەکانمە.

دیارە مەرج نیە هەموان هاوبیروڕای من بن و هەموو کارەکانمیان بەدڵ بێت و هیچ رەخنەیان لێی نەبێ. ئەوەی بۆ

خۆم گرنگە ئەوەیە کە دەزانم چیم دەوێ و باوەڕم بەچییە.نە وەک بڕێک کەس کەوچکی هەموو کاسێکم ونە وەک بڕێک سەرلێشێواو. بە شانازیەوە فێمینحستێکی کوردم و بۆ ئەوەش پێناسەو تاریفی خۆمم هەیە. هەموو بابەتەکانم پێوەندیدارە بە ژنی کوردەوە.لە هەر بوارێکیشەوە ئیش بکەم، چ نووسین چ رێکخراوە چ رۆژنامە، هەر پێوەندی بە پرسی ژنی کوردەوە هەیە و توانیومە کێشەی ژنی کورد وەک باسێکی گرنگ لە بزاڤی ژن لەکوردستان و لە ئێراندا بە یارمەتی چالاکانی تری ئەم بوارە مەترەح کەم. زۆریش خۆشحاڵم کە وەها چقڵی چاوی دەسەڵاتم کە لە هیچ پیلانێک دژ بە من وەک ناو ناتورەی جاش و بێئەخلاق و بەسیجی و خانەوادە شەهید و... هتد، کۆتایی نەکردوە و ئیستاکەش کە دەبینێ بەو هەموو پیلانە نابەزم ناچار دەمکێشێتە دادگا و لەوانەشە وەها تووشی هەڵە بێت کە زیندانم کات،هەرچەند کە ئیستاکەش بە زەمانەتی دە میلیون تمەن ئازادم.

ئەگەر لەبەر سەفەرەکەی سوێد (لەسەر بانگهێشتی مەهاباد قەرەداخی ئازیز) نەبوایە، نەمدەهێشت کەس زەمانەتم بکاتو دەشچوومە زیندان تا دەسەڵات بزانێ ژنی کورد بە زیندان نابەزێ.

راست و درۆی ئەم ئیحزارەش وا لە شوعبەی چواری بازپۆرسی سنە. لە هەفتەی داهاتووشدا لەگەڵ وەکیلەکانم کە لە چالاکانی بزاڤی ژنانن و ئامادە بوون لە تارانەوە بێنە سنە و وەکالەتم بکەن دەچمەوە بۆ دادگا.

خۆشبەختانە نەمن و نە خاتوو شەمزینی جیهانی کە میوانی مەهاباد خان بوین (ممنوع الخروج)نەکرابوین.ئەمە تەنانەت بۆ شەمزین زۆر جێگای خۆشحاڵی بوو چونکە حوکمی ئەو بۆ ٣ مانگ و یەک رۆژ زیندانەکەی لە دادگای (تجدید نظر)قەتعی ببۆوە و زۆر نیگەران بوو لەوەی ممنوع الخروج کرابێ و سەفەرەکەی لە کیس بچێ. من نیگەرانیم کەمتر بوو چونکە بە پێی یاسا هێشتا حوکمم بۆ نەدراوە و جارێ کارەکەم لە بازپۆرسیدایە(لەئێران دوای قەتعی بوونی حوکم ممنوع الخروج دەبی یان رەنگەنەشبی). بە هۆی زەمانەتی پتەوی حکوومەتی هەریم بۆ گەڕانەوەی میوانەکان، باڵوێزخانەی سویدیش ڤیزای هەردووکمانی بە هەفتەیەک دا.

لەم سەفەرەشدا بۆ ئەو کۆنفرانسە خەرجی من و شەمزین خان لە سەر خۆمان بوو و پارەی بلیتەکەشمان خۆمان دامان. من لە ماڵی دۆستانی بەڕێزم شەهلا خانمی دەباخی و ژووان خانم بووم.کە واتە ئەو داوەشانەکە کاک عەلی عەبدول بەو ژنە بەشدارانەی وتوە بەرمان ناکەوێ.

من بۆم دەرکەوتوە هەر کات چالاکیێک کارێکی بەرچاو دەکات و دەردەکەوێ، دەکەوێتە بەر هێرش لەم رۆژانەدا کەگۆڤاری راسان وەک یەکەم گۆڤاری ژنان لە ناو خۆی ولات لەم ٢٥ ساڵەدا، بڵاومان کردۆتەوە دڵنیا بووم دیسان دەکەوممەوە بەر پەلامار، بەڵام هیچ بۆم گرنگ نیە.شیلان و شوان و سیروان ناوەکان هەرچی حەزیان لێیە بڵێن. دوارۆژ کە ئێمەش رزگارمان بێ، فایلەکان دەردکەون و روون دەبێتەوە کێ خزمەتگۆزاری دەسەلات بوو یان نەبوو. بەس خۆزگە ئەوەندە ئازا بوونایە وەک ئێمە، بە ناوی راستەقینە دەرکەوتنایە تا خەڵک فایلەکانی ئەوان و ئێمەشیان پێکەوە هەڵسەنگاندایە. چ ئەم کەسانە لە ناو ولات بن چ لە دەری ولات، چونکە مەرج نیە هەر کوردێکی دەری ولات باش بێ.

پێویستە بڵێم سورەیا ناوێک کە شۆرەتەکەی وەک شۆرەتی من تلوعیە بە پێی لێکۆڵینەوە، لە ناوچەیەکی نزیک بە شوێنی لە دایک بوونی من،وەک دەڵێن لە بەسیج و خاهەر زێنەبو ئەو شتانەدا بوە(ئەگەر ئەم وتانە راست بێ،چونکە من ئەو کەسە ناناسم) و تەمەنیشی لە من نزیکە(نەختێک لە من گەورەترە). من نەمتوانی بزانم ئەو خانمە ئێستا لە کوێیە و چی دەکات. کاریشم نیە بە باوەڕەوە ئەوەی کردوە یان نا، بەڵام هیچ خزمایەتیمان پێکەوە نیە و هیوادارم بە پێی نزیکایەتی ناوەکانمان تاوانەکانی ئەو نەدرابێتە پاڵ من نە من بەسیج بوومو نە هاوسەرم ئیتلاعاتە هەردووکمان دوکتۆری ئازمایشگاین و تاقیگەی تایبەتی خۆمان هەیە لە شەقامی شەشی بەهمەنی سنە،ناوی تاقیگەکانیشمان، پارس و نیکانە .هاوسەرم بەیانیان لە ئازمایشگای مەرکەزی سنە کار دەکات و منیش کاری دەوڵەتیم نیە. ئەو ساڵی ١٣٦٩یە کە نازناوی شێلان دەڵێ من لە بانە بووم بە بەسیجی نموونە، من لە مەشهەد دانشجووی دەورەی دوکتۆرا بووم و تازەش مێردم کرد بوو، هەر لە بانەش نەبووم.تکایە کە درۆش ساز دەکەی کات و ساتەکان میزان کە.

من بۆ قسەکانم بەڵگەم هەیە. تۆ هەر هیچ نبێ رەسمێکی ئەو مەراسیمەت مۆنتاج بکردایە کاک شیلان. خۆ من رەسمم لە سەر ئینتەرنێت زۆرە. بە فۆتۆشاپیش دەتوانی گەنجیت کردبایە.

لە کۆتاییدا داوا لێبووردن لە خوێنەرانی بابەتەکانم دەکەم. ئەزانم نووسینی منیان ئاوا نەدیبوو. ئەمە یەکەم جار و دوایین جارمە کە کاتی خۆم ئاوەها بە فیرۆ دەدەم و وڵامی تۆمەت دەدەمەوە.

بە تایبەت داوای لێبوردن لەو هاورێ نووسەرانەم دەکەم کە راوێژم لەگەڵ کردبوون و رایان وا بوو من بێدەنگ بم

باشترە. من هەروەها هەوڵم دا هەمان هەڵەی رەشنووسەرانی ئەو بابەتانە دووپات نەکەمەوە و هەرچەند کاک شیلان جوان دەناسم بەڵام باسی خۆی و ئیش و برا و کەسی نەکەم. مێژوو باشترین داوەرە.

داوا لەبەڕێوبەری بەڕێزی سایتی کوردستانپۆستیش دەکەم وێنەی نووسەر بخاتە لای بابەتەکەی نەک وێنەی من. بەو هیوایەی کە ئاستی کولتوورمان ئەوەندە گەشە بکات کە تەکنۆلۆجیا لەخزمەت بە بەرژەوەندی نەتەوەکەمان بەکار بێنین نەک لە خزمەت بە دەسەڵاتداران بە سەر نەتەوەکەماندا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ئەپریلی ٢٠٠٥



سەرچاوە Serchawe

## سەبارەت بە (ڕێکخراوی ژنانی کوردی پارێزەری مافی مرۆڤ و ئاشتی)

**ئامادەکردنی: قەرەنی قادری**

دوکتۆر ڕوئیا تلووعی: کولتووری جوانمان لە بارەی پێکەوە کارکردن هەیە. ئێمە لە ناو خۆماندا دەستەیەک ژنین لە هەموو بیروبڕوا و ئایدیۆلۆژییەک، بەڵام لەسەر ژن بوون و کورد بوونمان ڕێککەوتووین. بڕیارمان داوە ڕێز و حورمەتی هەر تاک و باوەڕەکانی بگرین و لەسەر خاڵە هاوبەشەکان ستراتیژییەکی هاوبەش هەڵبژێرین. جیاوازی بیروڕا ناکەینە هۆی تەسکبینی و بێتاقەتی لە بەرامبەر یەکتردا.

. شارەزایی لە مافە مەدەنییەکان لە کۆمەڵگای کوردستان بە گشتی و ژنان بە تایبەتی لە ئاستێکی زۆر نزمدایە.
. بە داخەوە تا ئیمڕۆ ڕێکخراوەی ئێمەیان بە رەسمی تۆمار نەکردووە و بە تازەییش ئاگاداریان کردووین کە لەوانەیە هەر بە ڕەسمی ڕێکخراوەکەمان تۆمار نەکەن. هەر چەند ئێمە بڕیارمان داوە کە تۆماریشمان نەکەن دەست لە چالاکی هەڵنەگرین و ئەگەر پێویست بوو سکاڵا بۆ UN دەبەین.

دکتۆر ڕوئیا تلووعی، ڕۆشنبیر و چالاک لە بواری کاروباری کێشەی ژنان و یەکێک لە دانەرانی "ڕێکخراوی ژنانی کوردی پارێزەری مافی مرۆڤ و ئاشتی" لە کوردستانی ئێران، لە وتووێژ لەگەڵ کوردستانپرێسدا سەبارەت بە مێژوو، چالاکی و پێکهاتەی ئەم ڕێکخراوەیە دەدوێت.

**پرسیار: کەی "ڕێکخراوی ژنانی کوردی پارێزەری مافی مرۆڤ و ئاشتی"تان دامەزراندوە؟**

**وەڵام**: لە دوایین مانگی هاوینی ٢٠٠٤ دا بوو کە لەگەڵ هاوڕێکانمان ڕێککەوتین لەسەر دامەزراندنی ڕێکخراوەی ژنانی کوردی پارێزەری مافی مرۆڤ و ئاشتی و داخوازی تۆماری ئەو ڕێکخراوەمان لە ئێران پێشکەش کرد. بە داخەوە تا ئیمڕۆ ڕێکخراوەی ئێمەیان بە رەسمی تۆمار نەکردووە و بە تازەییش ئاگاداریان کردووین کە لەوانەیە هەر بە ڕەسمی ڕێکخراوەکەمان تۆمار نەکەن. هەر چەند ئێمە بڕیارمان داوە کە تۆماریشمان نەکەن دەست لە



سەرچاوە Serchawe

چالاكی هەڵنەگرین و ئەگەر پێویست بوو سكاڵا بەرین بۆ UN؛ لەسەر ئەوەی كە ئێمە هەین و چالاكین، بەڵام ئێران تۆمارمان ناكات.

**پرسیار**: ئامانجەكانی ئەم رێكخراوەیە چین؟

**وەڵام**: ئامانجەكانمان بریتین لە: هەوڵ بۆ سەقامگیر بوونی ئاشتی (صلح) و ئارامش؛ هەوڵ بۆ بەڕێوەچوونی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و پەیماننامەكانی لە ناوچەكەدا و بەرز بوونی ئاستی زانیاری سەبارەت بە بەیاننامەی مافی مرۆڤ و پەیماننامەكانی كە بێگومان مافی ژن و مافی نەتەوەییش دەگرنە بەر. دووری لە شەڕ و ئاژاوە و تێگەیاندنی نەتەوەكانی دەوروبەرمان و دنیا لە مافەكانمان. ڕەتكردنەوەی هەر چەشنە توندوتیژی بە تایبەت توندوتیژی دژ بە ژنان و منداڵان و كەمینە نەتەوەییەكان.

**پرسیار**: بە چ شێوەیەک یارمەتی بە كێشەی ژنان دەدەن. ئایا كاتێک كێشەی ژنان دەچێتە دادگا یان دامەزراوە حكوومەتیەكان، دەتوانن لەوێشدا دەورتان هەبێ؟

**وەڵام**: دیارە بۆ یارمەتی بە كێشەی ژنان رێكخراوەی تایبەتی ژنان وەک رێكخراوەی پشتیوانی لە ژنان و رێكخراوەی پشتیوانی لە مافی ژنان و رێكخراوەی ئازەرمیهر و هتد هەیە. ئێمەش لە لای ئەوانەوە تا ئەو جێگای مەودامان بێت لەم بارەوە ئیش دەكەین. ئێمە زیاتر توانایی خۆمان خستۆتە سەر ڕاگەیاندن و زەقكردنەوەی كێشەكانی ژن وەک توندوتیژی دژ بە ژنان. دیارە ئەگەر بە رەسمی تۆمار بكرێین، بە هۆی ئەوەی ژنانی پارێزەرمان لەگەڵە، هەوڵ دەدەین بەشێک بۆ راوێژكاریی ژنان لە بارەی زانیاری یاسایی و یارمەتییانەوە دابین كەین. ئەو خاڵە كە بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە كە هاوكات لەگەڵ ئەوەی لە كێشە باوەكانی ژنانی كۆمەڵگامان دور نەكەوینەوە، هەوڵی سەرەكیمان تەرخانكەین بۆ هاندانی ژنان بۆ ناسینی مافی مرۆڤ و مافی مەدەنی. واتە ئاستێكی بەرەو سەرتر لە ئاستە ئاساییەكانمان لە یارمەتی بۆ چارەسەری كێشەی ژنی كورد هەڵبژاردوە و هۆكارەكەشی دەگەڕێتەوە بۆوەی كە كێشەی ئێمەی ژنی كورد لە كێشەی نەتەوەییمان جیاواز نیە و دەبێ هاوكات بۆ یارمەتی بە چارەسەری كێشە نەتەوەییەكانیشمان هەنگاو هەڵگرین.

**پرسیار**: ئایا بە شێوەی راستەوخۆ لەگەڵ لایەنەكانی كێشەكە مەبەست (ئەندامانی بنەماڵەكان) دانیشتن و

وتووێژتان دەبێت؟

**وەڵام**: بێگومان دەبێت.

**پرسیار**: ژنانی کورد چۆن پێشوازی لەو رێکخراوەیە و کاری ئێوە دەکەن؟

**وەڵام**: ژنان لە چەند شاری کوردەواری تەنانەت لە پارێزگای کرماشان و لە شاری مەهاباد، مەریوان، هتد و تەنانەت خانمگەلێک لە هەندەران، پێوەندیان گرتوە خوازیاری ئەندامێتی و هاوکارین.

**پرسیار**: پیاوانی کورد چۆن دەڕواننە ئەم رێکخراوەیە و رۆڵی ئەو؟

**وەڵام**: پیاوانی کورد لەم بارەوە سێ دەستەن. دەستەیەک کە ژن بە مرۆڤ نازانن و باوەڕیان بە ژن و توانایی ژن هەر نییە. دەستەیەک دەڵێن ژن چالاک بێت بەڵام لە ژێر چاودێری ئێمەدا، واتە خۆیان دەکەنە کەوچکی هەموو کاسەیەک و لە بزاڤی ژنانیشدا مافی رێبەرایەتی بۆ خۆیان دادەنێن. ئەم دەستە دەگمەنن، بەڵام ئەو پەڕی دژایەتی دەنوێنن (وەک ئەوەی لە کۆنگرەی ژن لە زانکۆی تاران کردیان). دەستەیەک هەن کە باوەڕیان بە هێزی ژن و پێویست بە رێککەوتنی خودی ژنان هەیە و دیارە ئەمانە یارمەتیدەری ئێمەش و بزاڤی ژنانیشن و بە داخەوە جارێ زۆر دەرناکەون.

**پرسیار**: ئایا لەم رێکخراوەیەدا پیاوان بەشدارن؟

**وەڵام**: لە رێکخراوەی ئێمەدا جارێ یەکێک لە مەرجەکانی ئەندامەتی، ژن بوونە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە دەمانەوێ سەرەتا ژنان خۆیان ئیش بکەن و بە هێزی خۆیانەوە ئەم رێکخراوە فۆرم بدەن. دیارە لە ڕاوێژکاریی پیاوانی رووناکبیری راستەقینە دەکرێ کەڵک وەرگرین.

**پرسیار**: لە باری جوغرافیاییەوە رێکخراوەی ژنانی کورد پارێزەری مافی مرۆڤ و ئاشتی تا چ ناوچەیەک لە کوردستانی ئێراندا مەیدانی چالاکیی هەیە؟

**وەڵام**: ناوەندی چالاکی ئێمە لە سنەیە، بەڵام بە پێی ئەساسنامەکەمان ئەگەر تۆمار بکرێین، دەتوانین لە هەموو شارە کوردیەکاندا بنکەمان ببێت.

**پرسیار**: کار و چالاکی ئەو رێکخراوەیە لە رۆژی دامەزراندنییەوە تا ئێستا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

ئێمە لەم ماوە کەمەدا چەند چالاکیمان بووە:

ا) دیدار لەگەڵ لەیلا زانا

ب) دیدار لەگەڵ رێکخراوەی مافی مرۆڤ لە باتمان

پ) پێوەندی بە چالاکانی بواری ئاشتی لە تاران(رێکخراوە ناحکوومییەکان )

ت) پێشکەش کردنی پەیڤ و وتار لە کۆڕ و سمینارەکان کە بۆ ژنان دەیگرن ج) پێشکەش کردنی پەیڤێک لە سەر ژنی کورد و مافی کورد لە رۆژی جیهانی ئاشتی لە زانکۆی عەلامە تەباتەبایی تاران لە سەر بانگهێشتی خوێندکاران

چ) بەشداری لە وۆرک شاپگەلی «لابی» و «رۆڵی ژن لە ئاشتی» و مافی مرۆڤ هتد

ح) بەشداری لە بەڕێوەبردنی کۆڕی رۆژی جیهانیی قەدەغە کردنی توندوتیژی دژ بە ژنان لە سنە خ) ئامادە کردنی وتار و نووسین و راپۆرت لە سەر خۆسووتاندی ژنان و توندوتیژی دژ بە ژنان و هتد (بۆ نموونە راپۆرتی ئەشکەنجەی شەریفە لە دێگولان و...)

د) هەوڵ بۆ سەندنی ئیمتیازی گۆڤارێکی تایبەت بە ژنان

ر) رێکخستنی خولی فێرکاری لە سەر مێژووی ژن و مافی مرۆڤ و هتد.

**پرسیار**: ئایا لە لایەن دامەزراوە حکوومەتییەکانەوە هەڕەشەتان لێ ناکرێت یان کۆسپتان بۆ دروست ناکەن؟

**وەڵام**: دیارە یەکەم کۆسپ و هەڕەشەی لایەنی حکوومەتی، تۆمار نەکردنمانە.

**پرسیار**: ئایا هیچ چەشنە بەربەرەکانییەک لە لایەن لایەنگرانی داب و نەریتی کۆمەڵگای کوردستان بە دژی ئێوە بەڕێوە ناچێت؟



سەرچاوە
Serchawe

**وەڵام**: (مەبەست هاووڵاتیانی سوننەتی و کلاسیکی کوردستانە)جگە لە بەربەرەکانێ، هەڕەشەشمان لێکراوە و تەنانەت هەڕەشەی تەقاندنەوە و کوشتن و دەست درێژی و هەڕەشەیان لە خۆشم کردوە کە منداڵەکانم دەکوژن. ئەم هەڕەشانەش لە لایەن دەستەی دووەمی پیاوانی پرسیاری ٦ وە لێمان کراوە.

**پرسیار**: جیا لە کاری عەمەلی سەبارەت بەکێشەی ژنان ئایا کاری فکریش وەکوو بڵاوکردنەوەی زانیاری سەبارەت بەمافی ژنان لە رێگای گۆڤار و رۆژنامە، هەروەها کۆڕ و کۆبوونەوە و سمیناریش بەڕێوە دەبەن؟

**وەڵام**: بەڵێ کاری فکریشمان هەیە و پێم وایە وەڵامی ئەم پرسیارە لە پرسیاری نۆدا دراوەتەوە. جگە لەوەش خۆم خەریکی نووسینی کتێبێکم لەسەر فێمینیزم لە روانگەی ژنێکی کوردەوە.

**پرسیار**: زاراوەیەکیتر کە لە پێناسەی رێکخراوەکەدا هاتووە، "ئاشتی"یە. مەبەست لە ئاشتی چییە و لەگەڵ کێ؟

**وەڵام**: ئاشتی یان (صلح). مەبەستمان ئاشتی لەگەڵ لایەنێک یان کەسێک یان سیستەمێک نییە. مەبەست چارەسەری کێشەکانە بە ئاشتیخوازی نەک بە شەڕ و ئاژاوە. کورد تا ئیستاش لە شەڕێکی نابەرابەردا بووە (مەبەست رەت کردنەوەی مێژوو و خەباتمان نییە. هەر شتێک قۆناغی خۆی و دۆخی شیاوی خۆی بوە). لەم شەڕە نابەرابەرانەدا ئێمە بەردەوام سەرکوت کراوین و کوژراوین و دوژمن تەکنۆلۆژی شەڕی لە ئێمە زیاتر بووە. پێمان وایە لە رێگای دیموکراسیخوازی و هەوڵ بۆ ئاشتی و ئارامش و پێویستیی رەچاوکردنی مافی مرۆڤ کە دیارە مافی نەتەوەکەمان و مافی ژنیش دەگرێتە بەر، بە یارمەتی هەمووان بتوانین ئاسۆیەکی رووناکتر بۆ میللەتەکەمان بەدی بێنین.

**پرسیار**: بابەتێکیتر، مافی مرۆڤە کە سەرنج رادەکێشێت. لەم بوارەدا کارەکانتان چۆن دەچنە پێش و چ چەشنە کۆسپ و تەگەرەتان لەبەرامبەردا هەیە؟

**وەڵام**: مافی مرۆڤ، مافی ژن و مافی نەتەوەکەشمان دەگرێتەوە. لەم بارەوە پێویستە سەرەتا ئاستی زانست و ناسینی ژنانی کۆمەڵگامان لە مافی مرۆڤ بەرینە سەر. هەر بەم هۆیەوە چەند وۆرک شاپمان لەسەر مافی مرۆڤ و ئاشتی بە دەستەوەیە کە لە داهاتوودا بەڕێوەیبەرین. بۆ کۆسپ و تەگەرەی بەرامبەرمان پێمان وایە لە لایەن دەسەڵاتەوە بۆ بەڕێوەبردنی ئەم وۆرک شاپانە لەوانەیە تووشی برێک گرفت و تەنگ و چەڵەمە بین.

**پرسیار**: کۆمەڵگای کوردستان بە گشتی و ژنان بە تایبەتی تا چ رادەیەک شارەزای مافی مەدەنیی خۆیانن و ئێوەش بە رێگای کام میکانیزمەوە کاری رۆشنگەری لە بواری مافی مرۆڤدا دەکەن؟

**وەڵام**: شارەزایی لە مافە مەدەنییەکان لە کۆمەڵگای کوردستان بە گشتی و ژنان بە تایبەتی لە ئاستێکی زۆر نزمدایە و ئێمەش بە یارمەتی NGO کانیتر و ڕایەڵەی ژنان و رێکخستنی پۆلی فێرکاری و کەڵک لە بڵاوکراوەکان، دەتوانین ئاستی زانیاری بەرینە سەر.

**پرسیار**: کولتووری پێکەوە کارکردن لە ناو رێکخراوەی ژنانی کوردی پارێزەری مافی مرۆڤ و ئاشتیدا چۆنە؟

**وەڵام**: کولتووری جوانمان لەم بارەیەوە هەیە. ئێمە لە ناو خۆماندا دەستەیەک ژنین لە هەموو بیروبڕوا و ئایدیۆلۆژییەک، بەڵام لەسەر ژن بوون و کورد بوونمان رێککەوتووین. بڕیارمان داوە رێز و حورمەتی هەر تاک و باوەڕەکانی بگرین و لەسەر خاڵە هاوبەشەکان ستراتێژییەکی هاوبەش هەڵبژێرین. جیاوازی بیروڕوا ناکەینە هۆی تەسکبینی و بێتاقەتی لە بەرامبەر یەکتردا.

**پرسیار**: رێکخراوەی مەدەنی لە کوردستان تا چ رادەیەک دەتوانێ لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا دەوری هەبێت و هاووڵاتیانی کوردستان چۆن سەیری ئەم چەشنە دامەزراوە مەدەنییانە دەکەن؟

**وەڵام**: کولتووری رێکخراوەگەلی ناحکوومی و مەدەنی وردەوردە خەریکە جێگای خۆی دەدۆزێتەوە و هێشتا لە سەرتای رێگادایە، بە تایبەت ئێمە ئەو ئازادیی و دەرفەتانەی رێکخراوەکانی باشوورمان نییە. هێدی هێدی خەریکە بەشداری خەڵکی گەنج و خوێندەوار لە NGO کاندا زۆرتر دەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕوئیا تلووعی - ڕێکەوتی: ١٢ی جانێوێری ٢٠٠٥



سەرچاوە
Serchawe

## وڵامی کاک ڕێناس جاف

دانیشتوانی رۆژهەلاتی کوردستان لە ژێر سیبەری دەسەلاتێک دا دەژین کە نەتەوەی فارسی پێ مەزنە و باقی نەتەوەکانی چەوساندۆتەوە. کوردستان خۆی لە خۆیدا چوارپارچە کراوە، پارچەی رۆژهەلاتیش دیسان چەند پارچە کراوە و زۆر لە شارە کوردنشینەکان لە پارێزگاکانی (آزربایجان غربی، کرمانشاه، ایلام، کردستان و لرستان) دابەش کراون. بە هۆی زمانی فەرمی کە فارسییە، هەرچی کوردە لە خوێندنی زمانی زگماکی خۆیان بێبەش کراون و زمانی کوردی هەر لە پەیڤ و قسە داماوەتەوە. هروژمی وشەگەلی فارسی بۆ ناو زمانی کوردی بە چەشنێک بووە کە زمانی کوردی تووشی کێشە و گرفت کردوە. لە سنە وای لێهاتوە کە نیوەی وشەکان فارسیە. لە کرماشان زۆر لە کوردەکان هەر بە کوردی قسە ناکەن و لە بیجار و قروە و... هەر باسی مەکە چی بە سەر زمانی کوردی هاتووە.

بەم هەموو بەلا و کێشە و گرفتەوە هێشتا دڵسۆزانێک هەن کە ناهێلن زمانەکەمان لەناو بچێت و یەکسەر زمان و کولتوورمان بتوێتەوە. ئەوانە بە هەوڵی خۆیان فێری نووسینی زمانی کوردی بوون و بە کوردی دەنووسن و بە داخیشەوە ژمارەیان زۆر کەمە. بە جورئەتەوە دەتوانم بڵێم ۹۹%ی پزیشک و دوکتۆر و ماستەر و ئەندازیار و پارێزەر و مامۆستاکانمان هەر نازانن کوردی بخوێننەوە و بینووسن. خەتای ئەوانیش نیە. ئێمە هەر لە پۆلی یەکەم بە زۆر فێری فارسی کراوین و ۱۲ سال هەرچی دەرسە بە فارسی خوێندوومانە. لە زانکۆش هەر بە فارسی خوێندوومانە. ئیستاش زۆر لە نووسەرانمان هەر بە فارسی دەنووسن.

بە پێی ئاماری نافەرمی نزیک ۱۰ ملیۆن کوردمان لە روژهەلاتی کوردستان هەیە. نزیک ۵ ملیۆن لەمانە ژنن. لەم ۵ ملیۆن ژنە ۵۰ ژنمان نیە کە بە کوردی بنووسێ. ئەو ۵۰ کەسەش بە هەوڵی خۆمان فێر بووین و هیچ خوێندنگەیەک فێری کوردی نەکردووین. کەواتە لە هەر ۱۰۰۰۰۰ ژنی کوردی رۆژهەلات یەک ژن بە کوردی دەنووسێ. کاک ڕێناس جاف باشترە بزانی هەر ئەم یەک لە سەد هەزار ژنەش بە راستی خەباتێکی گەورە دەکەن کە زمانی خۆیان دەپارێزن. رووی دەسەلاتی ئێران رەش بێ کە نەیهێشتووە بە شێوەی زانستی و ئاکادمیک فێری زمانی خۆمان بین.

زۆر ببورە کاک ڕێناس کە منیش وەک زۆربەی خانم دوکتۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوڵم نەداوە، هەر پارەکانم ببژێرم و تەنیا شتێک بۆم گرنگ نەبێ نووسین و زمانی زگماکیم و مافی ژنانی نەتەوەکەم بێ. نەمزانی بەڕێزت ئەوەندە دڵسۆزی زمانی کوردیت کە مافی نووسین و ئاخافتن بەم زمانە هەر هی جەنابتە و باشترە منیش وەک ٩٩٩٩٩ ژنەکەیتر یا نەنووسم یا فارسی بنووسم نەکا سەر لە جەنابت بشێوێ!

پێشتر بە ناوی Pave ئیمەیلت بۆ کردم و هەمان رەخنەت بۆ نووسیم. وڵامم دایتەوە کە من لە سەر ئەو بڕوایەم کە «رابە» لەوێدا ناوە (هێشتاش نەچوە بچێ؛ لە خودی کاک ناسر دەپرسین؛ رابە چ ناو بێت، چ بە مانای ڕاپەرین، هیچ لە مەزنی ئەو پەیامە کەم ناکاتەوە کە ناسر بە گوێی ژنان دەگەیەنێ.)

سەبارەت بە (سبک) بۆوەی دڵنیا نەبووم رەوشت هەمان بگەیەنێ بۆیە هەر خودی وشە فارسییەکەشم لای نووسی. تەنیا شتێک کە لە بەڕێزتەوە فێر بووم ئەوە بوو کە سبک واتە شێواز سەبارەت بە خۆراک من پێم وایە خۆراک فارسییە بۆیە وشەی کوردی چێشتم بۆ داناوە. (موسیقی خوراک (غذای) روح است) جا کە بنووسی مۆسیقا خۆراکی رۆحە، خۆ هەمان فارسییەکەت نووسیوەتەوە!

سەبارەت بە پێشگری دوکتۆر و هتد باشترە بزانی من بە شانازیەوە دوکتۆری زانستی تاقیگەم (لە ژیاننامەکەشم نووسیومە ئەگەر زەحمەتی سەیرێکت بە خۆت دابێ) و قەت نەموتوە دوکتۆری زمانی کوردیم. بۆ شانازی بە بڕوانامەکەم دەکەم؟ بۆوەی بە راستی رەنجم بۆ کێشاوە؛ شانازی بە بڕوانامەی دوکتۆرا و ماستەر و ئەندازیار و هتدی هەموو ژنانی کوردیشەوە دەکەم، بۆوەی هەتا ژنانی خوێندەوار و زانامان زۆرتربێ نەتەوەکەمان سەربەرزترە. تا ئێستا بەردەوام فارسەکان لە فیلمەکانیاندا ژنانی کوردیان نەخوێندەوار و نەزان نیشان داوە، بەڵام بە پێچەوانەوە نەتەوەی ئێمە خاوەنی ژنانی خوێندەوار و زانای زۆرە.

داخەکەم کە جەنابت وشەی «ئێمە» بە «من» دەخوێنیتەوە. لە کۆتایی بابەتەکەدا نووسیومە: ئێمە ڕێگای لەیلا قاسم و لەیلا زانا و ژنانی رزگاریخوازی دنیا درێژە پێ دەدەین. بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی ئێمە لە بزاڤی رزگاریخوازی ژنانمان جیاواز نیە.

کاک ڕێناس نووسیوتە ئەوەندەم متمانە بە خۆ هەیە کە خۆم دەبەمە پاڵ ژنە شۆڕشگێری کورد «لەیلا قاسمی



سەرچاوە
Serchawe

نەمر» و فیز زلانە خۆم بە ئاڵا هەڵگری ئافرەتی کوردی رۆژهەلات لە قەڵەم دەدەم. لەم بارەیەوە چەند سەرنجم هەیە:

١- لەم نووسینە ٨ رەسمی ژنی تێدایە، یەکیان منم.

٢- «ئێمە»، واتای «من» نیە.

٣- بەڵێ متمانەم بە خۆم هەیە و هەموو ئەو ژنانەی کە لە ژێردەسەڵاتی ئێران خەریکی خەباتین متمانەمان بە خۆمان هەیە. ئەگەر نەبوایە زەعیفەگەلی بەدبەختی ژێر زەبروزەنگ دەبووین کە نموونەیان زۆرە و چوار کەسی وەک تۆش لە سەر پێویستی هەستان و ڕاپەرینی ئێمە دەینووسی و دڵی بۆ بێدەسەڵاتی و باوەڕ بە خۆنەبوونمان دەسووتا.

٤- لەیلا قاسم گیانی بەخت نەکرد کە تاکە ژنی شۆڕشگێری کورد بمێنێتەوە. گرنگ ئەوەیە ژنانیتری کوردیش هەمان ڕێبازی ئەو هەڵبژێرن بەڵام بە یەک جیاوازییەوە، « لەیلا قاسمی زیندوو» بن.

٥- بزاڤی ژنانی کورد بریتی لە یەک ژن نیە کە هەر ئەویش ئاڵا هەڵگر بێ. چاو بکەیتەوە ژنانی چالاکی کورد دەبینی کە هەرکامیان بەش بە حاڵی خۆیان خەریکی خەباتن. بە پێچەوانەی بزاڤە کلاسیکەکانەوە، بزاڤی ژنان ڕێبەرێکی دیاری کراوی نیە. نیگەران مەبە، پانتاکە بەربڵاوە و جێگای هەموو ژنان دەبێتەوە. گرنگ ئەوەیە ژنە کورد ڕاپەڕێ و نەیەوێ کۆیلە بێ.

٦- رایەکیتر زەحمەتی خوێندنەوەی ئەو بابەتە بە خۆت بدە بەڵام بە بێ چاویلکەی پیاو سالاری.

٧- سوپاس بۆ رەخنەکەت (ئەو بەشەی کە بە راستی رەخنە بوو.)

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: مانگی جانێوێری ٢٠٠٥



سەرچاوە
Serchawe

## پ: پیاو، پرسیار

## ژ: ژن، بەڵام وڵام

### بەشی یەکەم:

## بەرایی:

ماوەیەکە پرسی ژن و باس لە فێمینیزم و بەتایبەت فێمینیزمی کوردی کە هێشتا بە دەست خودی ژنەکوردەکان بە تەواوی تیۆریزە نەکراوە لە سایتە کوردیەکان باو بووە و هەرکەس بە جۆرێک، حەز و ناحەز لە روانگەی خۆیەوە لێی دەدوێ. نامەوێ بڵێم ئەم باسە تازە و نوێیە، بەڵام پێم وایە دوو پرس بۆتە هۆکاری زۆرتربوونی: کۆنگرەی بە ناو ژنی کورد لە زانکۆی تاران و دیداری خاتوو مەهاباد قەرەداغی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کورد.

لە گەرماوگەرمی ئەم باس و خواسانەدا ئەوەی بەرچاوە رێژەی زۆرتری پیاوانە کە لە چەندین روانگەی جیاوازەوە دەدوێن، رەخنە دەگرن یان پرسیاریان هەیە. ژنانی بەشدار لەم باسەدا جارێ زۆر کەمین. کەسانێکیش بە نازناوی ژنانەوە دەنووسن و لەوە ناچێ ژن بن، بەو هۆیەی کە هیچ رەسمێک لە خۆیان نیشان نادەن و لە ناکاویش دەردەکەون و بێدەنگ دەبن و تا ئەم کاتە بەو ناوانە نووسەرمان نەبووە. سەیر ئەوەیە ئەم نازناوە ژنانە بێ رەسم و تازە دەرکەوتووانە دژ بە ژنانی چالاکیش دەنووسن!

بەهەرحاڵ ئەوەی بۆ من جێگای رێز و دڵخۆشییە وروژاندنی باسی فێمینیزمە لای کوردان و هەوڵ بۆ لێکۆڵینەوە لە سەری. ئەمە دەسەلمێنێ کە چەمکی فێمینیزم و بزاڤی ژنان خەریکە جێگای شیاوی خۆی لە کۆمەڵگای کوردیدا دەدۆزێتەوە و وای لێهاتووە کە ئیتر نکووڵی لێ ناکرێ. بۆ نموونە لە رۆژنامەی شۆڕش ژمارە ٤٢ی کۆمەڵە، سێ وتاری بەنرخ هەیە کە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ باس لە بزاڤی حاشاهەڵنەگری ژنان و چەمکی فێمینیزم دەکات. هەروەها کاک ناسری رەزازی لە وتووێژی رادیۆ لاوان لە سوێد باسی ئەوە دەکات کە بزاڤێکی هونەری، ئەدەبی،

رۆشنبیری و فێمینیستی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا لە ئارادایە و دەبێ پشتیوانی لێ بکرێ. لە سایتە ئینتەرنێتیە کوردیەکاندا بەیاننامەی ژنان و وتارگەلی جۆراوجۆر لە سەر فێمینیزم بڵاو دەکرێتەوە و لە گۆڤار و رۆژنامەکانیش بەهەمان شێوە.

لێرەدا سەرجەم ئەو وتارانەی کە باسی بزاڤی ژنان و فێمینیزمی تێدایە، چ ئەوانەی بە لۆجیک و زانستەوە نووسراوە و چ بڕێک لەوانەی کە هێرشیان سەر فێمینیزم کردووە، چ ئاراستەی من کرابێ چ ئاراستەی خاتوو مەهاباد و چ ئاراستەی ژنانی چالاکی‌تر لەم بووارە دەکەمە پرسیارگەلێک بە ناوی نووسەرانی بەڕێزیەوە و وەک ژنێکی کوردی فێمینیست لە روانگەی خۆمەوە وڵامی دەدەمەوە.

دەمێک بوو بابەتی «پ: پیاو، پرسیار، ژ: ژن بەلام، وڵام» لە مێشکمدا بوو. پێم وایە لای پیاوان دنیای ژنان دنیایەکی پڕ رەمز و رازە و زۆر پرسیاریان لا ساز دەکات. لە راستیدا ئەوەی پیاوان سەبارەت بە ژنان دەیزانن ئەوشتانەیە کە لە روانگەی پیاوانەی خۆیانەوە لێی تێگەیشتوون. ژنان زۆر کەم بە زمانی خۆیان لە خۆیان و کێشەکانیان دواون. تەنانەت دەتوانم بڵێم ژنان لە ناخی دڵیانەوە لە ژنێتی خۆیان نەدواون. ترس لە زۆر شت بۆتە کۆسپێک بۆ ئەوەی ژن بە زمانی خۆی باسی خۆی و بیروڕاکانی بکات. من وەک یەک ژن لەو چەندین ملیۆن ژنەکوردەی جیهان دەمەوێ وڵامی پرسیارەکانی پیاوان لە روانگەی خۆمەوە وەک ژنێکی کوردی فێمینیست بدەمەوە. سەرەتا پێویستە راوەستم لە سەر ئەو خاڵەی کە زۆر دژم لەگەڵ ئەوەی تا ناوی ژن دێت، بیر لە جنسی ژن و سێکسی ژن بکرێتەوە؛ وەک بڵێی مرۆڤێک کە بە جنس ژنە، لەم کۆمەڵگادا کێشەی نیە مەگەر پرسی سێکس و پیاویش لە هەموو رەهەندەکانی ژیانی ژن تێگەیشتوە بەشی بزوێنەرە سێکسییەکەی نەبێ. ژن مرۆڤێکە کە سەرچاوەی ژیانە و ژیانی ژنیش لە هەموو رەهەندە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی، فکری و دەروونی، مێژوویی، مرۆڤناسی، مافناسی، بایۆلۆجی و هتد، جێگای سەرنج و لێکۆڵینەوەیە .

**پرسیار گەلی وتاری «فێمینیزم و فێمینیستانی کورد» نووسینی کاک «ئاسۆ بازیزیدی»**

**پرسیار**: رووناکبیرانی کورد هەر وەک نەتەوەی کورد کە ساڵهایە ژێردەستە، سەیتەر بوون و ژێردەستی بە روخساری ئەندێشە و بیر و بڕواکانیانەوە دیارە. لەم بوارەدا خۆتەکاندن و هاندانی مێشک زۆر پێویست نیە؟

**وەڵام**: خۆتەکاندن و هاندانی مێشک هەم بۆ رووناکبیرانی کورد، چ ژن و چ پیاو و هەم بۆ رووناکبیرانی جیهانی سێیەم یا خود وڵاتانی باشوور (بە پێی دابەشکرانی نوێی جیهان بە باکوور و باشوور) زۆر پێویستە. ئەمەش ئەنگێزەیەکی بەهێز دەخوازێ. ئەوەی لە نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دراوسێیدا دەبیندرێ، نەبوون یا دەگمەن بوونی داهێنەر و خوڵقێنەر لە بوارە جیاوازەکاندایە. ئەم هەموو کۆمەڵناس، فەیلەسووف، ئەدیب و... هتدی بەناوبانگ لە جیهاندا هەن، چەندیان کورد، تورک، فارس یا عەرەبن؟ ئەم دیاردە ناحەزە هەر تایبەت بە کوردی ژێردەستە نیە و داوێنی نەتەوە خاون دەسەڵاتەکان بە سەر کوردیشدا دەگرێتەوە؛ بەڵام لە کورددا زۆرتر کاریگەر بووە؛ بۆ نموونە لەم چاخەدا «داریووش شایگان» لە بوواری بە جیهانیبوون و «عەبدولکەریم سرووش» لە بواری خوێندنەوەی نوێ لە دین لە نێو فارسەکاندا، «محەمەد ئەرکون» لە بواری خوێندنەوەی نوێ لە ئیسلام و «ئیدوارد سەعید» لە بواری رۆشنبیریدا و «نەوال سەعداوی» لە بواری فێمینیزمدا لە عەربەکاندا خاوەن بیروڕای خۆیان و داهێنانن. لە بواری ئەدەبی بە شێوەی ناوچەیی نە جیهانی دەکرێ بۆ نموونە ئاماژە بە »نیما یوشیج» لە فارس و «نازوکولمەلایک» لە عەرەب و «نازم حیکمەت» لە تورکدا بکرێ. لە کورددا کوا داهێنەرێک کە لە جیهاندا بەناوبانگ بێت و وەک سەرچاوەیەک باسی لێبکرێ؟

بە شێوەی ناوچەیی دەکرێ نموونەی «گۆران» لە ئەدەبی مۆدێڕن و «بەختیار عەلی» لە راڤە و «شێرکۆ بێکەس» لە شیعردا بکەین؛ بەڵام هیچیان بە تەواوی جیهانی نین و بۆ هەموو دنیا ناسراو نین، وەک چون دەڵێی «ئانتۆنی گیدنز» و تەواوی دنیا بیناسێت.

ئیمرۆ «بەهمەنی قوبادی» لە بواری سینەما توانیویەتی تا رادەیەکی باش لە جیهاندا ناوبانگی بێت و کورد و سینەمای کوردی بناسێنێت. هەموو ئاواتی من ئەوەیە خەڵاتی ئۆسکار بەرێتەوە و ببێتە مایەی شانازی کورد. «لەیلا زانا»ش تارادەیەکی زۆر ناسراوە و بە داخەوە بە هۆی بەرژەوەندی سیاسی تورکیا خەڵاتی ئاشتی نۆبێلی نەدرایە.

دیارە لە بەشی رۆژهەڵات و باکووری کوردستان کە مافی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی نیە، فەرهەنگی فارس و تورک لە مێشکی دانیشتوانی ئەم ناوچەدا سەیتەر دەبێ. پێم وایە دەبێ هەزاران ئافەرین بڵێین بەوانەی کە لەم کەش و هەوایەدا زمانی خۆیان دەپارێزن و هەوڵ بۆ نەتەوەکەیان دەدەن.



سەرچاوە
Serchawe

**پرسیار: رووناکبیرانی کورد دەوا و دەرمانی وڵاتانی مۆدێرن بە تایبەتی رۆژئاوا کە بە سەد ساڵ لە پێشترن هەڵدەگرن و جلوبەرگێکی کوردی لەبەر دەکەن و دەیانهەوێ دەرخواردی کۆمەڵگای نەخۆشی کوردەواری دەن؛ ئەمە زانستییە؟**

و: بە رای منیش کۆمەڵگای کوردی تووشی نەخۆشی دواکەوتووییە کە هەڵبەت ڤایروس و هۆکاری زۆرە. چەوساندنەوە لە لایەن دەسەڵاتداران، بێبەشی لە پیشەیی بوون، خۆخۆری و هتد وایکردووە کە نەمانتوانیوە خۆمان لەم نەخۆشییە رزگار کەین. داهێنەر و خوڵقێنەریشمان لە ئاستی جیهانیدا نیە. نەخوێندەواری و کەمخوێندەواریش لە رێژەیەکی زۆر لە خەڵکی کۆمەڵگادا دەبیندرێ. خەڵکانی رۆژئاوا لە مۆدێرنیتە تێپەڕیون و بەرەو قۆناغی پۆستمۆدێرن دەچن. ئێمە هێشتا قاچمان لە قوڕاوی نەریتەکان هەڵچەقیوە. ئایا ئەزموونەکانی ئەوان لە بەرچاو بگرین و جیهانی بیر کەینەوە و ناوچەیی کار بکەین باشتر نیە لەوەی وەک کیسەڵ بەرەو پێشکەوتن بچین و کەروێشکی مۆدێرنیتەی رۆژئاوا هەموو لوتکەکان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی؟ دیارە هەل و مەرج و برێک تایبەتمەندی ئێمە لەوان جیاوازە؛ بۆیە بە پێی هەل و مەرجی خۆمان دەتوانین جل و بەرگی کوردی لەبەر دەسکەوتە باشەکانی شارستانییەتی رۆژئاوا بکەین و بە خاڵە پۆزەتیڤەکانی خۆشمان وەیڕازێنین. ناکرێ ماڵێک لە خشت لەم جیهانە پڕ لە کۆشکەدا دروست بکەین، دەرگا و دەلاقەکانی داخەین و ناوی بنێین ماڵی کورد. دەکرێ لە چاخی بەجیهانیبووندا و گەشەی پێوەندی نێوان خەڵکی جیهان هەوڵ بدەین کولتوور و زمانی ئێمەش نەسڕێتەوە و کۆشکێک بۆ کوردستان ساز کەین کە هەڵگری تایبەتمەندییەکانی نەتەوەکەشمان بێت. کاک «ئومید وەرزەندە« پەیڤی پرۆفیسۆر «دەیڤید کریستاڵ» زماناس و مامۆستای زانکۆی لە سەر داهاتوی زمان وەرگێڕاوە. چەند خاڵی گرنگ لەم وتارەدا هەیە. دەیڤید کریستاڵ دەڵێ: «٢٥%ی خەڵکی جیهان بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکەن. ئیستا لە جیهاندا شەش هەزار زمان هەیە کە نیوەیان، واتە سێ هەزار زمان لە مەترسی مەرگ و لەناوچوون دان و ئەگەر بەر ئەم رەوتە نەگیرێ تا دوایین کاتەکانی ئەم سەدەی کە تێیدا دەژین، ئەو زمانانە دەمرن. تا سەد ساڵیتر هەر دوو حەفتە زمانێک دەمرێ. مەرگی زمان واتە مەرگی دوایین وێژەر و میراتبەری زمانێک.» هەروەها دەڵێ: «ئیمڕۆ ٦٠ زمان لە جیهاندا هەیە کە تەنیا یەک وێژەری هەیە! و ٩٦%ی زمانەکانی جیهان وێژەریان ٤%ی خەڵکی جیهانە« بە رای کریستاڵ بە سێ شێوە دەکرێ رێگری لە مەرگی زمان بکرێ: یەکەم داخوازی و ویستی خەڵکێک کە بەو زمانە قسە دەکەن، دووەم خوازیاری دەوڵەت کە بەداخەوە برێک لە دەوڵەتەکان لە زمانی کەمینەکان دەترسن، بە تایبەت ئەو کەمینانەی کە زمان و ئەتنیکیان بە شێوازێکی پتەو

تێکەڵاوی یەکتره و سێیەم راگرتنی زمان پێویستی بە پارەیە بۆ چاپەمەنی و کتێب و بڵاڤۆک و هتد. کریستاڵ، سووره لە سەر ئەوەی کە شوناس لە ئەندێشە و لە زماندایە و مرۆڤ تێکچوونی شوناسی خۆی پێ قەبووڵ ناکرێ.

ئیستا لەم هەل و مەرجەدا نەتەوەی ئێمە وەک کورد ئەرکی سەرشانیەتی زمانی خۆی کە شوناسی ئەوە بپارێزێ و لەملایشەوە لە جیهانێکدا دەژی کە مرۆڤەکان بە هۆی پێوەندییەکانیان زۆر لە یەک نزیک بوونەوە و چەمکی شارۆچکەی جیهانی بۆتە واقیعێکی راستی جیهانی. کەواتە بۆ مانەوەمان پێویستە زمانمان لە مەرگ رزگار کەین و لەگەڵ جیهانیشدا رێککەوین و دەسکەوتە پۆزەتیڤەکانی رۆژئاواییەکان بە شێوەیەکی زانستی لەگەڵ کولتوور و تایبەتمەندییەکانی خۆمان یەکخەین. ئەوەشمان لە بەرچاو بێ کە خاڵە نەگەتیڤەکانی خۆشمان دەبێ وەک خاڵە نەگەتیڤەکانی رۆژئاواییەکان وەسڕین. برێک لە بیرمەندانی فەرەنسی دارێژەری بیرۆکەیەکی نوێ بە ناوی «بەجیهانیبوون لە روانگەیەکیتر»ن. ئەم بیرمەندانە پێیان وایە کە وڵاتانی دەوڵەمەند دەبێ پشتیوانی وڵاتانی هەژار بن و بە یارمەتی ئابووری و بە خۆش بوون لە قەرزداری وڵاتانی هەژار و یارمەتی بۆ فێرکاری و پیشەیی بوون و هتد، ئەو دەرفەتە برەخسێنن کە ئەمانیش بەرەو پێشکەوتن بچن و پرۆسەی بەجیهانیبوون نەبێتە هۆکاری قووڵتربوونی کەلێنی نێوان وڵاتانی باکوور و باشوور. لەم روانگەوە دیارە نەتەوەی کورد کە لە چوار وڵاتی عێراق و ئێران و تورکیا و سووریا لە پەراوێزدایە و ئاستی دواکەوتوویی زۆرە، بێگومان پێویستی بە یارمەتی زۆر دەبێ بۆ گەشە کردن. قۆزینەوەی ئەم دەرفەتانە و کەڵک وەرگرتن لەم هەلانە بە قازانجی کوردە نەک خۆ دوور خستنەوە. ئەگەر دەمانەوێ شوناسمان بپارێزین دەبێ سەیری داهاتوو بکەین نە رابردوو.

**پرسیار**: فێمینیزم لە کۆمەڵێ لایەنی جیاواز پێک هاتووە کە نەک وەک یەک ناچن بەڵکوو لە زۆر جێدا دژی یەک رادەوەستن. فێمینیستەکانی ئێمە هەوڵ دەدەن لە شاخە جۆراوجۆرەکانی ئەم دیاردەیە تاریفێ بکەن بە کاریتە و پەیکەری ویست و خوازی خۆیان. ئەمە تا چ رادەیەک زانستیە؟

و: وایە فێمینیزم کۆمەڵێک بیروڕای جیاوازی هەیە. چەندین جۆر فێمینیزم ناسراوە. لەگەڵ تەواوی ئەو دابەشکردنانەی کە کاک ئاسۆ ناوی بردوون و ئاماژەی بە سۆسیال فێمینیزم و مارکسیست فێمینیزمیش نەکردووە، دیسان دابەش کردن بە سێ شەپۆلیش دەبیندرێ و شەپۆل سێیەمییەکان لە سەر ئەو باوەڕەن کە رەنگی پێست و نەتەوە و تەمەن و چین و هتد لە سەر کێشەی ژنان کاریگەریتی زۆری هەیە و فێمینیزمی ژنانی سپی پێستی چینی



سەرچاوە
Serchawe

ناوەندی وڵامدەری هەموو کێشە و گرفتەکانی ژنانی ژنانیتر وەک ژنانی جیهانی سێیەم و ژنانی رەش نیە. نەتەوەی کوردیش نەتەوەیەکی مافخوراوە و تایبەتمەندییەکی هەیە کە هیچ نەتەوەیەکیتری جیهان نیەتی و ئەوەش چوارپارچە بوونە. ئەم چوارپارچە بوونە کۆمەڵێک گرفت و کێشەی سەرەڕای کێشەکانیتر بۆ ژنان بەدیهێناوە. لە لایەکەوە ئێمە تایبەتمەندی کولتووری و کۆمەڵایەتی خۆمان هەیە. ئەگەر کێشەی ژنێکی ئەورووپی ئازادی هاوجنسگەرایی بێ، ئەوە کێشەی ئێمەی ژنی کورد نیە. لە فێمینیزمی کوردیدا ژن و نەتەوە، ژن و مافخوازی و نەتەوەی بێ دەسەڵات و هتد کێشەگەلی سەرەکین کە پێویستە رێگا چارەیان بۆ بدۆزرێتەوە. لە فێمینیزمی کوردیدا خەباتی رزگاریخوازی ژن لە خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد جیاواز نیە. ژنی کورد دەبیَ بە زمانێکی لۆجیک و زانستی ئەم کێشە تایبەتیانەی بۆ خەڵکانی جیهان شی بکاتەوە. سەرەتا پێویستە بە شێوەیەکی زانستی لە فێمینیزم تێبگەین و ئەوسا بە زانیاری و عیلم جێگای شیاوی خۆمانی تێدا وەدۆزین و فێمینیزمێکی کوردی تاریف و پێناسە بکەین. سەرکەوتنی زانستی ئێمە لەم بوارەدا هەنگاوێکی گرنگە بۆ خۆماڵیکردنی تیۆر و ئەندێشەیەکی جیهانی. با کورد فێمینیزمیش وەک لقێکی فێمینیزم لە جیهاندا بناسرێ و بۆ خەڵکانی جیهان سەرنج راکێش بێ کە داخۆ ئەمە چیە؟ دووپاتی دەکەمەوە کورد فێمینیزم دەبێ بە شێوەیەکی زانستی و مەنتیقی داڕێژەرێ و ژنانێکی کوردیش لەم بارەوە خەریکی ئیشی بێ وچانین. ماوەمان بدەنێ بەرهەمی کارەکەمان دەبینن .

----------

**پرسیار**: ژنە رۆشنبیری کورد چ تاریفێکی بۆ فێمینیزم هەیە؟ ئایا ژن بە رەسەن دادەنێ و دژی پیاو دەوەستێ؟

**وەڵام**: بە رای من وەک زۆر لە فیمینستەکانی جیهان کە لە سەر ئەم تاریفە رێککەوتوون، فیمینیزم ئەو زانستە و ئەو بزووتنەوەیە کە پێی وایە ژن بە هۆی ژنیتی و جنسییەوە ستەمی لێدەکرێ و تووشی هەڵاواردن دەبێ و هەر بۆیە دەبێ هەوڵ بدەین ئەو ستەم و هەڵاواردنە دژ بە ژنان وەسڕین و مرۆڤەکان چ ژن چ پیاو لە مافی مرۆڤایەتی بەهرەیان بێت.

یەکێک لە لقەکانی فێمینیزم هەیە کە باوەڕی بەڕەسەنایەتی ژنە. من وەک فێمینیستێکی کورد باوەڕم بە رەسانەیەتی مرۆڤە. فێمینیزمی کوردی دژ بە پیاو ناوەستێ بەڵکوو دژ بە سیستەمی پیاومەزنی دەوەستێ کە ژنی

کۆیلە و پیاوی توندوتیژ رادەهێنێ. پیاوی توندوتیژیش خۆی بە چەشنێک دیل و ئەسیری سیستەمی پیاوەزنیە.

**پرسیار**: ئایا ژنانی فێمینیزمی ئێمە ئاگاداری هەموو لق و پۆکانی فێمینیزم هەن؟ ئەگەر فێمینیستە کوردەکان لە سەر ئەم قۆناغە فکرییەکەم ئاگا بن، ناحەز نیە بە بێ ناسین و توێژینەوەی چەمکێ هەڵگری ئەو چەمکە بن؟

**وەڵام**: دەسەڵاتی ئایینی و توتالیتر و دیکتاتۆرەکانی ناوچە بەردەوام ریکلامیان دژ بە فێمینیزم کردووە و بەم شێوەیە ناساندوویانە کە فیِمینیزم واتە بەرەڵایی سێکسی و تێکدەری بنیاتی خێزان و هاوجنسگەرایی. بەم شێوە ژن و پیاوان لەم چەمکە ترساندووە. بۆ نموونە »ئەسەدوڵڵا بادامچیان» جێگری بەرپرسی حیزبی مۆئتەلیفە لە ئێران کە لایەنی راستی دژ بە ریفۆرمخوازانن و ساڵهایە دەسەڵاتدارن لەم وڵاتە، لە دانیشتنی ژنانی ئەم حیزبە لە شاری کرمان وتوویەتی:

«ئیستیکباری جیهانی! دەیەوێ لە رێگای فێمینیزمەوە شوناسی ژنان وەسڕێ و بیانکاتە دوژمنی پیاوان و بەم شێوە دژایەتی بنەماڵە دەکات. ژنی موسڵمان دوو ئەرکی گەورەی هەیە: یەکەم تێگەیشتن لە مەترسی لایەنگری ژن لە رۆژئاوا کە بۆتە کەرەسەیەک بۆ کۆلۆنیالیزم و دووەم، تێگەیشتن لە پێگەی ژن لە ئیسلامی نەبەوی و عەلەوی و ریکلامی ئەم رێبازانە بۆ رزگاری ژنان. رۆژئاواییەکان هەوڵ دەدەن کۆمەڵگای جیهان سێیەمی لە دەروونەوە تووشی شەڕ بکەن تا خاوەن شوناسی خۆیان نەبن و بەو شوناسەوە لە بەرانبەر ئیستیکباردا رانەوەستن. بادامچیان وتی: دەسەڵاتی ئیسلام لە ئێراندا پێگەی راستەقینەی بە ژنان داوە و بۆتە هۆکاری خۆشویستن و رەزامەندی بە ئیسلام! ژنی موسڵمانی ئیمڕۆ ئەرکی سەرشانیەتی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم ئامانجانەی فێمینیزمدا بکات.

هەرچی سەیری ئەو قسە دەکەم رادەمێنم لە یەکشێوە بوونی ئەو چەشنە بیرکردنەوە لەگەڵ شێوازی بیرکردنەوەی بڕێک لە رووناکبیرنمایانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە خۆشیان بەداخەوە بە نەتەوەیی لە قەڵەم دەدەن. (ئاماژە بە کۆنگرەی ژنی کورد)

کۆمۆنیستەکانیش، فێمینیزم بە کۆسپی سەر رێگای خەباتی پرۆلتاریا دەزانن و بڕێک لە خەڵکانی دواکەوتووی ناووڵاتیش جگە لەوەی خراپ لە فێمینیزم تێگەیشتوون و تۆمەتی بەرەڵایی و دژەپیاوی لە هەموو فێمینیستێک



سەرچاوە
Serchawe

دەدەن، دەڵێن تا کێشەی نەتەوایەتی هەیە نابێ باسی کێشەی ژن بکرێ!!

بە گشتی دەتوانم بڵێم ئەمانە بۆتە هۆکاری ترس لە چەمکی فێمینیزم و بە داخەوە زۆر لە ژنان لەبەر ئەوەی ئاوایان نەزرێ، ناوێرن شوێن فێمینیزم بکەون. بێگومان لەم هەل ومەرجەدا ئەوەی ئامادەیە بێ ترس خۆی بە فێمینیست بزانێ دەبێ لە سەری موتالا و خوێندنەوەی بووبێ و بە هۆی ئەوەی بەر شالاوی تۆمەتی لقە ناحەزەکانی فێمینیزم نەکەوێ دەبێ شارەزای هەموویان بێ. بە کورتی دەتوانم بڵێم هەڵگری فێمینیزم بوون لە وڵاتی ئێمە ئاسان نیە.

**پرسیار**: ئایا بە راست فێمینیزم تا ئەو رادەیە جوان و خاوێنە کە رووناکبیرانی کورد باسی دەکەن؟

**وەڵام**: فێمینیزم و هەر ئایدیۆلۆجیایەکی‌تر لە فکر و ئەندێشەی مرۆڤەوە بەدیهاتوە و دیارە کەم و کووڕی و خاڵی سەرکەوتووشی دەبێ، هەروەک کۆمۆنیزم، سۆسیالیزم، لیبراڵیزم، نیومارکسیزم، نیولیبراڵیزم، مۆدێرنیزم، پۆستمۆدێرنیزم و... هتد مرۆڤ بەردەوام بەم چەمکانەدا دەچێتەوە و نوێیان دەکاتەوە. لە رەوتێکی مێژووییدا ئەو دەرفەتە بۆ مرۆڤ دەخوڵقێ کە هەڵسەنگێنێ و بزانێ ئەم ئایدیۆلۆجیانە لە ئەزموونی کۆمەڵایەتیدا چ دەسکەوتگەلێکی بووە و چەندە سەرکەتووە و لە چیدا لاوازە. هەر بۆیە رووناکبیرانی کوردیش دەتوانن بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی مێژوویی و کۆمەڵایەتی فێمینیزم خاڵە سەرکەوتووەکان و خاڵە لاوازەکانی بەرچاو بگرن و هەوڵ بدەن هەڵەکانی دووپات نەکەنەوە.

**پرسیار**: ئایا فێمینیزم دەتوانێ خۆی لەگەڵ کولتووری نەتەوەیەک بە نێوی کورد یەک بخات؟

**وەڵام**: سەرەتا پیش وڵامی ئەم پرسیارە دەبێ بڵێم ئەوە کوردە کە دەبێ هەوڵ بدات خۆی لەگەڵ جیهان و پێشکەوتن و دەسکەوتەکانی یەک بخات، ئەگینا دواکەتوو دەمێنێ و وردە وردە لە رەوتی بەجیهانیبووندا دەتوێتەوە و لەناو دەچێ. ئێمەی کورد دەبێ هەوڵ بدەین لەگەڵ مرۆڤەکانی‌تری جیهان لە پێوەندیدا بین و ناکرێ خۆمان لە جیهان جیا کەینەوە. گرنگ ئەوەیە لەم پێوەندیەدا خۆمان و کولتوورمان گەشە بدەین و هاوکات لەگەڵ ناساندنی خۆمان بە جیهان رێگری لە توانەوە و سڕینەوەمان بکەین. چ ئیرادێکی هەیە بلیمەتی کورد بتوانێ

خاوەن بیروبڕوای کاریگەر لە سەر ئایدیۆلۆجیا جیهانییەکان بێت؟ جا ئەگەر داهێنەریش بوو چ باشتر.

لە سەر ئەوەش کە ئایا فێمینیزم و کولتووری کورد رێک دەکەون یا نا، دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە فێمینیزم بزووتنەوەیەکی یەکسانیخوازە، بەڵام خاڵی سەرکەوتووی ئەوەیە کە راست دەست دەخاتە سەر بناغەیی‌ترین سەرچاوەی نابەرابەری و ئەوەش نابەرابەری ژن و پیاوە. هەروەها فێمینیزم ئەو توانایییەی هەیە کە لەگەڵ ئایدیۆلۆجیا باوەکانی جیهان خۆی بگونجێنێ و تەنانەت لە نەتەوە و رەگەزەکاندا بە شوێن جێگای شیاوی خۆیدا بگەڕێ. هەر بۆیەش دەتوانێ لە نەتەوەی کوردیشدا جێگای بێت و رۆشنبیرانی کوردیش بە تایبەت ژنان، فێمینیزمی کوردی پێناسە و تیۆریزە بکەن. «بێل هۆکز» بە کتێبی «مەگەر من ژن نیم» بابەتێکی نوێی لە سەر فێمینیزمی رەش ورووژاند و دنیای فێمینیزمی شڵەقاند.

«کۆماری جایاواردینا» فێمینیستی هیندی باس لەوە دەکات کە فێمینیزمی ئەورووپی توانای ناسینی بناغە خۆماڵییەکانی فێمینیزمی جیهان سێیەمی نیە و هەروەها دەنگی ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێ سەبارەت بەوەی کە بۆ دەبێ وا بیر کەینەوە کە خەباتی نەتەوەیی گرنگترە لە خەباتی رزگاریخوازی ژن و ئەم دوانە لێک جیا کەینەوە؟ «ئۆما نارایان» باسی بزاڤی فێمینیستی هیندی دەکات و دەڵێ: «ژنانی هیندی کێشەی تایبەتی خۆیان هەیە و بزاڤی فێمینیستی هیندی دەبێ وڵامدەری ئەو کێشە تایبەتانە بێت، وەک کوژرانی ژنان بە هۆی کەم بوونی جیازی، دەستدرێژی پۆلیس بۆ ژنانی زیندانی هیندی، هەژاری، پرسی تەندروستی و کێشەنەتەوەییەکان. چالاکانی سیاسی فێمینیستی هیند، فیمینیزم بە بەشێکی سەرەکی لە روانگەی سیاسی نەتەوەیی زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم دەزانن.

«سینتیا ئۆنلۆ» باسی هەڵسووکەوتی کۆلۆنیالکەر و بە کۆلۆنیکراوەکان دەکات و پێی وایە: ژنانی وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم بە شێوەی کەرەسەی شەهوەتپەرستی و سێکسی بۆ خزمەتی پیاوانی کۆلۆنیالیست بە کار هاتوون و تەنانەت ژنان بۆ یەکگرتوویی حکوومەتە بیانییەکان لەگەڵ خەڵکی ژێرچەپۆکی کۆلۆنیالیزم بە زۆر دراون بە شوو. ژنانی تریش بە شێوەی ئاشپەز و کرێکاری ژنانی سپی پێستی خاوەن دەسەڵاتی کۆلۆنیالیست سەرکوت کراون.

بەهەرحال ئیمرۆکە فێمینیستگەلێک هاتوونەتە گۆڕپانەکەوە و باسی جنسییەت و نەتەوە دەکەن و رەخنە دەگرن



سەرچاوە Serchawe

لەوەی کە رۆڵی ژن لە پرۆژەی وڵات دروست کردن بەرچاو ناگیرێ. بەتایبەت شێوازی یارمەتی ژنان بەم پرۆژە جیاوازە لە پیاوان. «نێرا یووال دەیویس» و «فلویا ئافتیاس» دەڵێن ژنان لە پرۆسەی بەدیهێنانی ئەتنیک و نەتەوەدا بە چەند شێوە بەشدارن:

١- لە پێکهێنانەوەی بەردەوامی کەمینەی نەتەوەیی

٢- بەدیهێنانی بەردەوامی سنوورە نەتەوەیی و ئەتنیکییەکان

٣- رۆڵی سەرەکی و ئەکتیڤیان هەیە لە راگرتنی بایەخەکۆمەڵایەتییەکان و لەم جیلەوە بۆ ئەوجیل گواستنەوەیان

٤- ژنان نوێنەر و ئیندێکسی جیاوازییە نەتەوەییەکانن

٥- ژنان بەشدارانی چالاکی شۆڕش و خەباتە نەتەوەییەکانن

کەواتە ژنانی کوردیش راگری جیلی کورد، نەتەوەی کورد، بایەخە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی کورد، نوێنەر و نیشاندەری نەتەوەیەکی تایبەت بە نێوی کورد و هەروەها نیوەی هێزی شۆڕشگێر کورد بۆ خەباتی رزگاریخوازی گەلەکەیانن. ژنانی کورد ناتوانن جیاواز لە نەتەوەکەیان بن. تایبەتمەندییە کولتووری و نەتەوەییەکانیشیان هاوکات لەگەڵ بایەخی تایبەت، کێشەی تایبەتیشیان بۆ سازدەکات کە دەبێ رەچاو بکرێ. هەر بۆیە ژنی کورد لە ژن بوونیا لەگەڵ تەواوی ژنانی دنیا هاوبەشە و لە کوردبوونیا لەگەڵ تەواوی کوردەکانی دنیا بەشدارە و دەتوانێ خاوەن فێمینیزمی خۆی بێت. بۆ ئێمەی ژنی کورد بە قەت ژنی هیندی و ژنانی رەش‌پێست و ژنانی جیهان سێیەممان پێ ناکرێ؟ چیمان لە ژنانی‌تری جیهان کەمترە؟ بەرای من هیچ.

**پرسیار**: وشەی فێمینیزم کەی هاتە گۆڕێ؟

**وەڵام**: دیارە فێمینیزم لە ریشەی femen واتە ژنەوە دێ؛ بەڵام لە ساڵی ١٨٧١ دا بۆ یەکەم جار لە دەقیـ◌کی پزیشکی بۆ باسکردن لە نەخۆشیەکی جنسی پیاوان کە تایبەتمەندی ژنانە لە جەستەیاندا بەدی دەکرا بە کار هێنراوە. لەم دواییانەشدا کە وشەی فێمینیزم بە گشتی بۆ بزووتنەوە مافخوازەکانی ژنان بە کار دەبرێ، هێشتا بۆ ئەوەی کە بزووتنەوەی ئاشتیخوازانەی ژنان و... هتد بگرێتەوە یان نا، جێگای پرسیار و باس و خواسە.



سەرچاوە Serchawe

**پرسیار**: رووناکبیری کورد مەبەستی لە کام لایەنی فێمنیزمە؟

**وەڵام**: بێگومان من ناتوانم لە لایەن هەمووانەوە قسە بکەم و تەنیا رای خۆم دەردەبڕم. من لەگەڵ نەوەی دووەمی فێمینیزم واتە شەپۆلی سێیەم دەگونجێم و پێم وایە کێشە نەتەوەییەکانی کورد لە سەر کێشە جنسییەتییەکانی ژنانی کورد راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرە. لە لیبراڵ و سۆسیال و مارکسیست و رادیکاڵ فیمینیزمیش ئەو گوڵانەی هەڵدەبژێرم کە بە منی کورد زیاتر بخوات و ئەوانەی بە دڕکی دەزانم نامەوێن؛ بەڵام بە دڵنیاییەوە وەک فێمینیستێکی کورد دژ بە سیستەمی پیاو مەزنیم، نەک دژ بە پیاو. لە ئاڵمان رادیکاڵ فێمینیستێک وتی: دەبێ جیهان لە پیاو وەسڕین. وتم: ئەی من عاشقی کێ بم؟ بۆوەی من نۆرماڵم. کوڕەکەم، مێردەکەم، باوک و براکانم خۆش دەوێن. ژیان بە وانیشەوە خۆشە. فێمینیستێکی کورد دژی کۆیلەتی جنسێک و رەگەزێک و نەتەوەیەکیترە.

**پرسیار**: پێت وا نیە هەموو پارت و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هەر لە کۆنەوە گرنگی تایبەتیان داوە بە ژن و کاروباری ژنان؟

**وەڵام**: تا گرنگی دان بە کار و باری ژنان لە چ رەهەندێکەوە سەیر کەین؟ ئەگەر ئەم گرنگیدانە راستەقینە بوایە ئیستا لە ئاستی سکرتاریەت و نیوەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و سیاسی و هتد دەبوا ژنانیشمان بدیبایە. قسە تا کردەوە زۆر جیاوازە. کێشەی ژن بە لقێکی بێدەسەڵات بە ناوی ژنانەوە چارەسەر ناکرێ. هێشتنەوەی ژنان لە ئاشپەزخانەکان و ناردنی پیاوان بۆ ئەورووپا بۆ خوێندن و پەروەردەبوون و نەهاتنەوە، کێشەی ژن چارەسەر ناکات. مەبەستم هەموو حیزبەکانە.

من لای نەتەوەی دەسەڵاتدار بە سەر کورددا بەردەوام خاڵە سەرکەوتووەکانمان دەبژێرم، بۆوەی پێم وایە ئەوان ناسیۆنالیزمێکی تۆخیان هەیە و لەو روانگەوە پێیان خۆشە بەردەوام لاوازی و کەم و کووڕیەکانی ئێمە ببینن و بە چاوماندا بکوتنەوە و بە سووک سەیرمان کەن و پێمان بڵێن ئێمە دواکەوتووتر لەوەین کە بتوانین خاوەن دەوڵەت بین. هەر بۆیە پێویستە بزانن تواناییەکانی ئێمە چیە و لە چ رەهەندگەلێکەوە سەرکەوتووین. لە هەمان کاتدا لە ناو خۆماندا باشترە بزانین دڵخۆش کردن بە کارگەلێکی رووکەش قەت قەت ناتوانی کاریگەر بیت. لە ناوخۆ

دەبێ چاو لە راستیەکان نەقونجینین و رەخنە بگرین و هەوڵ بدەین قەرەبووی هەڵەکانمان بکەینەوە. ئێمە شتی سەرکەوتوومان هەیە، بەڵام هەڵە شمان هەیە.

حیزبە کوردیەکان لە ناخی کۆمەڵگاوە هەستاون و دوژمنانمان حەز بکەن و حەز نەکەن ئەم حیزبانە بە هەرحاڵ پیگەی خەڵکییان هەیە و لە دۆخی گونجاودا خەڵک ئەو لایەنگرییە نیشان دەدەن. کەواتە رەخساندنی دەرفەتی بەشداری و چالاکی بۆ ژنان تەنانەت ئەگەر بە پەیرِەوی سیاسەتی هەڵاواردنی پۆزەتیڤ بە بەرژەوەندی ژنانیش بووبێ، دەتوانێ لە گۆڕانکاری بارودۆخی ژناندا کاریگەر بێت و هەروەها لە کۆمەڵگاشدا دەنگ بداتەوە. هەروا کە ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بارودۆخی ژناندا دەتوانن لە ئاستی حیزبەکانیشدا رەنگ بدەنەوە.

**پرسیار**: قازی نەمر ئەو کاتەی مینا خانمی هان دەدا بێتە مەیدانی چالاکی، بیری لەوەی دەکردەوە رۆژێ کەسێ کوششەکانی وان دەباتە نێو خەرمانی فێمینیزم؟

**وەڵام**: هەر رووداوێکی مێژوویی دەبێ بە پێی هەلومەرجی کاتی خۆی هەڵسەنگێنین. نووسینەوەی مێژوو و هەڵسەنگاندنی رووداوەکان بە پێوەری هەلومەرجی زەمەنی هاوچەرخ هەڵەیەکی گەورەیە. مێژوو بە دەست پیاوان نووسراوە؛ ژنی تێدا نابیندرێ یان ئەگەر هەیە بە چاوێکی پیاوانە وەسف دەکرێ و لە روانگەی پەسندی ئەوانەوەیە.

دیارە لە کاتی کۆماری کوردستاندا فێمینیزم بووە، بەڵام لەو کاتەدا چەندە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم پەرەی سەندبوو؟ ئایا بە راستی قازی نەمر تەنانەت وشەی فێمینیستی بیستبوو؟ هەل و مەرجی ئەو کاتە کاریگەرێتی زۆری لە شۆڕشی سووری سۆڤیەت گرتبوو. کۆمۆنیزم زاڵ بوو. کۆمۆمیستەکان تا ئیمرۆش دژ بە فێمینیزم وەستاونەتەوە، بۆوەی پێیان وایە فێمینیزم کەلێنێک دەخاتە نێو چینی پرۆلتاریا و ژنانی کرێکار لە پیاوانی کرێکار جیا دەکاتەوە. ئەوان دەڵێن رزگاری ژن لە سەرکەوتنی خەباتی چینی پرۆلتاریادایە و چینایەتی نەمێنی، ژن رزگار دەبێ. هەر چەند لقی مارکسیست فێمینیستی فێمینیزمیش هەیە کە لە ئایدیای مارکسیستی بۆ راڤەی ئەو ستەمانەی کە لە ژن دەکرێ، کەڵک وەردەگرێ.

بەهەرحاڵ مەبەستم ئەوە بوو ئایدیۆلۆجیا و بزاڤی فێمینیستی لە کاتی قازی نەمردا شتێکی ئاشنا نەبوو بۆ

خەڵکی ئەم ناوچە، بەڵام ئەوەی گرنگە هەنگاوی «قازی محەمەد» و «مینا خانم» بووە بۆ سەرکەوتنی ژنان کە بە پێی هەلومەرجی ئەو کاتە بە راستی کارێکی گرنگ بووە. بە داخەوە تەمەنی کۆماری کوردستان زۆر کەم بوو. ئەگەر بمابایە و بە هەمان شێوە کە دەستی پێکرد لە سەر کاروباری ژنان بچوایە، ئیستا لەوانەیە کوردستان و دۆخی ژنی کورد لە ریزی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا بوونایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٧ و ٢٥ فێبریوێری ٢٠٠٥

# وتوویژێک لەگەڵ دوکتور ڕۆئیا تلووعی

**سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان مێدیا**

دوکتور ڕۆئیا تلووعی سەرنووسەری گۆڤاری ژنانەی "ڕاسان"، ناوێکی ئاشنایە کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە ڕیزی پێشەوەی تێکۆشەرانی مافی مرۆڤو چالاکانی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بووە. پاش ڕوداوەکانی هاوینی ڕابردوو، بە ناجوانمێرانە شەهیدکرانی لاوێکی نیشتمانپەروەری مەهابادی بە ناوی "شوانە سەیدقادر" بە دەستی بەکرێگیراوانی ئیتلاعاتی رێژیم، زنجیرە خۆپیشاندانێکی ئیعترازیی خەلکی قارەمانی مەهابادو دواتریش باقیی شارەکانی کوردستانی لێ کەوتەوەو لە ئەنجامی سەرکوتی خۆپیشاندانەکاندا، ژمارەیەکی بەرچاو لە لاوانی نیشتمانپەروەری کورد، شەهیدو بریندارو، بە سەدان کەسیش لە مەهابادەوە بگرە تا سنەو کرماشان دەسگیر کران. لەو سەروبەندەدا ناوی ئەو خاتوونە بوێرەی خەباتی رزگاریخوازانەی کوردی رۆژهەڵات، وەک کەسێک کە ڕاشکاوانە خوازیاری دەسگیرکران و سزادرانی دەستوردەرانو بەڕێوەبەرانی کوشتاری لاوانی کورد لە مەهابادو باقیی شارەکانی کوردستان بوو، لە ڕاگەیەنە گشتییە سەربەخۆکاندا زیاتر هاتەوە بەرباس. تا ئەوە کە ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی لە ریکەوتی ٢٠ی گەلاوێژی ١٣٨٤ دەسگیریان کردو بۆ ماوەی ٦٦ رۆژ وەک خۆی دەڵێ لە بەندیخانەی شاری سنە لە ژێر دڕندانەترین ئەشکەنجەو ئازارەکانی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیدا بوو. خاتوو ڕۆئیا تلووعی بە زەمانەت تا کاتی دادگایی کران لە بەندیخانە ئازادکرا و بە ناچار ڕووی کردە دەرەوەی وڵات. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە پیی نیوەرۆکی میللی ـ دێموکراتیکی خۆی، هەموو کات پشتیوانیی مەعنەویی لە تیکۆشانی ڕۆئیا تلووعیو هەموو ئازادیخوازانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناوی پاراستنی مافی مرۆڤ لە کوردستانو خەبات بۆ بەرامبەریی ژنو پیاو لە کۆمەڵدا کردووە دەکا. بەڵام هەلومەرجی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ئیزنی نەداوە حیزبی دێموکراتی کوردستان پشتیوانیی ڕاشکاوانەی خۆی لەو خاتوونە بەرێزەو باقیی تیکۆشەرانی کوردی نیشتەجیی کوردستانی رۆژهەڵات، دەرببڕێ، تا نەبێتە بیانوویەک بە دەستی بەکرێگیراوانی رێژیمی ئیسلامییەوەو نەتوانێ دەسگیرو سەرکوتیان بکا.

**ئیستا کە دوکتور ڕۆئیا تلووعی لە دەرەوەی وڵاتە، هەلمان بۆ ڕەخسا لە نزیکەوە وتوویژێکی لەگەڵ پیک بینین.**

**پرسیار**: **ویڕای بەخێرهاتنی خاتوو رۆئیا تلووعی، سەرەتا پێم خۆشە خۆتان بە خوینەرانی " کوردستان"و " ئاگری" بناسینن؟**

**وەلام**: من لە ساڵی ١٩٦٦ لە شاری بانەو لە بنەماڵەیەکی فەرەەنگی لە دایک بووم. بەڕێز کاک هاشمی کەریمی دۆستی باوکم بووەو ناوی منی ناوە تریفە، بەڵام لە ناسنامەدا ناوم رۆئیا بووە. ناوی تریفە بەهۆی ئەوەی پیشمەرگەیەک بۆی هەڵبژاردووم لام زۆر ئازیزو گرنگەو زۆربەی دۆستانی سیاسیو فەرەەنگیم هەر بەو ناوە بانگم دەکەن. نەورۆزی ئیمساڵ کاک هاشم لە لەندەنەوە تەلەفۆنی بۆ کردمو پیی خۆش بوو کە من هەمان کچە بچکۆلەکەم کە ئیستا خەریکی خەباتم لە جێبهەیەکی فەرهەنگیدا، و دیارە بیستنی دەنگی دوای ساڵها دووری، زۆر خۆش بوو بۆمان.

بەهەرحاڵ من لە بانە دیپلۆمم وەرگرتو بەهۆی ئەوەی دەرسم زۆر باش بووو بەردەوام خوێندکاری پلەی یەکەمی پۆل بووم، هەرچەند لە گەرماوگەرمی شەڕی ئێرانو ئێراقو ئاوارەییو دەربەدەری لە دێهاتەکاندا بووین، توانیم لە زانکۆ قبووڵ بمو دوکتۆرای زانستی تاقیگە لە زانکۆی مەشهەد وەرگرمو هەر لەوێش لەگەڵ کوڕێکی فارسی هاوپۆلم بە مەرجی گەڕانەوەو خزمەت لە کوردستان، ژیانی هاوبەشمان پێک هێناو ئێستا دوو منداڵمان هەیە. دەورانی زانکۆم بەداخەوە دەورانی موسیبەتیش بوو. لەو ماوەدا ئامۆزاکەم بە دەست دزێک کوژراو قاتڵەکەی بە یارمەتیی رێژیم ئازاد کراو هەڵات، برایەکم بریندار بووو هەروەها برای گەورەم "بابەک" بە دەست پاسدارێکی تورکی ئەردەبیلی لە سەر سنوور شەهید کراو رێژیم بکوژەکەی بە بێتاوان ناسیو وتی براکەم چەکدار بووەو لە هێڵی سوور تێ پەڕیوەو دەبوا بکوژرایە!!! داخی بابەک بوو بە داخێکی گەورە لەسەر دڵمو هەتا هەتایە ئەو زوڵمەم لە بیر ناچێتەوە.

بە هەرحاڵ من گەڕامەوە بانەو یەکەم تاقیگەی نادەوڵەتیی بانەم، دامەزراندو چەند ساڵ خزمەتی خەڵکەکەم کردو هاوسۆزیی خەمەکانو ئیشو ئازارەکانیان بوومو خەڵکیش زۆر بەدەورمەوە بوونو هەر بەو بۆنەوە کەوتمە بەر چاوی ئیتلاعات و پێم حەساس بوونو جاری واش بوو بە یارمەتیی موچەخۆرەکانیان لە بیمارستانو بڕیک مەتەب ئازاریان دەدامو کەندو کۆسپیان دەخستە سەر رێگام. لە هەلومەرجێکدا کە بەدوای سەرکەوتنی خاتەمیو ریفۆرمخوازاندا بەدیهاتبوو، وەک یەکەم ژن لە بانە هەڵبژێردرام بۆ شورای شارو هەڵبەت بۆ ئەوەش سەرەتا رەدی



سەرچاوە
Serchawe

سەلاحییەت کرامو بە هەوڵو تێکۆشانی خوالێخۆش بوو مامەقالەی بەهرامی، تەیید کرامەوە. لە شورای شار ئەوەندە وێستام تا شارەدارم لەداخی ئیتلاعاتو بە پێچەوانەی دەستووری ئەوان گۆڕی. بەهۆی رۆیشتنی هاوسەرم بۆ شاری سنە بە بۆنەی کڕینی ئازمایشگایەک لەوێ، منیش چوومە سنە. بە زەحمەتێکی زۆر توانیم تاقیگەکەم لە چنگی کەسێکی غەیرە کورد کە خەریک بوو دەیخواردو نابووتی دەکرد ( ژنو کوردی بە نەزانو سادە دەزانیو پێی وا بوو بە پشت بەستن بە دەسەڵاتەوە دەتوانێ ماڵو موناتی من بخوات) رزگار کەمو بیبەم بۆ سنە.

خۆم بۆ نوێنەرایەتیی پەرلەمانی شەشەم، بە مەبەستی دەربڕینی دەنگی ستەمێک کە لە کوردی رۆژهەڵات دەکرێ لە تریبوونی پەرلەمانەوە کاندید کردو پێم وابوو کاریگەرێتی زۆری دەبێ، بەڵام لە لایەن شورای نیگەهبانەوە رەدی سەلاحییەت کرام. زۆری پێ نەچوو تێگەیشتم ئیسڵاح تەلەبانیش هەر درۆ دەکەنو بە پێچەوانەی ئیددیعاکانیان هیچیان بۆ کوردو بۆ ژن پێ نیەو تەنیا مەبەستیان راگرتنی رێژیمە لەو قەیرانەی کە تووشی بووە.

چالاکیی خۆمم لە بواری مافی ژنانو مافی مرۆڤو هاتنە پانتایی رۆژنامەوانی درێژە پێ داو جگە لە بەشداری لە کۆڕو کۆنفرانسی زۆر لەسەر کێشەی ژنان لە ناوو دەرەوەی وڵاتو پێوەندی لەگەڵ چالاکانی مەدەنیو بزاڤی ژنان لە ئێران لە باشووری کوردستان، لەگەڵ دۆستانم ریکخراوەیەکمان بە ناوی "ژنانی کوردی پارێزەری مافی مرۆڤو ئاشتی" دامەزراند کە رێژیم رێگای لێ گرتینو لەسەر ئەوەش بردیانم بۆ دادگا بە بۆنەی شکایەتی حیفازەتی ئیتلاعاتی هێزی ئینتیزامییەوە. بەوەش نەبەزیمو دڵسارد نەبوومەوەو ئەمجارە مانگنامەیەکم لە خاوەن ئیمتیازەکەی بە کرێ گرتو تەواوی خەرجیم لە ئەستۆ گرت بۆ ئەوەی ژنانی رۆژهەڵات لە ناو وڵات تریبونیکمان بۆ خۆمان هەبێت کە بە بێ چاودێریو کۆنترۆڵی پیاوسالارانەی رۆژنامەوانانی پیاو، بتوانین باسی کێشەکانمان بکەین. لە سەرهەڵدانەکانی هاوینی ئیمساڵدا گیرام و ٦٦ رۆژ لە ژێر ئازارو ئەشکەنجە بوومو بە بارمتەی سەد میلیۆن تمەن بە شێوەی کاتی ئازاد کرامو ئێستاش لە ئێران نیم. دادستانیش بە پێی مادەی ١٨٦ی یاسای سزای ئیسلامی بە موحاریبی ناسیومو داوای توندترین سزای بۆ کردوم.

**پرسیار**: **لە کەیەوە تێکۆشانی خۆتان لە بواری مافی مرۆڤو مافی ژناندا دەست پێ کردووە؟**

**وەڵام**: دیارە چالاکیی بەرچاوو ئاشکرای من وەک زۆر لە چالاکانی مەدەنیتر لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای

بڕیک کرانەوەی فەزای سیاسی بە شوێن هاتنی خاتەمییەوە دەستی پی کرد. پێش ئەوە کارەکانمان زۆر ئاشکرا نەبووو دەرفەتیشمان نەدەدرا. ئیستاکەش وەڵامی چالاکیمان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە زیندانو ئەشکەنجەو هەڕەشەی مەرگو سێدارەیە.

**پرسیار**: دوکتور تلوعی، بە گشتی وەزعییەتی مافی مرۆڤو مافی ژنانی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا چۆن دەبینن؟ ئایا لە بنەڕەتدا بە بوونی کۆماری ئیسلامی، هیچ ئاسۆیەک بۆ باشبوونی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا بەدی دەکرێ؟

**وەڵام**: دیارە کۆماری ئیسلامی باوەڕی بە جاڕنامەی مافی مرۆڤ نیەو باسی مافی مرۆڤی ئیسلامی دەکاو روونە پێگەی ژنان لە وەها جاڕنامەیەکدا چۆنە. سەیر ئەوەیە ئێران دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە پەیماننامەی مافی مرۆڤ، دەرنەچووەو بە پێی یاسای نیونەتەوەیی ناچارە ئەو جاڕنامە بەڕیوە بەرێ، بەڵام دەبینین بەردەوام پێشیلی دەکاو تەنانەت کۆنڤانسیۆنی لابردنی هەڵاواردن دژ بە ژنانیش پەسند ناکا.

بەو کردەوانەی کە تا ئیستا لە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بیندراوەن، دیارە ئەگەر بیەوێ ژێر باری بەڕێوەبردنی جاڕنامەی مافی مرۆڤو کۆنڤانسیۆنەکانی، وەک مافی نەتەوە کەمینەکانو "سیداو" بچێ، ئیتر ناوی کۆماری ئیسلامیی ئێران نابێتو دەبێ بە کۆماری دێموکراتیکی ئێران. بەڕای من مافی مرۆڤو وەلایەتی فەقیە قەت قەت یەک ناکەون.

**پرسیار**: گۆڤاری ژنانەی "ڕاسان" کە ئێوە سەرنوسەری بوون، بۆچی تەنیا ٥ ژمارەی لێ بڵاو بووەوە؟ ئایا ئیستا کە لە دەرەوەی وڵاتن، نیازی سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی ئەو گۆڤارەتان نیە؟

**وەڵام**: تا ئەو کاتەی خەرجی "راسان" لە ئەستۆی من بوو، تەنانەت ئەو کاتەش کە لە زینداندا بووم، راسانمان چاپ کرد. سەیر ئەوەیە پارەی چاپی لە لایەن منەوە درا، بەڵام نەیانوێرا یەک دێڕیش لەسەر گیرانی من بنووسن! من کە لە ئێران هاتمە دەر بەداخەوە ئیتر چاپ نەکراوە. هیوادارم خاوەن ئیمتیازەکەی بتوانێ چاپی کاتەوە، بە تایبەت کە بڕێک پارەی لە نەبوونی مندا لە هاوسەرم وەرگرتوە بەهۆی تەواونەبوونی ماوەی قەراردادەکەمانەوەو

هیوادارم خەرجی بەردەوامیی "راسان" بکرێ. بەهەرحاڵ لێرەشەوە، سوپاسی خاوەن ئیمتیازەکەی دەکەم کە لە بارودۆخێکدا کە رێژیم ئیمتیازی چاپەمەنیی بە کەسانی وەک من نەدەداو قەت تەیی‌دی ئیمەمانانی نەدەکرد، دەرفەتی ئەوەی بۆ ژنانی رۆژهەڵات رەخساند کە گۆڤارێکیان بۆ خۆیان بێ. بە تایبەت ئەوەشم لەبەر چارە ئەو کاتە پێشنیاری پارەی چرو پرِی پیاوانی بۆ بەکرێگرتنی گۆڤارەکە رەت کردەوە. سەبارەت بەوەش کە من لە دەرەوەی وڵات دیسان "راسان" بڵاو بکەمەوە یا نا، دەبێ بڵێم ئێستا لە بارودۆخیکدا نیم کە ئەو بریارە بدەم، بەڵام بە نیازم رێکخراوەی ژنانی کوردی پارێزەری مافی مرۆڤو ئاشتی بە یارمەتیی ژنانی کورد دابمەزرێنمەوە، زۆر چالاکتر لە جاران.

**پرسیار**: ئاگادارین کە جەنابتان وەک تێکۆشەرێکی بواری مافی مرۆڤو مافی ژنانی کورد، لە نزیکەوە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانیشتان تاقیب کردوە. لەم دواییانەدا ژمارەیەک لە ئەندامانی کوردی دەورەکانی ڕابردووی مەجلیسی شورای ئیسلامیی ئێرانو چەند کەسێکی ناسراو کە ڕابردوویان لە خەڵکی کوردستان شاراوە نییە، ریکخراوێکیان دامەزراندوە بە ناوی "جیبهەی مۆتەحیدی کورد"و ڕایانگەیاندوە کە دەیانەوێ لە چوارچێوەی قانوونی ئەساسیی ئێراندا مافی کورد بەدی بینن.

ڕاتان سەبارەت بەو ڕیکخراوە تازە چییەو بە بڕوای بەریزتان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، رێکخراوێکی کوردیی سەربەخۆ، دەتوانێ تێکۆشانی هەبێ؟ یان باشترە بڵێین دەتوانێ بە قازانجی مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێران هەنگاو هەڵبگرێ؟ ئەگەر نا، ئامانج لە دامەزراندنی رێکخراوێکی کوردیی ئەوتۆ لە ژێر دەسەڵاتی رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا چیە؟

**وەڵام**: لێرەدا گرفتی سەرەکی، سەرەتا لە لایەن خودی حیزبە کوردییەکانەوە دەبینم کە ئەوەندە لەم بوارەدا ماتڵ بوونو کەمتەرخەمییان کرد کە کەسانێک بەناچارو بە پێی تواناو دەرفەتیان لە ناو ئێرانەوە دەست بەکار بوون. دەمەوێ ئەوەش بڵێم، باشترە ئەوانەی دەستیان داوەتە ئەم ئەرکە نە یەکسەر رەش ببینینو نە یەکسەر سپی. رابردوویان هەرچی بێت دیارە دوایی دەبێ وەڵامی دادگای بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان بدەنەوەو خەڵک هەم کرداری چاکو هەم کرداری خراپیان دەخەنە شایەنی قەزاوەتەوە. لایەنی گرنگی ئەم کارەیان ئەوەیە کە کێشەی کورد ئەوەندە لە ئێراندا زەقو بەرچاوە کە نکۆڵیی لێ ناکرێو بە شێوەی رێکخراوەیەکی کارتۆنیش بووبێ دەخرێتە بەرباس. لایەنی نێگەتیڤی ئەوەیە کە لە ژێر قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانداو خاڵو نێوەرۆکی ئەو

یاسایە - تەنانەت ئەگەر دوای ٢٧ ساڵیش بەڕێوە بچێ ـ مافی گەلی کورد، بەدی نایەتو بۆ بەدیهاتنی مافی نەتەوەکان لە ئێران پێویستی بە ئاڵوگۆڕی قووڵە لە قانوونی بنەڕەتیدا، مەگەر ئەوەی فارس وتەنی بمانەوێ بڵێین "کاچی بە از هیچی"و بە ئەو نەختەش رازی بین. هەڵبەت پێویستە ئەوەشمان لەبەرچاو بێ فراکسیۆنی نوینەرانی کوردیش لە پەرلەمانی ئێران دروست بوو لە هیچ خولێکی شەشەمو حەوتەمدا کارێکی بۆ چارەسەری کێشەی کورد، پێ نەکراو ناکرێ. هۆکاری سەرەکیشی نەزارەتی ئیستیسوابییە لە ئێرانو پاڵاوترانی پارلەمان بێ، هەمان کەسانی تەیید کراوی رێژیمن کە نایانەوێو ئیجازەشیان نیە کارێک دژ بە خواستی رێژیم بکەن. بەهەرحاڵ جیبهەی موتەحیدی کورد ئەگەر مافی کوردی لا مەبەستە دەبێ نەترسانە بێتە مەیدانو لە زیندانو ئازارو ئەشکەنجە نەترسێ، ئەگینا فارس وتەنی "شتر سواری دولا دولا نمی‌شە". نموونەی کاری نەترسانەش رێکخراوەی مافی مرۆڤی کوردستانە کە تا ئێستا ئیشی باشی کردوە.

**پرسیار**: ئێستا کە لە دەرەوەی وڵاتنو بە سەرنجدان بەو تاڵیو ناخۆشییانەی لە رێگای خەباتدا تووشی بوون، وێ ناچێ نیازی گەڕانەوەتان هەبێ. بەرنامەتان چیەو ئایا تێکۆشانی خۆتان درێژە پێ دەدەن؟

**وەڵام**: من دەگەڕێمەوە وڵات، بەڵام لەگەڵ هەموو پێشمەرگەکانو شۆڕشگێڕانی وڵاتە سەربەرزەکەم، رۆژهەڵاتی کوردستان. پێم وا نیە لەم هەلومەرجەشدا، چ لە باری نێونەتەوەییو چ لە باری ناوخۆییدا کە بەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هاتوە، ئەم گەڕانەوە ماوەیەکی زۆر درێژ بخایەنێ. ئەزموونی تاڵەبان لە ئەفغانستانو سەدام لە ئێراقو پرۆژەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەش، پێمان دەڵێ ئاڵوگۆڕ حەتمیو بێئەملاو ئەولایە. هەروەک دەزانن دۆسیەی وزەی ئەتۆمیی ئێران لە لایەن ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمییەوە نێردرا بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نێونەتەوەییو لەوە ناچێ داهاتووی رێژیمی ئێران داهاتوویەکی رووناک بێ.

ئەم ماوەش کە هاتوومە دەر بۆ درێژەدان بە چالاکی هاتوم. دیارە ئەگەر لە ئێران دانیشتمایە، تەنانەت ئەگەر لەم تاوانی موحاریبو شتانەش نەجاتم بوایە ـ کە نەدەبوو ـ دەبوایە بە بێدەنگی دانیشمو هیچ نەکەمو هیچ نەنووسم. بۆ من بێدەنگی وەک زیندانی ئەبەدەو دیارە لە سێدارە خراپترە. چونکە بە سێدارە یەکسەر ژیانت تەواو دەبێ، بەڵام لە زیندان ژیان لە مەرگ ناخۆشترە. بۆ من بێدەنگیو چالاک نەبوون لە مردن دژوارترە.

**پرسیار**: وەک تێکۆشەرێکی مافی مرۆڤو مافی یەکسانیی ژنو پیاو، چ قسەیەکتان هەیە بۆ خوێنەرانی "کوردستان" و

**بە گشتی ژنانی کورد؟**

**وەڵام**: قسەم زۆرە بەڕاستی هیوادارم خوێنەری بەڕێز ماندوو نەبێ.

١- ئیمە کاتێک دەتوانین حکوومەتێکی دیموکراتیک دامەزرێنین کە فیکرو ئەندیشەمان دیموکراتیک بێ. کورد بە گشتی بۆ دیموکرات بوون، پێویستە تاکپەرستی وەلاوە نێت. ئەو عادەتەی کە تاکێک دەکەینە خواو ئەوەندەی گەورە دەکەینەوە کە پێمان وایە ئەم مرۆڤە نابێ هیچ هەڵەیەکی بێتو ئەوپەڕی بەشەر بێت، هەڵەیەکی گەورەیە. زۆر جاریش زۆر بە ئاسایی ئەو قارەمانەی کە دروستمان کردوە بە کەمترین هەڵە دەیڕووخێنینو وا بێڕەحمانە دەیکوتین کە نەتوانێ سەرهەڵداتەوە کە ئەمەش هەڵەیەکی گەورەترە.

٢- دەبێ هەوڵێکی زۆر بدەین فەرهەنگمان لە حاڵەتی زارەکی دەربێنینو بیکەینە فەرهەنگێکی نووسراو. ژنو پیاومان دەبێ گرنگی بدەین بە خوێندو پەروەردەکردنی خۆمانو منداڵەکانمان. هەرچی ئاستی خوێندەواریمان بەرینە سەر، هێشتا هەر کەمەو بۆشاییمان زۆرە.

٣- ستەم لێکراو چ ژن بێ چ نەتەوەیەک بێ، بەهۆی ئەو ستەمەی لێی دەکرێ گرفتی لە باری کەسایەتی، کۆمەڵایەتیو کولتووریەوە زۆرە. بۆ یەکەم هەنگاوی رزگاری لەو ستەمانە، پێویستە باوەڕمان بە خۆمان بێو بە تواناییەکانمان. نە ژنی ئازاو توانا بە پیاو بشوبهێنینو نە کوردی ئازاو توانا بە دەستپەروەردەی دەسەڵات بزانین. باوەڕ کەین کە ئێمەش خاوەن هێزو تواناین. ئەو هێزە دەیخەینە سەر تاوانبارکردنی یەکترین ـ کە لەم رێگاوە خزمەت بە دەسەڵات دەکەین ـ بیخەینە سەر یەکگرتوویی، دەسکەوتمان زۆرتر دەبی.

٤- بۆ ئەوانەش کە بە خوێندەنەوەو لەبەرکردنی دوو کتێب خۆ بە رۆشنبیرو باسەواد دەزانن‌و هەموو کاتیان تەرخان دەکەن بۆ وەی بیرو وتە کۆنو نوێکانی بیرمەندانی رۆژئاوا لەبەر کەنو بە ناوی سەوادو رۆشنبیری خۆیان، بە چاوی یەکتریندا بکوتنەوە ـ کە ئەم دیاردە لە ناو وڵات زۆرە بەداخەوە ـ دەڵێم رۆشنبیری لەبەرکردنو هەست بە باسەوادی کردنو جا دیوارێک نێوان خۆیانو خەڵکدا کێشان، نیە. قایمکاریو نەبوونی شەهامەت، بە عەقڵ زانین، واتای رۆشنبیری نیە. رۆشنبیر دەبێ نەترسو رەخنەگر بێو لە خەڵکەکەیشی دانەبڕابێ. ئەو رۆشنبیرە کە



سەرچاوە
Serchawe

نەتوانێ کاریگەریتییەکی لەسەر ژیانی خەڵک بێ پووشێک ناهێنێ. ئەگەر خۆی داهێنەرو خوڵقێنەری بیرۆکەی نوێ نیە، بیرۆکەی رۆژئاواییش دەقاودەق نۆسخە نەکاو هەوڵ بدا خۆماڵیی کاتەوەو لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگای خۆی هەڵیسەنگێنێ. رۆشنبیری کورد بە رای من پێشمەرگەیەکی فەرهەنگییەو دیارە پێشمەرگایەتیو ترسو قایمکارییان نەوتوە.

٥- ژنانی تێکۆشەری کورد دەبێ لەم قۆناغەدا کە بزووتنەوەی ژنان لە جیهاندا دەسکەوتی باشی هەبووە، جگە لە خەبات بۆ یەکسانیی مافی ژنو پیاو، بۆ یەکسانیی مافی نەتەوەکانیش بە تایبەت نەتەوەی ستەملێکراوی کورد هەوڵ بدەن. دیارە ستەمی میللیش سەرەڕای ستەمی جنسییەتی، یەکێک لە هۆکارەکانی چەوسانەوەی ژنانی کوردە. ئەمە راستییەکی حاشاهەڵنەگرەو پێم سەیرە بڕێک لە چالاکانی بواری مافی ژنان بەهۆی وابەستەبوونیان بە ئایدیۆلۆژییەکەوە نکۆڵی لەم راستییە دەکەن! لەوانەیە هۆکارێکی ئەمەش ساڵەها دوورکەوتنەوە لە وڵات بێو نەچێشتنی ئەو ئازارانەی کە ژنێکی کورد بەهۆی کوردبوونیەوە دەیانکێشن. دیارە ژیان لە وڵاتێکی ئووروپاییو بەهرەمەندی لەو مافانەی بۆ هەر ژنێک بەڕەسمی ناسراوەن، ناتوانێ لەگەڵ شێوازی ژیانی ژنانی ئێمە لە کۆمەڵگایەکی داخراو بە حکوومەتێکی ئایدیۆلۆژیکەوە کە ژن بە نیوەی پیاوو، بە کۆیلەی جینسی دەزانێ، یەکسان بێ. دەبێ لە ناو وڵات بژی تا بزانێ کاتێک بە بۆنەی کوردبوونتەوە بە چ تەحقیرێک سەیرت دەکرێ چونکە کوردی بایەخێکی ئەوتۆت نادەنێ، دەردی ستەمی میللیەتی چیە؟ جا کە ژن بێو کوردیش بێ، ئازارەکەت دوو ئەوەندەیە.

٦- ئێمەی ژن لە داڕشتنی ئەم ئایدیۆلۆژیانەدا چەندە بەشدار بووین؟ ئایا پیاوانی داڕێژەری ئەم ئایدیۆلۆژیانە چەندە تایبەتمەندییەکانی ئێمەیان لەبەرچاو بووە؟ ئایا لەو یەکسانییە کە باسی دەکەن، بەڕاستی جینسی ژن بەرەمەند بووە؟

ئەزموونی کۆمەڵایەتی سەلماندویەتی کەلێنی جینسییەتی لە هەر چینیکدا هەر بەردەوام بووەو بۆ نموونە ژنێکی کرێکار هەرگیز مافی پیاوێکی کرێکاری نیەو بەهۆی جینسییەتیەوە، هەر دەچەوسێتەوە.

ئێمەی ژن ناتوانین بە دروشمی بێ کردەوەی یەکسانی خۆمان بخەڵەتینین. یەکسانی دەبێ لە هەموو بوارەکاندا بەدی بێ.



سەرچاوە
Serchawe

٧- لەسەر ئەو باوەڕەم کە بزاڤی ژنانی ناو وڵات، بزاڤێکی ئایدیۆلۆژیک نیەو ئاسان مارکی لیبراڵیشی پێوە ناچەسپێ. تەنانەت ئەم بزاڤە لە وەڵامی ئایدیۆلۆژییەکی توندڕەوانەدا هاتۆتە ئاراوەو لە هەر ئیدەیەک کە مەحدوودو بەربەستی بکا، کە ئیللا دەبێ وەک من بیر بکەیتەوەو هەر من راست دەکەم، بێزار دەبێ. ئەم بزاڤە پێناسەو تایبەتمەندیی خۆی هەیەو کاریگەریش بووە. هەرچەند دەسکەوتی بەهۆی بارودۆخی حاکمییەتی ئێران زۆر نەبووە. لەمەشدا بزاڤی کرێکاریو خوێندکاریش هەر تووشی هەمان گرفتی کەم دەسکەوتینو هەر تایبەت بە بزاڤی ژنان نیە.

٨- ژنانی کوردو ژنانی ئێرانییش، بەداخەوە پێڕەوی لە هەمان رێگاو رەوشتە پیاوسالارانە دەکەن کە بەسەر هەر دەستەو گرووپێکدا سەپاوە. بۆ نموونە ژنانی سەر بە فڵان حیزب، هەر لەسەر رێوڕەسمی پیاوەکانیان لەگەڵ ژنانی ئەم حیزب کە بیروباوەڕی ئایدیۆلۆژیکیان جیایە یا لەیەک جیا بوونەتەوە ناسازێنو لیک نزیک ناکەونەوە. من ئەمەم بە چاوی خۆم دیوەو زۆر پێم سەیرە. هەر حیزبێک باسی مافی ژن دەکاو بەرابەریو یەکسانی، بەڵام ژنانی ئەو حیزبە جیاوازانە لەسەر گرفتە هاوبەشەکانیان، یەک نەکەوتوون!

ئەمە لە حاڵێک دایە کە ئامانجی هەمووماں یەکسانیی ژنو پیاوەو بەڕای من هەموو یەک قسە دەکەین، بەڵام بە زاراوەی جیاواز. پێم وایە کاتی ئەوە هاتوە کە ژنان ئەم نەریتە پیاوسالارانە بشکێنینو بۆ بەدیهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی ژنانە، ئامادەی تەحەممولی بیروڕای جیاواز بینو هەمووماں بۆ ئامانجی هاوبەشمان، واتە یەکسانیی مافی ژنو پیاوو بۆ مافی مرۆڤ تێ کۆشین، جا چ ژنی بێلایەن بێ، چ کۆمەڵە، چ دێموکرات، چ پژاک، چ یەکیەتیی شۆڕشگێڕان، چ کۆمۆنیست، چ مەزهەبیو چ... دوایە هەمووماں ژنینو بەهۆی جینسییەتمانەوە چەوساوینەتەوە؟

**پرسیار**: وەک دەزانن ٦٠ ساڵ بە سەر دامەزرانی "حدکا"دا تێ پەڕیوە. حیزبێک کە لە پێناوی وەدەستهێنانی مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستاندا خەباتێکی بێ پسانەوەی بە خوێنی هەزاران شەهیدی سەربەرز، درێژە پێ داوەو لە بەرنامەی خۆیدا، باوەڕی قووڵی بە هەموو بەندەکانی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤو بە تایبەتی بەرامبەریی تەواوی ژنو پیاو لە خیزانو لە کۆمەڵدا هەیە. وەک دوایین پرسیار ڕاتان سەبارەت بەحدکا چیە؟

**وەڵام**: من وەک کوردێک هەموو حیزبە کوردییەکانم خۆش دەوێ. هەر تێکۆشەرو خەباتکارێکی نەتەوەکەم لام

بەڕێزە. دیارە حدكا، یادگاریی پێشەوای نەمرمان، قازی محەممەدەو بۆ هەموومان ڕێزێكی تایبەتی هەیە. هەڵبەت یەک لە تاوانەكانی منیش لە كەیفەرخاستەكەدا لایەنگری لە حدكایە بەهۆی ئەوەی لە موساحیبەی رادیۆییدا باسی شەهیدكردنی دوكتۆر قاسملووم كردوە. بەس لەو بەشەی پرسیارەكەدا كە دەفەرمووی باوەڕی قووڵی بە بەرامبەری تەواوی ژنو پیاو هەیە، پێم وایە ئەمڕۆكە ئەم قووڵاییە زۆرتر لە قسە دایە تا كردەوە. بڕوانن لە زەمەنی پێشەوادا چەندە دەوری ژنان بۆ ئەو هەلومەرجە بەرچاوو دیارو كاریگەر بوو؟ جا قیاسی كۆمەڵگای ئەو كات بكەنو كۆمەڵگای ئیستاو هەلومەرجەكانی زەمەنی هاوچەرخ. ئایا بە پێی پێشكەوتنی جیهانو بارودۆخەكە، ژنانی حیزبیش پێگەیان باشتر بووەو پیشكەوتوون؟ چەندە ژنانمان لە بەڕێوبەرایەتیی حیزبدا بەشدارن؟ چەندە دەرفەتی پەروەردە بوونو ئامادەییان لەم بوارەوە بۆ رەخساوە؟ چەندە لە بڕیاردانەكانی حیزبدا ژنانیش بەشدارن؟ چەند ژن ئەندامی كۆمیتەی ناوەندیو دەفتەری سیاسین؟ چەند ژنی سكریتێرمان بووە؟ ئاستی خوێندەواریی ژنانی حیزب لە چاو پیاوانیدا چۆنە؟

هەرچەند حاشا لە خەباتو تێكۆشانی بێوچانی یەكیەتیی ژنانی حیزب ناكەمو بێگومان لام زۆر زۆر پڕ بایەخو گرنگە، بەڵام پێم وایە، هێشتا ڕێگایەكی زۆرمان تا گەیشتن بەو قووڵاییە ماوە كە دەفەرمووی. بەس پێم خۆشە ئەم پرسیارەو وەڵامەكەم بێ سانسۆر چاپ بێ، چونكە بە ڕای من ئەوە نیشانەیەكی گرنگ لە دێموكراتبوونی حیزبە كە تاقەتی رەخنەی هەیەو تەنانەت لە رۆژنامەكەیشیدا چاپی دەكا. هەر ئەو دێمۆكراسی و ئازادیی بەیانە كە ٢٧ ساڵە لە ئێران لێی بێ بەشین.

بە سوپاسەوە، سەركەوتوو بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێكەوتی: مانگی فێبریوێری ٢٠٠٦



سەرچاوە
Serchawe

## «گەنجی» ئەگەر «گاندی» بوایە لە پرسی کورد نەدەترسا

ماوەیەکە بە بۆنەی بەڕێوە بردنی ژیانی نوێ لە دەرەوەی وڵات و ئەرکی بەرپرسایەتی دوومنداڵ بە تەنیایی و لە نەبوونی باوکیاندا، ئەویش لە وڵاتێکی تازە کە هەمووشتێکی جیاوازە لە ئێرانێک کە کۆماری ئیسلامی لە ژێر گوشاری ئیستبداد و ستەمدا کردوویەتی بە جەهەنەم، مەودای نووسینم نیە. لە سایتە کوردییەکاندا جاروبار دەبینم بابەتەکانی «ئەکبەری گەنجی» وەردەگێڕنەوە سەر زمانی کوردی و بڵاوی دەکەنەوە. ئەزموونی من لە ئەمریکا پێی سەلماندووم «گەنجی» ناو نووسراوەکانی لە، «گەنجی» راستەقینە جیاوازە. بۆیە بە حورمەتی دڵی پاکی تەواوی ئەو تێکۆشەرە کوردانە کە بۆ نەتەوەکەمان خەبات دەکەن و بەتایبەت لەبەر حورمەت و خۆشەویستیم بۆ خوێندکاران و ئەو گەنجە کوردانەی کە بە دڵێکی پاک و پێنووسێکی پڕ لە هەستی نەتەوایەتییەوە هاتونە مەیدانی پڕ تەنگ و چەڵەمەی خەبات ، پێویستە ئەزموونی خۆم لە چەند دیداری «ئەکبەری گەنجی» بنووسم . پێم وایە ئەمە ئەرکێکی نەتەوایەتییە بەتایبەت کە ئێمە کوردی رۆژهەڵات جارێک فریوی «خاتەمی» مان خوارد و لە یەکەم خولی هەڵبژاردنی بۆ سەروک کۆماری پتر لە ٩٠% دەنگمان پێدا. تەنانەت ئەو کاتە ئۆپۆزیسیۆن و دنیای رۆژئاواش کڵاوی «خاتەمی»یان سەرچووبوو. «خاتەمی» بە قسەی رازاوە و رەنگینەوە هات و وەمانزانی بەڕاستی کارێک بۆ ئازادی و بۆ مافی رەوای کوردان و ژنانیش دەکا، بەڵام نەک نەیکرد کە رەنگی رەشی نائومێدی و بێ دنەیی و ئینفیعالی کێشا سەر دڵ و روخساری گەنجان و چالاکان. ئیستاش پێویستە هەر دەنگێکی ئازادیخوازی دەبیستین ماوەیەک هەڵیسەنگێنین تا بزانین بۆ کورد چی پێیە و چەندی راستە؟

من نامەوێ بڵێم کە »گەنجی»ش پرۆژەی کۆماری ئیسلامییە، چونکە جارێ بەو قیناعەتە نەگەیشتووم. هەروەها دژایەتی و رەخنەی «گەنجی» لەپرۆژەی هەرەس هێناوی ئیسلاحاتم پێ دروستە. لەهەمان کاتدا رەخنەی دۆستانی چەپی دەرەوەی وڵاتیش لە جێی خۆیەتی کە دەپرسن چۆن گەنجی لە ناو زیندانەوە توانیویەتی بەردەوام وێنە و رێکلام و رێپۆرتاژی مانگرتنەکەی بڵاو کاتەوە؟ هەڵبەت زۆر کەس شکیان لەو ٧٨ رۆژ مانگرتنە هەیە چونکە ئەوە «ئەکبەری موحەمەدی » و «وەلیوڵڵا فەیزی مەهدەوی» دوای ٩ رۆژ مانگرتن لە خواردن گیانیان لە رێگای

ئازادیدا بەخت کرد. هەڵبەت وڵامی «سازگارا» ئەوە بوو کە مانگرتنەکانی ئەوان لە راستیدا هەمان بە ڕۆژوو بوونی ئیسلامی بووە ، بەڵام لە کاتی پارشێو و بەربانگدا سێ کلۆ قەند و چەند پەرداخ ئاویان خواردۆتەوە و مانگرتنی وشک نەبووە .

پێم وایە لە کۆماری ئیسلامیدا جۆرێکی نوێی مانگرتن لە خواردنی ڕیفۆرمخوازان هاتۆتە ئاراوە کە دەتوانن ناوی بنێین مانگرتنی ئیسلامی لە خواردن!!!! ئەوەی بۆ من گرنگە ئازایەتی «سازگارا» یە لە دانپێنان بەوەدا کە ئەو زیندانەی ئەوان چوون لە چاو ئەو زیندانەی ئێمەی کورد دەچین ، لە راستیدا هۆتێلە نەک زیندان. دیسان دۆستانی دەرەوەی وڵات زۆر جار پرسیار دەکەن چۆن «گەنجی» لە نێو زیندانەوە دەتوانێ نووسینەکانی بنێرێتە دەر و تەنانەت کتێبیش چاپ و بڵاو بکاتەوە؟ ئەوەش بۆ من کە زیندانی جمهوری ئیسلامیم چێشتوە جێگای پرسیارە. لەبیرمە کاتێک لە سلوولی ئینفرادی ئیتلاعاتەوە دەیانناردم بۆ زیندانی گشتیی ژنان لە سنە، خاهەرێکی زیندانبان هات و جلووبەرگی پێ داکەندم و تەواوی پێستمی پشکنی بۆئەوەی تەنانەت ووشەیەکیشم نەنووسیبێ. لە پاش ئازادی لە زیندانی گشتیش هەرچیم نووسیبوو لێیان سەندم.

سەبارەت بەوەی چۆن هێشتوویانە«گەنجی» بێتە دەر، بەڕاستی هەر تەنیا ئەو نەبووە و زۆر کەس لە زیندانیانی سیاسی ئێران پێش قەدەخە بوونی دەرچوونیان لە وڵات هاتوونەتە دەر. لەوانەیە رژیم حەزیش بکات لە ناو وڵات لە کۆڵی ببنەوە. ئینسافعەلی هیدایەت، سازگارا،ئەکبەری عەتری ، عەلی ئەفشاری، مێهرئەنگیزی کار ، وێبلاگ نووسەکان وەک ئومید میعماریان و...، کورۆش سیحەتی و زۆر لە خوێندکارانی گیراوی کاتی راپەڕینەکەی ١٨ی پووشپەڕی ١٣٧٨، نەسرینی موحەمەدی و لەم دواییەشدا مەنووچێهری موحەمەدی و. هاتوونەتە دەر. لە کوردەکانیش من و مادیح ئەحمەدی و ئازاد زەمانی و بۆرهانی دیواگەر و. لەدەرەوەین. تەنانەت سەعید ساعیدی دوای زیندان تا بەریتانیا چوو و گەڕایەوە. هەڵبەت لێرەشدا هەڵاواردنی نێوان کورد و ئەوانی تر هەر بەرچاوە، بۆ نموونە لە لایەن رژێمەوە لە کەس داوای پارەی بارمتە نەکراوە، بەڵام چەندین جار داوای بارمتەی منی کورد کراوە!

بەهەرحاڵ ئەوەی روون و حاشاهەڵنەگرە، هەڵاواردنە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ کەسانی وەک»گەنجی»، کە دەتوانێ هۆکارەکەی ئەوە بێ کە خۆی لە ناویاندا بۆ ماوەیەکی زۆر کاری کردووە و ئاشنا و ناسیاوی لە نێو

زیندانیشدا زۆر بووە بڕیارمەتیدانی. من تا ئێرەش هەوڵ ئەدەم خۆم بگەیەنمە ئەو قەناعەتەی کە بەهەرحاڵ لە وڵاتێک کە بنەمای حکوومەتەکەی هەڵاواردنە، «گەنجی» وەڵامێکی بۆ ئەم شتانە نییە یا پێویست ناکا بیبێت.

سەیر و سەمەرە ئەوەیە »گەنجی» باوەڕ ناکات ئەشکەنجە لە زیندان هەبێ. پێی وایە زیندان دژوار نییە چونکە خۆی لە سویتێکی تایبەتیدا بووە کە هەموو ئیمکاناتی ژیانی بۆ دابین کراوە و لەوانەیە بە هۆی یاسای «ملاقات شرعی» کە مۆڵەتی مانەوەی ژن و مێرد و بنەماڵە - هەڵبەت بۆ زیندانی باوەڕپێکراو نە ئێمە مانان - بۆ شەو لە سلوولی تایبەتیدا دەدەن، لە بنەماڵەکەشی زۆر دوور نەبووبێ. بۆیە قارەمان «گەنجی» بە ئازایەتییەوە دەڵێ من دەگەڕێمەوە ئێران تەنانەت ئەگەر بچمەوە زیندان! بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەگەر ئەو سویتە پڕ ئیمکانات و بێ ئەشکەنجانەش لە زیندانەکانی کوردستان ساز دەکرێ ئێمەش هەموومان ئامادەین لە بارودۆخی یەکسان لەگەڵ «گەنجی» دا بگەڕێینەوە ئێران و بچینەوە هۆتێل زیندان!

ئەوەی کە دڵی من لە گەنجی رەش دەکات دیسان بارودۆخی زیندانەکەشی نییە بەڵکوو هەڵوێستی دووڕووانەی سەبارەت بە کێشەی کوردە لە ئێران. لەو ماوەیەدا کە لە تورکیا بووم، کێشەی «گەنجی» زۆر زەق کرابویەوە. من بەردەوام لە ئینتەرنێتدا بەشوێن هەواڵی «گەنجی»یەوە بووم . زۆر جار «نیما»ی کوڕم لێی دەپرسیم ئەوە وێنەی کێیە؟ منیش دەموت ئەوە قارەمانێکی زیندانی سیاسییە. لای «نیما» ئەم قارەمانە دەبوا کەسێکی زۆر باڵابەرز و بەهێز بێ. شەوێک لە ئەمریکا کە تازە گەنجی هاتبوە دەر ، دۆستانی فارس ئاگاداریان کردم دەیانەوێ «گەنجی» ببینن . من و منداڵەکانیشم چوین. «نیما»ی شەش ساڵانەم هەرچاوی بە »گەنجی» کەوت پرسی ئێ؟ ئەوە ریشەکەت کوا؟ دایکە ئەم گەنجییە قارەمانە بۆ ئەوەندە چکۆلەیە؟ ئەو کات هەموومان پێکەنین، بەڵام «نیما» چاکی زانیبوو. کە قارەمانی ناوبراو بچووکە.

هەمان شەو من لەسەر کێشەی کورد دووام و ئاماژەم بەوەکرد کە دەبێ لێک تێگەیشتن و وتووێژ لە نێوان رۆشنبیرانی کورد و فارس و نەتەوەکانی تر پێک بێت وکێشەی کورد دەبێ لە زەینییەتی رۆشنبیری فارسدا کە داوای دیموکراسی و مافی مرۆڤ دەکات جێگا و وڵامی شیاوی خۆی بدۆزێتەوە. بەتایبەت پێم داگرت لەسەر ئەوەی کە »گەنجی» هەوڵ ئەدا خۆی وەک ئاڵاهەڵگری بزافێکی ئاشتیخوازانە لە ئێران بناسێنێ، بۆیە ئەرکی ئەو لە بەرامبەر کێشە نەتەوەییەکان و کێشەی کورد زۆر گرانە. دیموکراسی بە بێ چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی لە



سەرچاوە
Serchawe

ئێران سەر ناگرێ. خۆ خافڵاندنی رووناکبیران لە کێشەی نەتەوەیی و کێشەی کورد دەبێتە هۆکاری دووپات بوونەوەی شەڕی ناوخۆ. ئێرانی داهاتوو رەنگی ئارامش نابینێ مەگەر کێشەی کوردو نەتەوەکانی تر و هەروەها ژنان چارەسەر بکرێ. هەروەها باسی کەسانێک لەچالاکانی بزاڤی ژنانی ئێرانم کرد کە زۆر لە پیاوانی رۆشنبیر لەم بارەوە پێشکەوتووترن و خوازیاری لاچوونی هەڵاواردنن لە هەموو شێوەکانیدا، تەنانەت هەڵاواردن دژ بە نەتەوەکان. من و ئەو خوێندکارانەی لەوێ بوون سەرمان سووڕما کاتێک گەنجی وتی: هەرچی باسی کێشەی ژنان بکەین باشە و یارمەتییە بە بزاڤی دیموکراسیخوازی ئێران، بەڵام کێشەی کەمینە نەتەوەییەکان کێشەیەکی مەترسیدارە و نابێ بیوروژێنین!!! (مسئله قومیتها خطرناکه و نباید بهش دامن زد). ئەم وەڵامە زۆرناشیاو بوو بۆ کەسێ کە رواڵەتی فەیلەسوفی تازە سەرهەڵداوی ئێرانی بە خۆگرتوە، بە ڕادەیێ کە »عەلی ئەفشاری» و «ئەکبەری عەتری» دەنگی نارەزایەتییان هەڵبڕی و وتیان مانای چییە؟ وشەی وروژاندن وشەیەکی زۆر ناڕوونە. ئێمە ناتوانین خۆمان لە کێشەیەکی واقیعی کۆمەڵگا بخافڵێنین. سەیرو سەمەرەتر ئەوەیە بۆ رۆژی دواییدا «گەنجی» لە زانکۆی جورج تاون کۆڕێکی بوو و زۆر کەس هاتبوون گوێی لێ بگرن. شوێنی کورسییەکەی من و منداڵەکانم بەشێوازێ بوو کە »گەنجی» زوو چاوی بەن«یما» کەوت و زانی ئێمە لەوێین. بێگومان زانی لە ناو ٧٥٠ نەفەریشدا پرسیاری هەر لێدەکەم بۆیە لە نێوان وتارەکەیدا لە ناکاو باسی کەمینە نەتەوەییەکانی گونجاند و وتی :

«اقلیتهای قومی مشکل دارن. تبعیض آزارشون میده... من خواهان یک جمهوری دمکراتیک فدرال هستم.» واتە: کەمینە قەومییەکان - نەک نەتەوەیی! - کێشەیان هەیە. تووشی هەڵاواردن بوون. من خوازیاری کۆمارێکی دیمۆکراتیکی فیدراڵم. من کە سەرم لەم ئاڵ و گۆڕە یەکشەوە سووڕ مابوو، لەگەڵ چەند کوردی تر چەپڵەمان لێدا. دوای کۆڕەکە بە گەنجیم وت ئەگەر بەڕاستی تۆ باوەڕت بە مافی نەتەوەکان بێ من بەش بە حاڵی خۆم وەکو نووسەرێکی کورد پشتیوانت دەبم.

هێشتا نەمتوانیبوو وەڵامی ئاڵوگۆڕی یەکشەوەی «گەنجی» بدۆزمەوە کە کتوپڕ لە ترسی وروژاندنی باسێکی خۆیووتەنی خەتەرناکەوە، ببوو بەخوازیاری جمهورییەکی دیموکراتیکی فیدراڵ کە مافی نەتەوەکانی (قەومییەتەکان) تێدا رەچاو دەکرێ، کە لە تەلەڤیزیونی بەشی فارسی دەنگی ئەمریکا داوایان لێکردم چەند خولەک بەشداری پرۆگرامێ بم کە »گەنجی» تێیدا ئامادەیە، تا وەک کەسێک کە لە دانیشتنی کۆشکی سپی دا

بەشدار بووم لەو بارەیەوە بۆچوونی خۆم باس بکەم. خانمێکی تێکۆشەری کرماشانی کە ژنێکی زۆر چالاکە لە بزاڤی دیموکراسیخوازی و بزاڤی ژناندا تازە لە سوێدەوە هاتبوو و هەمان رۆژ لە VOA بـبوو. ئەو خانمە وتی هەر گەنجی زانی تۆ بەشداری بەرنامەکە دەبی رەنگ بە ڕوویەوە نەما و وتی ئەم خانمە باسی کێشەی کورد دەکات. من لەگەڵ مەسەلەی قەومییەتەکان موشکیلەم هەیە!! گوایا کاتێک رەنگ و روخساری گەنجی چاک دەبێ کە دڵنیای دەکەن بە هیچ چەشنێک پرسیارەکان لەسەر کێشەی کورد نابێ. کاتێک دۆستانی تەلەڤزیون و خانمی دۆستم ئەمەیان بۆ گێڕامەوە زانیم ئاڵوگۆڕی یەکشەوەی «گەنجی» مەسڵەحەتێک زیاتر نەبوە کە لە پێناو بارودۆخی کاتی و کتوپڕی خۆی لە زانکۆی جورج تاون بەکاری هێناوە. ئەگینا گەنجی هەمان گەنجییە کە لە باوەڕ و زەینییەتی بە رواڵەت جیهانی خۆیدا کێشەی کوردی بە کێشەیەکی خەتەرناک پێناسە کردبوو، کە نابێ بیوروژێنێت. نازانم لە مێشکی ئەم فەیلەسوفە جیهانییە تازە هەڵاتوەدا جیهانی بێ کورد چون مومکینە؟ ئەو کە دەڵێ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا پرسی فەلەستینی تێدا چارەسەر نەکرێ ئارامی و ئاسایش نابینێ چۆن کوردی دانیشتووی ئێران نابینێ یان نایەوێ بیبینێ یا لە چی دەترسێ کە بیبینێ؟ لە هۆتیل زیندانی تایبەتی کۆماری ئیسلامی دەترسێ؟ پێم وا نییە.

هەڵبەت پێویستە ئاماژەش بە چەند هەڵسوکەوتی تری «گەنجی» هەر لەو چەشنە بکەم. کاتێک هاتە دەر دووبەرەکیی خستە نێوان ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە تازە وردە وردە خەریک بوون لە گرووپگەلی جیاوازەوە یەکیان دەگرت، بەو هیوایەی کۆنگرەیەکی میللی پێک بێنن و لەم بارەشەوە پەیامیان بۆ کوردەکانیش ناردبوو. لەم بەرەدا جمهوریخواز و سەڵتەنەت تەڵەب و راست و چەپ و... خەریکی بەشداری بوون. «گەنجی» بە رەت کردنەوەی سەلتەنەت تەڵەبەکان دیسان جمهوریخواز و سەڵتەنەت تەڵەبی کردەوە گیان یەک. دوای ئەوەی لایەنگرانی پاشایەتی هێرشێکی زۆریان سەر کرد، قسەکەی گۆڕی و وتی سەلتەنەت تەڵەبەکانیش لە سیستەمێکی دیموکراتیدا دەتوانن شانسی خۆیان لە دەنگدانی خەڵکدا تاقی بکەنەوە. هەڵبەت دوای رەچاو کردنی هەمان ماف بۆ خامنەییی! هەروەها لە مانگرتن بۆ ئازادی زندانیانی سیاسی - کە دەمویست بەشدار بم وشوکر بۆ خوا بەشداریم نەکرد - بەس سێ زیندانی سیاسی دەسنیشان کرد و ناوی زۆر کەس وەک زیندانیانی کوردی هەر نەبرد. ئەویشی دوای نارەزایەتی خەڵک بە ناچاری گۆڕی . لەسەر ئەوەش دیسان باس و خواس زۆرە چونکە دوو کەس لەو سێ کەسەی ئەو دەسنیشانی کردن وەک «ئۆسانلو» و «جەهانبەگلو» ئازاد کران و لەوانەیە بە ئازادی «موسەوی خوییینیها» وا پرۆپاگەندە بکرێ کە ئێران ئیتر زیندانی سیاسی نییە. لەم رۆژانەشدا «عیمادەدین باقی»

بەرپرسی «کانوونی کارتۆنی بە رواڵەت نادەوڵەتی پشتیوانی لە مافی زیندانییەکان» رەقەمی زیندانی سیاسی ئێرانی شەش کەس لە قاو دا و وتی ئەوانی تر چالاکانی گرووپگەلی چەکداری دژ بە نیزامن. بەم شێوەیە کوردەکان چونکە لە دۆسییەی هەموواندا لایەنگری حیزبە کوردییەکان هەیە لە روانگەی «باقی» یەوە زیندانی سیاسی نین.

رەخنەیەکی تر کە لەسەر «گەنجی» هەیە هەلپەرستی ئەوە. ئیستا کە بزاڤی ژنانی ئێران پێی ناوەتە قۆناخێک کە بەڕاستی بۆتە کۆڵەکەیەکی گرنگی بزاڤی دیموکراسیخوازی، کەسێک وەک گەنجی لەم دەرفەتە کەڵک وەردەگرێ و دەڵی دەیەوێ بۆ داوای مافی بەرابەری ژن و پیاو داوای مانگرتنی گشتی لە خواردن بکات. من دژ بەوە نیم کە پیاوان پشتیوانی بزاڤی ژنان بکەن، بەڵام دژ بە هەر کەسێکم کە ژنان و بزاڤەکەیان وەک ئامێرێک بەکار بێنن. بزاڤی ژنانی ئێران بە پشتگەرمی هێزی ژنان خۆیانەوە گەیشتۆتە ئەم قۆناخە. باشە »گەنجی» کە ئەوەندە دڵسۆزە بۆچی بۆ پشتیوانی لە مافی نەتەوەکان مان ناگرێ؟ سەیر ئەوەیە لە زانکۆی «بێرکلی» گەنجی وتارێکی تێر و تەسەل لەسەر مافی ژنان پێشکەش دەکات، بەڵام لە کاتی وەڵام دانەوەی پرسیارەکاندا زمانی گەنجی دەبێتەوە بە هەمان زمانی باوی پیاوسالارانەی ئێران، بە چەشنێک کە بەرەوڕووی رەخنەو گازندەی زۆر لە دانیشتوان دەبێتەوە. وەک چالاکێکی بزاڤی ژنان لە ئەمریکا دەیوت «گەنجی» باشترە هەر وتار بخوێنێتەوە و قسە نەکات با بۆشاییەکانی دەرنەکەوێ.

لە بانگهێشتی چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران بۆ کۆشکی سپی کەسانێک وەک «گەنجی» زۆر تووڕە بوون لەوەی کوردەکان و نوێنەرانی «کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ» لەوێ بەشدارن و ئەمەیان بە مەترسییەک بۆ یەکپارچە بوونی خاکی ئێران دەزانی. من چاوەڕوانیم لە کەسێک کە خۆی وەک فەیلەسووفێک و بیرمەندێکی جیهانی دەناسێنێت زۆر زیاتر لەوە بوو کە بە بەشداری نەتەوە ستەم لێکراوەکان عاجز بێ. هەروەها ئەو و هاوبیرانی وا خۆیان لێ ون بوە کە پێیان وایە کۆشکی سپی ئەبێ لەوان بپرسێ کێ بانگ بکات و کێ بانگ نەکات؟ ئەمە لە حالەتێکدایە کە رێفۆرمخوازان هێشتا دەبێ وەڵامی زۆر پرسیار لەسەر بەشداربوونیان لە سەرکوتیی خەڵک بدەنەوە و تەنیا بێبەش بوونی ئەمڕۆیان لە دەسەڵات، واتای ئازادیخوازیی ناگەیەنێ.

لە کۆتاییدا، پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە »گەنجی» بە رواڵەت دەڵێ مەبەستی گرتنە دەستی رێبەرایەتی

بزاڤی دیموكراسیخوازی ئێران نییە. بۆ ئێمەی كە لە نزیكەوە بەدەست ریفۆرمخوازانەوە ساڵەها ئازارمان دیوە، ئەم چەشنە رەوشت و قسەی دوور لە ڕاستی شتێكی نوێ نیە. زۆر ئاشكرایە گەنجی چاوەڕوانی خوڵقێكی جیدییە كە پێی بڵێ فەرموو، ئەویش هەست بكات وەك » گاندی» بووە بە »گانجی». بەڵام ئەم «گانجی» تا ئەو «گاندی» یە زۆر جیاوازە. »گەنجی» ئەگەر «گاندی» بوایە لە پرسی كورد نەدەترسا. بەهەرحاڵ من وەك چالاكێكی بزاڤی ژنان باوەڕم بە وتووێژە و دڵنیام نەتەوەی كورد دۆستانی ڕاستەقینەی خۆی لە بزاڤی مافخوازی و دیموكراسیخوازیدا دەدۆزێتەوە. ئەو دۆستانەی كە ڕووڕاستن و لە ناخی دڵەوە باوەڕیان بە مافی مرۆڤە. مافێك كە هی هەموو مرۆڤەكانە و كەسیش لە كەس «مرۆڤتر» نییە.

سەرچاوە: وێبلاگی كوردستان - ڕێكەوتی: ١٨ی سێپتەمبەری ٢٠٠٦

## دوولەت بوونی حیزبی دیموکرات: خاڵە پۆزەتیڤ و نەگەتیڤەکانی

لەخوێندنەوەی راگەیاندنی لەت بوونی حیزبی دیموکرات، بێ ئیختیار بە دەنگی بەرز گریام. وەک ئەو کاتەی لە سلوولی تاکەکاسی بە دەنگی بەرز دەگریام.....

کچەکەم لێی پرسیم:

. مەگەر تۆ ئەندامی حیزبی دیموکراتی وا خەمباری؟

وتم نا کچم، بەڵام حیزبی دیموکرات یادگارەکەی قازی، هی گشتمانە. من ناتوانم بێ خەیاڵ بم...

-----

سەرەتا دڵم ببوو بە بورکانێک و ئاگری هەست و ئیحساسی لێ دەپڕژا. مەنتیق و لۆژیک کاری نەدەکرد. بە هەر بیرەوەریەک شەپۆلێک فرمێسک دەپڕژایە سەر گۆنام:

بازجوو وتی:

. پیوەندیت لەگەڵ حزبی دیمۆکرات هەیە؟
. نا
. چەند جار چووی بۆ حیزب؟
. وتم خۆ، پێوەندیم نیە. قەت نەچووم.
. دووپاتی دەکەمەوە، پێوەندیت لەگەل حیزب چۆنە؟
. منیش دووپاتی دەکەمەوە، پێوەندیم نیە.

**لەوان ئیسرار و لە من ئینکار....**

**شەپەڵاغەیەک وەها لە گۆنام درا کە هەستم کرد بۆ چرکەیەک بەرچاوم تاریک بوو. سەربازجوو "ڕێزوانی" بە دەنگی بەرز بەسەرمدا قیژاندی:**

**ـ تۆ نەچووی بۆ حیزب؟ تۆ پێوەندیت لەگەڵیان نیە؟؟ ئەوە کێ بوو لە ساڵۆنەکەی هۆتێل پالاس دوو سەعات پیکەوە قسەتان دەکرد؟ حەتمەن دەڵێی ئەویش ناناسی ها؟ ئەی ئەوانی دیکە؟ ئەوانیش ناناسی ها ؟؟؟؟؟؟؟!!!!!!!!!**

**دەمووچاوی رەشی "ڕێزوانی" دوو ئەوەندە رەش هەڵگەڕابوو. بەو چاوە دەڕپەڕیوانەیەوە پڕ لە نەفرەت سەیری دەکردم. هەستم دەکرد ئەم نەفرەتەم جارێکی تریش دیوە.**

**دیسان قیژاندی:**

**ـ منت لە بیرە؟ فستیوالی گەلاوێژ؟ سالۆنەکەی هۆتێل پالاس؟ ناتوانی درۆ بکەی .خۆم تۆم دیوە....**

**راست بوو. من ئەو چاودەرپەڕیوە پڕ لە نەفرەتەم لە سلێمانی دیبوو و نەمزانیبوو کێیە و بۆ وا بە نەفرەتەوە سەیرم دەکات.پێم وا بوو ئەو کابرا رەشە ناشرینە بێدەنگ و مەرمووزەش هەر میوانی فستیڤاڵی هەشتەمی گەلاوێژە ....**

**-----**

**دنیایەکی سەیرە....**

**من چەندین جار میوانی حیزب بووم و لەسەر سفرەیەک هەم لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە و هەم کاک مستەفا هیجری نانمان خواردوە و وتووێژمان بوە. وەک چالاکێکی سەربەخۆی مافی ژنان، هەر وتوومە ئەی بەشداری ژنانی حیزب لە ئاستی باڵادا بوو بە چی؟ ئەوانیش هەر وتوویانە ئاخر ژنی وا لێهاتوومان مان تێدا**

نیە!!!! (تا دنیا دنیایە گلەیی بێ لە هەردووکیان، چونکە ژنی ئازایان زۆرە لە ریزەکانی حیزبدا).
من لەنێو ریزەکانی حیزبی دێموکڕاتدا ژمارەیەکی زۆر دۆستی بەڕێزم هەیە بەتایبەتی ژنە ئازا و تێکۆشەرەکانیان.
ئێستا ئەو ئازیزانەی من هێندێکیان لەملان و هێندێکیشیان لەولا.

زۆر دنیایەکی سەیرە....

من قەت ناتوانم قەڵەمێک هەڵگرم و خەتێک لە نێوان ناوەکانیاندا بکێشم و لێکیان جیا بکەمەوە. هەموویان بەشێکن لە پەیکەری خەباتی نەتەوەکەمان .
هەروەها کە بیری زیندانیە سیاسییەکان دەکەمەوە کاتێک بازجوەکان بە تەحقیرەوە پێیان دەڵێن ئەوەش حیزبەکەتان بوو بە چەند لەت، وەختە دڵم بوەستێ. لە شادی و پێکەنینی ئیتلاعاتییەکان خەمبارم.بەداخەوە منیش بەش بە حاڵی خۆم هەوڵێکی بێ ئاکامم دا کە ئەم جیا بوونەوە روو نەدات بەڵام هیچم پێ نەکرا.

-------

ئاواتی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان یەکگرتوویی تەواوی هێزە سیاسییەکانیەتی چ کۆمەڵە، چ دیموکرات، چ پژاک، چ پارتی ئازادی و هتد، بەڵام بەداخەوە ئیستا حیزبەکانیشمان پارچە پارچە دەبن.کێشەکە لە چیدایە؟ ئایا ئەم پەرتەوازە بوونە دژ بە خەباتی نەتەوەیی و هەروەها خەباتی دیموکراسی خوازی نیە؟ ئایا شەپۆلێک لە نائومێدی و بێ دنەیی لە گەنجان و لاوانماندا بەدی ناهێنێ؟

بەهەرحاڵ ئەوەی نەدەبوو ببێ بوە. وردە وردە بورکانی هەست و ئیحساس دەنیشێتەوە و ئێمە ناچارین رووبەڕووی واقیعی رووداوەکە ببینەوە.منیش لێرەوە دەمەوێ هەست و ئیحساس وەلا نێم و بە لۆژیکەوە بچمە سەر دووچەمک و لە سۆنگەی ئەو دوو چەمکەوە بڕوانمە کێشەکە:

یەکەم: "فرەحیزبی"

"پۆپر" فەیلەسوفێکی بە ناو بانگە و لەسەر ئەزموونی چالاکی و ژیانی خۆی لە وڵاتانی دیمۆکراتیکی رۆژئاوایی - وەک بەریتانیا - دژ بە فرەحیزبییە. لە هەمان کاتدا کە فرەحیزبی دەتوانێ واتای پلورالیزم بێت، پۆپر پێی وایە

فرەحیزبی دەبێتە هۆکاری بەدیهاتنی دەوڵەتگەلی هاوپەیمانی (ائتلافی) کە حیزبەکانی ئەو هاوپەیمانەتییە بەرپرسایەتی تەواویان لە بەرامبەر خەڵکدا نیە. دەوڵەتی هاوپەیمانی بە دەوڵەتێکی لاواز دەزانێ کە هەردەم لەوانەیە هەڵوەشێتەوە و هەروەها ئەو حیزبانەی کە دەنگی زۆریان نەهێناوە و بەس بۆ پێکهێنانی کابینە بەشدارن، هەست بە بەرپرسایەتی سەرەکی لە بەرامبەر خەڵکدا ناکەن. دیارە ئەم ئەزموونە لە نەتەوە خاوەن دەوڵەتەکاندایە. ئێمەی کوردی رۆژهەلات کە هێشتا دەوڵەت و دەسەلاتی خۆمان نیە و لەم هەلومەرجەدا گەورەترین پێویستیمان بە یەکگرتووییە - کە بەداخەوە تا ئیستا پێکنەهاتوە و هەر رۆژ حیزبێکمان بۆ ساز دەبێ حاڵمان چۆنە؟

١- لە لایەکەوە زۆرتر بوونی حیزبەکان و پێکهاتنی حیزبگەلی بچووک ئیمکانی یەککەوتن کەمتر دەکات چونکە بیروراکان و سەلیقەکان هەر رۆژ زیاتر و جیاوازتر دەبن. هەروەها هیچکام لەم حیزبە بچووکانە نوێنەرایەتی بەشێکی زۆر لە خەڵک ناکەن و پێکهاتەی پێداویستییە گرنگەکان لە روانگەی زۆربەی خەڵکەوە نین.
٢- فاکتەرێکی گرنگی تریش کاریگەرە و ئەوەش دووری حیزبەکانە لە ولات. دووری حیزبە سەرەکییەکان وەک دیموکرات و کۆمەڵە بەو مێژووە ٦١ و ٣٠ ساڵەوە زیانی زۆری بۆیان لێ کەوتۆتەوە چ بگات بەو حیزبانەی کە لەدەری ولات و بەدوور لە ئەزموونە نوێکانی خەڵکی دانیشتووی ولات پێکهاتوون.دیارە بۆشایی دووری حیزبەکان لە ولات بە هۆی رێگا نەدانی کۆماری ئیسلامی بە دروست بوونی حیزبگەلی نوێ لەو ناوچە کە بە شێوازی ئاسایی بتوانێ چالاکی بنوێنن، پڕ نەبۆتەوە (لێکۆڵینەوە لەسەر پڕاک لێرەدا ناکەم چونکە بابەتی تایبەتی خۆی پێویستە). هەروەها ئەم دوورییە بۆتە هۆکاری دووری حیزبەکان لە ئاڵوگۆڕە نوێکانی ناو کۆمەڵگا و هەروەها بزاڤی رۆشنبیری کوردی بە گشت تەنگ و چەڵەمەکانیەوە.
٣- هاتوچۆ و بەربلاوتر بوونی پێوەندییەکانیش بە هۆی ئینتەرنێتەوە جارێ نەیتوانیوە فەزای سوننەتی زاڵ بەسەر حیزبەکاندا بە تەواوی بشکێنێت چونکە حیزبە سەرەکییەکان لە نەبوونی مەودای حیزبایەتی لە ناو خۆی ولات، خۆیان بە تاقە مەیداندارى حیزبایەتی زانیوە و رەقیبێکی ئەوتۆیان بۆ رکەبەرایەتی و نوێ بوونەوە نەدیوە.ژنان و گەنجان هێشتا مەودای بەشداری لە ناوەندە دەسەلاتدارەکانی حیزبییان بە شێوەی گونجاو و شیاو پێنەدراوە.کەم نین ئەو گەنجە رۆشنبیرانەی چوونەتە ناو ریزی حیزبەکانەوە و دوایی بە نائومێدی ناچار بە کۆچ بوون.

٤- لە لایەکی ترەوە فرەحیزبی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە هەمان کاتدا کە دەتوانێ هۆکاری ئالۆزی زیاتر و یەکنەگرتن بێ، دەشتوانی مەزنایەتی سوننەتی گەورە حیزبێک بشکێنێ،واتە کوسپێکی سەر رێگای یەکگرتن و پێکهاتنی بەرە لە ناو بەرێت چونکە کەس نەتوانێ خۆی بە نوێنەری زۆرینەی خەڵک بزانێ.

ئیستا هاوکات لەگەڵ مەترسی دەرگیری و شەڕی ناوخۆ، ئەگەری ئەوەش هەیە کە دوو لەتی حیزبی دیموکرات لە رکەبەرایەتی یەکتریش بوە خۆیان نوێ بکەنەوە و هاوکات لەگەڵ رێگا دان بە گەنجان و ژنان بۆ چالاکی و دەسەڵاتداری لە ئاستی باڵادا و گوێ گرتن و مەیدان دان بە رۆشنبیران تەنانەت بۆ پێکهێنانی مەشرووعییەت، هەنگاوی کاریگەر بۆ پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی کوردی (راستەقینە نە کارتۆنییەکە) هەڵگرن. دیارە ئەوەی زووتر ئەم هەنگاوانە هەڵگرێ پێگەی خۆی پتەوتر دەکات. جا دەکرێ ئەو بەرە بشوبهێنین بەو دەوڵەتە هاوپەیمانە کە پۆپر لە کۆمەڵگای دیمۆکراتیکی رۆژئاوادا بە دڵی نیە، بەڵام مەرج نیە لە بارودۆخی ئیستای نەتەوەی بێ دەوڵەتی ئێمەدا کاریگەر نەبێ.

### دووەم: چەمکی "سێکولاریزم"

کاتێک باسی سێکولاریزم دەکرێ زۆربەی خەڵک دەڵێن جیایی دین لە دەوڵەت. لە وتارێکی بەڕێز "شاهۆ تۆفیق" کە هاورێی رۆژنامەوان، "عەدنان حەسەن پوور" وەریگێڕابوو بۆ سەر زمانی فارسی و لە هەفتەنامەیەکی سنەدا چاپی کردبوو زۆر بەجوانی باسی "سێکولاریزم" کراوە. عەدنان بە فارسی دەڵێ: "سکولاریسم یعنی تقدس زدایی از قدرت". واتە سێکولاریزم سڕینەوەی پیرۆزایەتییە لە دەسەڵات.دیارە مەرج نیە ئەو دەسەڵاتە هەر دەسەڵاتی ئایین بێ بەڵکو هەموو چەشنە دەسەڵاتێک ، تەنانەت دەسەڵاتە توتالیتارە کۆمۆنیستییەکانیش دەگرێتەوە. هەر شتێک کە پیرۆز و مەزن بکرێتەوە و وەک ئامیرێک بۆ دەسەڵاتداری بەسەر خەڵکدا بەکار بێت، جا ئەوە شتێکی ناسیۆنالیستی بێ (وەک کەمالیستەکانی تورکیا) یان ئایینی یان کۆمۆنیستی یان تەنانەت کەسایەتییەکی مەزن وەک سەمبۆلێک بەکار بێت بۆ دەسەڵاتداری تاقمێک بەسەر خەڵکدا.

### ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئێمەی کورد سێکولارین؟

١- دیارە کۆمەڵگای ئێمە هەرچەند نە بە تۆخی ناوچە مەزهەبییەکانی ئێران، بەڵام بە گشتی کۆمەڵگایەکی

مەزهەبییە. ئەمەش خۆی گەورەترین و یەکەم لەمپەری سێکۆلاریزمە. لەوانەیە بڕێک رۆشنبیری سێکولارمان ببێت، بەڵام جارێ کۆمەڵگایەکی سێکولارمان نیە.

٢- پیرۆز کردن و پیرۆزایەتی هەر باوە. هەرچەند کە بەهۆی دەسەڵاتداری ئایدیۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامییەوە داخوازی سێکولار بوون لە لایەن نوخبەکان و رۆشنبیرانەوە زیاتر بوە. ئەویش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ داخوازی جیا کردنەوەی دین لە دەوڵەت و سیاسەت، نەک سڕینەوەی پیرۆزایەتی بە گشتی و ئازاد کردنی زەینییەتەکان. واتە تابۆی پیرۆزایەتی لە زەینەکاندا جارێ بە تەواوی نەشکاوە.

٣- کوردیش وەک زۆربەی مرۆڤەکانی تری ئەم جیهانە شتی پیرۆزی هەیە. حیزبە کوردییەکانی هەر چوار پارچەش لەسەر بنەمای پیرۆزایەتی ئیش دەکەن، جا چ پیرۆزایەتی ئایدیۆلۆژیا (بۆ نموونە چەپ) بێ یا پیرۆزایەتی کەسایەتی بێ وەک ئاپۆ (ئاپۆیسم)، ژنرال بارزانی یا خۆدی مام جەلال. یەکێک لە شتە پیرۆزەکانی کوردی رۆژهەڵات رێبەرانی شەهیدن کە گیانی خۆیان فیدای ئامانج کردوە ،بۆ نموونە رێبەرانی نەمر قازی محەمەد و دکتۆر قاسملو و دکتۆر شەرەفکەندی.دیارە ئەم ئوستوورانە زۆر لای ئێمە پیرۆز و مەزنن، بەڵام لەهەمانکاتدا دەبێ ئاگادار بین کە هیچ کەس ناتوانێ تەنیا خۆی بە میراتداری ئەوان بزانێت و ئەوانی تر لەم میراتە بێبەش کات. لەم روانگەوە ئیدیعای هەر دوولەتی حیزب لەسەر ئەوەی کە ئەوان درێژەدەری رێگای رێبەرانی شەهیدن و لایەنەکەی تر وا نیە، بە عەوامفەریبی واتە کڵاو سەر خەڵک کردن دەزانم.

٤- روون و ئاشکرایە دوای تیرۆری رێبەرانی کورد بە تایبەت دکتۆر قاسملو ،پشتی کوردی رۆژهەڵات چەمایەوە و ئیتر کەسایەتی وا لێهاتوومان نەبۆتەوە.کەسایەتییەکی گەورە وەک دکتۆر قاسملو بەو بینش و زانستە سیاسییەوە کە بووی، لەم هەلومەرجە هەستیارەدا دەیتوانی ئەرکی رێبەرایەتییەک نەک هەر بۆ کورد، لەوانەیە بۆ ئێرانیش بگرێتە ئەستۆ. مەخابن دکتۆر قاسملو نەماوە و کەسایەتی خاوەن توانایی واشمان بۆ گێڕانی دەوری رێبرێک لە کۆمەڵگادا نیە.ئیستا ئایا دەبێ راوەستین تا قاسملویەکی تر لە دایک بێتەوە یان درێژەدەری رێگای خەبات بین؟ لە درێژە پێدان بە رێگای خەباتدا، دەبێ زانستی ئەمڕۆییمان بێ یان لەسەر وتەکانی دکتۆر قاسملو لە ١٨ ساڵ لەمەوبەردا رابوەستین؟ ئەگەر دکتۆر بمایە ئایا لەم زەمەنەدا کە جیهان لەهەر خولەکێکدا رووبەڕووی شتێکی تازە دەبێتەوە رێگای تازەی بۆ گەیشتن بە ئامانج دیاری نەدەکرد؟

بەڕای من ناتوانین خەبات راگرین و ناتوانین لەگەڵ رەوتی ئالوگۆڕەکانی ئەمڕۆ خوێندنەوەی نوێمان نەبێ و ناشتوانین ماتڵی لە دایک بوونی کاریزمایەک بین. کۆماری ئیسلامی بە تیرۆری قاسملو زەربەیەکی گەورەی لێمان



سەرچاوە Serchawe

دا، ئیستاش لە کەمین دایە لەم دەرفەتی جیابوونەوە کەڵک وەرگریٚ و براکوژی ریٚبخات.ئیستا ناچارین و دەبیٚ ئیٚمەی بیٚ قاسملو، بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونەکانی ئەو، و هەروەها گەنجینەی فکری و خویٚندەواری کۆمەڵیٚک گەنجی پیٚگەیشتوو هەرچۆنیٚکە ریٚگای خۆمان بدۆزینەوە و پیٚشکەوین.

لیٚرەدا بەڕای من ئیتر ناتوانین کیٚشەی لەت بوونی حیزب بە هەموو گرفت و ناخۆشییەکانییەوە بە گشتی نەگەتیڤ بزانین، بەڵکوو خاڵی پۆزەتیڤیشی تیٚدا بەدی دەکریٚ:

١- ئەوەی کە دوولایەن هیٚمنایەتیان تا ئەم کاتە پاراستوە و هیوادارم هەر بیپاریٚزن، قسە لە دەسکەوتیٚکی گەورە دەکات. کەسایەتی سیاسی کوردی رۆژهەڵات بەرەو لۆژیکیٚک چوە کە ریٚگا لە توند و تیژی دەگریٚ و ئیتر بە دەمارگرژی و شەڕە تفەنگ و براکوژی وەڵامی کیٚشەکان ناداتەوە. کەواتە هیوای ئەوە هەیە لە داهاتوی رزگاری رۆژهەڵاتی کوردستانیشدا براکوژی دووپات نەبیٚتەوە. *

٢- بڕیٚک رچە خەریکە دەشکیٚت و وردە وردە مەزنایەتی و پیرۆزایەتی کەمڕەنگ دەبیٚتەوە و پیٚویستی بە زانستی رۆژ ،جیٚگای خۆی دەکاتەوە.واتە خەریکین بەرەو سیٚکولاریزم بە مانای سڕینەوەی پیرۆزایەتی لە دەسەڵات هەنگاو دەنیٚین. دیارە لە سەرەتای ریٚگادایین و راوەستان لە بەرامبەر ئەمەدا هەیە بەڵام، فکری نویٚ خەریکە دزە دەکات.

٣- بەڕای من دەرویٚشایەتی لە حیزبدا خەریکە زۆر کەمڕەنگتر دەبیٚ. ئیستا دوو سکرتر کەوتوونە بەر رەخنە و ئەمەش هەرچەند بەداخەوە ئاویٚتەی تەوهین و سووکایەتی تاقمیٚک بوە، بەڵام دیسان هەنگاویٚکە بۆ سڕینەوەی مەزنایەتی و ئازاد کردنی فکر و ئەندیٚشە و چوونە سەرەوەی ئاستی شەهامەت و نەترسی.

٤- ئەگەر رەوتی رووداوەکان هەر بە هیٚمنی بچیٚتە پیٚش و دوولایەن بکەونە کیٚبەرکیٚی سیاسی، هیوای چاکسازی و نویٚبوونەوە و بە تایبەت هاتنە مەیدانی ژنان و لاوانی توانا تا ئاستی سەرکردایەتی زۆرتر بوە.

٥- هەروا کە پیٚشتریش باسم کرد دەکریٚ هەنگاوی زۆر جیدی بۆ پیٚکهیٚنانی بەرەی کوردی هەڵگیریٚ و تەنانەت بەرەش پیٚک بیٚ. دیارە ئەگەر نەیکەن هەردوولا خەڵک لە خۆیان بیٚزار دەکەن.

٦- دوای سووکایەتییەکی زۆر کە ناڕاستەوخۆ لەهەر دوولایەنەوە بە یەکتر کرا چەشنیٚک بیٚزاری و ماندوویی لەم کردەوە ناحەزە دەبیندریٚ کە ئەویش دەتوانیٚ سەرەتایەک بیٚ بۆ ریٚگرتن لە نەریٚتی ناشرینی سووکایەتی و تۆمەتبار کردنی مۆخالیف.

**خاڵە نەگەتیڤەکان بریتین لە:**

١- شەپۆلێکی نائومێدی و خەمباری لەم کاتە هەستیارەدا لە ناو خەڵکانی دانیشتووی وڵات و هەروەها کوردەکانی دەرەوە پێک هاتوە . دیارە خەڵک خوازیاری یەکگرتوویین نەک جیا بوونەوەی زیاتر. لەوانەیە ئەم شەپۆلە کاتی بێ ، بەڵام تێپەڕینی ئەم شەپۆلە زیرەکی و هۆشیاری پێویستە. نابێ لەبیرمان بچێتەوە کە کۆماری ئیسلامی بۆ بەرژەوەندی خۆی ئەم شەپۆلە بەهێزتر دەکات.

٢- هەروەک باسم کرد مەترسی ئەوەش هەیە کە بە زۆرتر بوونی حیزب و لایەنەکان لێک تێگەیشتن و یەککەوتن دژوارتر ببێت.

٣- گەورەترین زیانی ئەم لەت بوونە لێک دابڕانی کۆمەڵێک شۆرشگێڕ و خەباتکارە کە تا دوێنێ هاوسەنگەری یەکتر بوون. لەبیرمان نەچێ مەترسی شەڕی ناوخۆ هەر هەیە، بەڵام بە خۆشییەوە تا ئیستا باش پێش چوە و بەری پێ گیراوە.

٤- بەداخەوە ماوێکە هێزی خەباتکاران لە جیاتی ململانێ لەگەڵ دژمنی سەرەکی رووی کردۆتە ململانی لەگەڵ خۆ. ئەم رەوتە ئەگەر ماوێکی زۆر بخایەنێت بە بەرژەوەندی کۆماری ئیسلامییە.

٥- بەداخەوە ئەنگێزەی ئەم لەت بوونە زیاتر لە شەڕی هەردوو باڵدا بۆ کورسی و دەسەڵات خۆی نواندوە. هەرچەند هۆکاری سەرەکی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی سوننەت و مۆدێرنیتە لە دەورانی تێپەڕین لە نەریەوە بەرەو مۆدێڕنەدا، بەڵام دیارە گەنجانی نوێخواز ئەو تواناو هێزەیان بۆ بەدیهێنانی کەلێن لە پەیکەری سوننەتی دەسەڵاتی حیزبیدا نەبوو. هەبوونی مامۆستا حەسەن زادە بە ئەنگێزەی بەشدار بوون لە دەسەڵاتدا و هەروەها کەڵک وەرگرتن لە پێوەندییەکانی مامۆستا توانی ئەم کارە بە ئەنجام بگەیەنێ. بەهەرحال مامۆستا جەسارەتی ئەوەی بوو خۆی بخاتە بەر توندترین هێرش و رەخنەکان بە تایبەت توانبار بوون بە دەسەڵات پەرستی.

٦- خاڵێکی هەرە نەگەتیڤ هیوادار بوون بە هێرشی ئەمریکا یان ئاڵوگۆر لە ناوچەکەدا بەدەست

ئەمریکاوەیە.وەک بڵێی ئەمریکا وا خەریکە هێرش دەکات و ئێران دەگرێت و دەڵێ فەرموون ئاغایان حکوومەت بکەن.جا برادەران پەلەیانە زووتر ئەو کورسییە خەیاڵییانە ریزێرڤ بکەن!!! ئەوەڵەن ئەوەندەی من وەک چالاکێکی مافی مرۆڤ هاتوچۆی ناوەندە سیاسییەکانی ئەمریکا دەکەم، سیاسەتی داهاتوو سەبارەت بە ئێران جارێ هیچ روون نیە. هەرچەند لە دنیای سیاسەتدا هیچ شتێک حیسابی لەسەر ناکرێ، بەڵام ئەوەی دیومە کوردی رۆژهەڵات خاوەن بەشێکی بەرچاو لە سیاسەتی ئەمریکادا نین. کوردی رۆژهەڵات لێرە بەداخەوە کاری سیاسی کاریگەری نەکردوە، تەنانەت نەیتوانیوە لۆبییەکیش بە پارە ساز بکات.ئەوەی دەبیندرێ هەر وەک بەشێک لە بزووتنەوەی دیمۆکراسی خوازی ئێران چاوی لێدەکرێ و خۆی خاوەن شوناسێکی تایبەت نیە.ئەوەش بزانن پارەیەکی ئەوتۆی بۆ تەرخان نەکراوە. کوردی رۆژهەڵات لە ئەمریکا پێویستی بە کاری جیدییە کە بەداخەوە کەسایەتییە جیدییەکانی خۆیان کەمتر لەو کێشە دەدەن و زیاتر خەریکی ژیان و ئابووری خۆیانن. مەخابن ئێمە لێرە سیاسەتوانی بە توانامان نیە.

٧- دوایین خاڵی نەگەتیڤی کێشەی حیزب و دوولەت بوونەکەی، لەدایک بوونی سیاسەتوانانێکی درۆیی و هەلپەرستە کە تا ئیستا هیچیان لەدەست نەهاتوە، بەڵام لە سایەی کەلێنی ناو حیزب و دژایەتی لایەنەکان، خۆیان بە لایەنێکەوە هەڵواسیوە و ئیدیعای کارناسیی سیاسی دەکەن. هەڵبەت گەنجانی خوێندەوار و رۆشنبیری ئێمە زوو مستی هەلپەرستان دەگرن و پێیان دەزانن.بەتایبەت کە ئەم کارناسە کتوپڕانە، شارەزای زانستی سیاسی نین و لەم بارەشەوە هیچ خوێندنەوە و نووسێنێکیان نەبوە و نیە.

**لەکۆتاییدا ئیستا کە بەداخەوە لەت بوونەکە رووی داوە چەند پێشنیارم هەیە:**

١- کورد وتەنی هێشتاش نەچوە بچێ و بەڕای من کات بۆ یەکگرتنەوە هەر ماوە.تا درەنگ نەبوە لەسەر نوێکردنەوەی حیزب یەک کەون و ئاڵوگۆر بەسەر هەڵەکانی رابردوودا بێنن.

٢- لە جیاتی کاک مستەفا بوومایە یەکگرتوویی حیزبم بەسەر کۆرسی خۆمدا هەڵدەبژارد و سەربەرز و قارەمانانە دەستم لە کار دەکێشایەوە با کۆنگرە پێک بێتەوە. دیارە نە تەنیا ئەمە نیشانەی شکستی کاک مستەفا نیە کە بە پێچەوانەوە دەیکات بە کەسایەتییەکی لە خۆ بوردوو.

٣- ئەگەر هەر یەک ناگرنەوە و بڕیاری ئاخر لەسەر جیابوونەوە دراوە، لە جیاتی مامۆستا بم قەت نابم بە سکرتر. بەم شێوەیە تاوانی دەسەڵات پەرستی دەسڕێتەوە و بە پێچەوانەوە شانازی نەترسی و شەهامەت بۆ بەدی هێنانی زەمینەی ئاڵوگۆڕی نوێ دەدرێتە پاڵی.

٤- لە جیاتی هەردوولا بم ڕێگا بۆ گەنجانی خوێندەوار و ڕۆشنبیر و بە تایبەت ژنان دەکەمەوە و تەنانەت لە هەڵاوردنی پۆزەتیڤ بە بەرژەوەندی ژنان کەڵک وەردەگرم.**

٥- یەکەم کار و گرنگترین کار پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی کوردە.هیوادارم هەردوولا وەخۆکەون و زووتر بۆ ئەم کارە هەنگاو هەڵێنن.

٦- سڕینەوەی دروشمگەلی "بمرێ فلان" و "خاین فلان کەس" و "ئیمە هێزی پێشڕەوین" و " سەرکەوێ خەباتی نەتەوایەتی بە ڕێبەرایەتی ئێمە" و هتد. ئەم دروشمانە زۆر کۆنن و لەگەڵ دنیای ئیمڕۆدا نایەنەوە.

٧- گومان لەوەدا نیە حکوومەتی ئیرانیش لەو نێوەدا بۆ بەرژەوەندی خۆی دەگەڕێ. دیارە بۆ پووچەڵ کردنەوەی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی، هێمنایەتی و هەڵسوکەوتی دیموکراتیک لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ حیزبەکانی تر و هەروەها ئەندامان زۆر گرنگە.

٨- کەڵک وەرگرتن لە خولی فێرکاری و وۆرکشاپی فێرکاری "خەباتی مەدەنی دوور لە توندوتیژی" و هتد بە یارمەتی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ئەورووپا و ئەمریکا و ئاسیا دەتوانێ لە بردنە سەرەوەی ئاستی زانیاری ئەندامان زۆر گرنگ و بە نرخ بێت.

٩- دیسانەوەش پێشنیاری یەکەم دووپات دەکەمەوە.

-----

بەم وتارە رادەگەیەنم من وەک چالاکی مافی مرۆڤ و بە تایبەت مافی ژنان هەروەک ئەندام و لایەنگری هیچ حیزبێک نەبووم، لایەنگری هیچکام لە لایەنەکانی حیزبی دیمۆکراتیش نیم و دوستایەتیشم لەگەڵ هەموو ئازیزان

لە هەر لایەنێک بن بەردەوامە. ئەم وتارەش دیارە کەم و کورتی هەیە بەڵام هەوڵم داوە کێشەکە لە روانگەی خۆمەوە هەڵسەنگێنم و هیوادارم هیچکەس و هیچ لایەنێک دڵگران نەبێ.بەهەرحاڵ ئازادی بەیانە....

**تێبینی**:

* ئەم وتارەم لە سەرەتاکانی رووداوی لەت بوونی حیزبدا نووسیبوو و بڵاوم نەکردبۆوە. بەداخەوە ئیستا برێک توند و تیژی و کردەوەی زۆر ناحەز پێشهاتوە کە لەوانەیە بۆ خوێنەری بەرێز جێگای پرسیار و سەرسوورمان بیت. بە هەر حاڵ ئیستاش هیوادارم ئەو توند و تیژییە کۆتایی پێ بێت.

** وەک ئەندامیکی بزووتنەوەی ژنان، هاوکات لەگەڵ دەربڕینی ئامادە بوونی خاتوو شکۆفەی قوبادی بۆ کارگێڕی لە ئاستی باڵای حیزبی، و هەروەها باوەڕم بە توانایی خاتوو خەدیجەی مەعزووری و خاتوو کوێستانی فتووحی، پێوەندیم بە بەرێزان مامۆستا حەسەنزادە و کاک مستەفای هیجرییەوە کردوە و داوام لێکردوون، چ بە یەکگرتنەوە، چ بە کاری جیاواز، دەستی کەم ئەم خاتوونانە لە ئاستی دەفتەری سیاسیدا بەکار بگرن. لێرەشەوە دیسان پشتیوانی خۆم وەک چالاکێکی مافی ژنان لەم مەسەلە دەردەبڕم.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد - رێکەوتی: مانگی جانێوێری ۲۰۰۷

---

## کوردەکان لە سەر دوو ڕێیانی خەباتی چەکداری و مەدەنی

**و: سۆران شێرزاد**

حیزبە کوردییەکان هەر چوار کۆمەڵە و هەر دو دێموکرات جیا لە پڕاک بانگەشەی ئەوە دەکەن کە چەکیان وەلاناوە، بەڵام ئە لاوانەی دینە ریزییان لە بواری نیزامی دا پەروەردە دەکرێن و دواتر لە کەمپەکانیان دا بە چەکەوە بۆ رۆژی مەبادا رایاندەگرن..

لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئەو رۆژە مەبادایە چ کاتێکە؟ ئایا چاوەروانی ئێراقێکی تر و هێرشی ئامریکانە، یان چاوەروانی شۆرشێکی توندوتیژو خوێناوین کە ئەگەر پێویست بوو بە هێزی چەکدارەوە.

### بگەرێنەوە ناو خۆی وڵات؟

نەم گەرەکە نوسراوەکەم بە گێرانەوەی مێژووی شۆرشەکانی کورد درێژ بکەمەوە تەنیا بەوەندە کورتی دەکەمەوە کە وڵاتێک بە نێوی کوردستان لە نێو پێنج وڵات دا دابەش کراوە(ئێران،عێراق،تورکییە،سوریەوئەرمەنستان* جگە لە ئەرمەنستان لەو چوار وڵاتەی ئامـاژەم پێکرد کوردەکان لە شەرێکی خوێناویدان بۆ گەیشتن بە مافە سیاسی ومەدەنییەکانیان. شۆرشی کوردەکان مێژوویەکی دوور ودرێژی هەیە خالێ هەرە بەهێزی لە رۆژهەلاتی کوردستان دەگەرێتەوە بۆ نزیک بە شەست ساڵ لە مەوەبەرو هەوڵی رێبەری نەتەوەیی کورد قازی محەمەد بۆ گەیشتن بە خودموختاری کوردەکان لە چوارچێوەی کۆماری خودموختاری کوردستان..

کوردەکان بە پێی هەلومەرجی ئەوکات چەکیان بە دەستەوە گرت و ئەو رەسمە هەتا ئێستاش بە شێوەی جۆراوجۆر هەر ماوەتەوە . وشەی پێشمەرگەش داهێنانی هەمان کاتە کە بە کەسێکی شۆرشگێر کە لە گیانی خۆی دەگوزەرێ، پیرۆزییەکی تایبەتی پێ بەخشراوە تەنانەت ئەمرۆکە ئەم پیرۆزییە نکۆلی کردن لێی و خەسارناسی بزووتنەوەی چەکدارانەی توشی کێشە کردووە.



سەرچاوە
Serchawe

ئەمرۆکە لە بەرامبەر چەمکی خەباتی شاخ کە هەمان بزووتنەوەی چەکدارانەیە چەمکێک بە نێوی خەباتی مەدنی هاتۆتە ئاراوە کە واتایەکی هێمنانەی هەیە، لەو جێگایەوە بە پێی عادەتی کۆن هەر لە دێرزەمانەوە هەر شێوە سیاسی بوون لە چوارچێوەی بە دەستەوە گرتنی چەک و شەر لە کێوەکانی کوردسیتان لێک دراوەتەوە بزوتنەوەی مەدەنی لە لایەن کەسانێک، بە تایبەت لاوانی تازە کار بەرابەرە لە گەل نکۆڵی لە سیاسەت ودامالێین لە سیاسەت بە شێوەی موتڵەق لێک دەدرێتەوە کە بە باوەری من لێک دانەوەیەکی تەواو هەڵەیە.بزوتنەوە مەدەنییەکان بە شێوازی ئاشتیانەوە و خۆ بواردن لە چەک بەدوای مافی سیاسی و مەدەنییەوەن کە لە بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤەوە ئاماژەی پێ کراوە.

ئەوانەی کە لە بیستنی وشەی سیاسی دەرەوەنەوە لە راستی دا خاوەنی ترسێکی جێ گرتوو وفێربوونێکە کە لە ٣٢سال دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی دا کە باڵی بە سەر کۆمەڵگا دا کێشاوە.

لە هەقیقەتی خۆیدا سەرانی کۆماری ئسلامی بۆ سەپاندنی هێزی بێئەملاو ئەولای خۆیان ئەدەبیاتی داماوی بێچارەییان برەو پێدا کە تاک بۆ سەلماندنی ئەوەی کە چالاکییەکانی دژی شۆرش نییەو بە شەر لە گەڵ خوا سزای توونד نەدرێت بەردەوام دەبێ نکۆڵی لە سیاسی بوونی خۆی بکات وبەردەوام دەبێ خەریکی پاساوهێنانەوەی مەدەنی و یاسایی بوونی چالاکییەکانی بێت.

هەر لە سەر ئەو بنەمایە حیزب ، ئەحزاب ،سیاسەت و سیاسی بوون بە وشەگەلێکی نامۆ، قەدەخەکراو پڕ لە ترس و خۆف بێت کە ئاسەوارەکەی نە تەنیا لە ناو ئیران دا بەڵکوو لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیشدا دا برەوی پەیدا کردووە. گرینگییەکەی لەوەدایە کە خەباتی پاک و بێگەردخوازانەی چالاکان لە ئاستە جۆراوجۆرەکان دا لە کۆتایی خۆی هیچ جۆرە ئاکامێکی نابێت و نیزام و تازەدابراوان لە نیزامش لە چالاکانی کوورد بە گوومانن.

هەروەک ئاماژەم پێ کرد ئەورۆکە لە کۆمەڵگای کوردی دا چەمکی بزووتنەوەی مەدەنی لە بەرامبەر بزووتنەوەی چەکدارانە دا خۆی دەرخستووە بۆتە باسێکی گرینگ بەڵام بێ وڵام لە سەر دوو رییانییەکدا ماوەتەوە.لە لایەکەوە مێژووی ٦٠ساڵەی بزووتنەوەی چەکداری هێرشی چریکی لە بەرامبەر رێژیمی تا سەران لێو موسەلەح کەڵکی خۆی لە بەدەست هێنانی هەر جۆرە پێشکەوتنێک لە گەیستن بە مافەکان دا خۆی نیشان داوە لە لایەکی تریشەوە هەتا



سەرچاوە
Serchawe

ئێستا هیچ کەس بە دروستی نازانێ کە بزووتنەوەی مەدەنی بە چ شێوەیەک نوسراو پێناسەو چۆتە بواری کردارەوە، کێشەیەکی تریش ئەوەیە کە بە داخەوە هەتا ئێستاش لە جیهان دائەوە فیشەک سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆی رادەکێشێ ، بۆ نموونە جیهان دەنگی یاقوبی مێهرنەهادی چالاکی مەدەنی بەلوچ کە مەحکووم بە ئیعدام بوونەبیست بەڵام عەبدوولمالکی ریگی کە دەستی بۆ چەک برد هەموو زانییان کە گۆیا بەلوچەکانیش گلەییو گازەندەیان هەیە هەمان مەسەلە بە شێوەیەک لە کوردستانیش دروستە.بەرپرسە دانراوەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە کووردییەکان زۆریان پێ خۆشە وا نیشان بدەن نەبوونی هیچ جۆرە چالاکییەک بە هۆکاری بوونی ئەمنییەت و رازیی بوونی تەواوی خەڵک لە خۆیان نیشان بدەن ئایا بە راستی شتێکی لە م چەشنە دروستە؟ ئەمن بە چاوی خۆم دیتوومە کە کەسانێک کە خەتی فکری و سیاسیشتان نەبووە بەڵام تا بیستوویانە کە هێرشێکی چەکداری روویداوە پێکەنین و شادی هەموو گیانی داگرتوونە و بە کووردیش وتوویانە با بیخۆن ئەو سەگبابانە لە لایەکی تریشەوە خەڵکانێک کە لە سنوورەکان کە خەریکی کاری بازرگانی ئال وگۆری کاڵا دەکەن خوازیاری هێمنی تەواو لە سنوورەکانن.ئەم پارادۆکسە نە تەنیا چالاکانی مەدەنی و حیزبەکان خەڵکیشی گرتۆتەوە.

لە لایەکی تریشەوە کۆماری ئیسلامی کە رابردوویەکی رەشی لە تیرۆری دژبەرانی خۆی و هەروەها لە زۆربەی شوێنەکانی جیهان دا هەیە با و قەرز کردنی وشەی ترۆریسم و کەڵک وەرگرتنی ئامرازی لێیی هەر شێوە جم و جۆڵی چەکداری بە دژی خۆی تەنانەت لە جوارچێوەی بەرگری رەواش دا بە ترۆریسم دەناسێنێ و لە لایەکی ترەوە دەرگای هەرشێوە چالاکی هیمنانە دەبەستێ..

ژمارەیەکی کەمیش لە چالاکانی مەدەنی یەک لایەنە لەم ئەدەبیاتە کەڵک وەردەگرن بەڵام هیچ جۆرە پێناسەیەکیان بۆ چالاکی مەدەنی و شێوە بە ئەنجام گەیاندن وشێوەی گەیشتنی کوردەکان لەو رێگایەوە ناخەنە بەرچاو.

ئەوانیش لەوە دەترسن کە بە تاوانی سیاسی بوون تاوانبار بکرێن و لە هەمان کاتدا وڵامی ئەو پرسیارە نادەنەوە کە لە هەلومەرجێک دا کە چالاکانی مەدەنی و رۆژنامەنووسان بە سێدارە، بە زیندانی درێژ ماوە مەحکووم دەکرێن لە هەل ومەرجێک دا کە هەموو خەریکی هەڵاتن وخۆدەربازبوونن کە واتە بە چ شێوەیەک دەکرێت چالاکی مەدەنی بکرێت؟ بە چ شێوەیەک دەکرێت ئەم بێدەنگییە بشکێندرێت و ئەم گلەیی و گازەندانە بکەین بە نارەزاییەتی؟

ئەگەرچی لە کوردستان دا رابردووی نارەزاییەتی مەدەنی جۆراوجۆرب هەیە کە لە ۳ رەشەممە ی ۱۳۷۷ی هەتاوی و گەلاویژی ۱۳۸٤کە بە درندانە ترین شێوە سەرکووت کرا و هێندێک جاریش مانگرتنی سەراسەری لە نارەزایەتی بە حوکمی سێدارەی فەرزادی کەمانگەروهاورێیانی بە سەرکەوتوویی بەرێوە چوو بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو مانگرتنە دووپات دەبێتەوە؟ پوتانسیەلی کوردەکانی ئێران بە لە بەرچاوگرتنی کەشی داخراوی ئێران بۆ دووبارەکردنەوەی نارەزایەتییەکی لەم چەشنە تا چ رادەیەکە؟ ئەگەر بروانینە بەستێنی شۆرشی مەدەنی لە نێو کوردەکانی تورکیا دەزانیی کە لە ماوەیەک لە مەو بەر شاهیدی لێ ئەستاندنەوەی حەسانەی پەرلەمانتاران لەیلا زانا و هاورێیانی بووین بۆ خۆ پالاوتن لە هەڵبژاردنی پارلمانی تورکیا بەلام بە هۆی ئەوەیکە بزووتنەوەی مەدەنی لە لە نێو کوردەکانی تورکیا زۆر بە هێزترو جێ کەوتووتر لە ئێمەیە و تورکییاش تا رادەیەک دێموکراتییە لە گەڵ ئێران جیاوازە خەڵک خۆپێساندانیان کردو سێ کەسیش گیانیان لە دەست دا بەڵام هیچ حیزبێک دەستی نەبردە بۆ چەک و فیشەکێکیان نەتەقاند لە ئاکامیش دا هەر خەڵک سەرکەوتنیان بە دەست هێنا و رەدکردنەوەی سەلاحییەتەکان لاچوون.

بە داخەوە پارادۆکس ودورێینانی بزووتنەوەی چەکدارانەو هێمنانە کە دەگاتە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان ئاڵۆزتر دەبێ.لە لایەکی ترەوە هەموو هێزە کۆن ونوێیەکان لە تاراوگە دەژین و دورکەوتنەوەی سی ساڵەی ئەوان بۆتە هۆی دوورکەوتنەوەی کردەیی ئەوان لە کۆمەڵگا کە کۆمەڵگای ئەوانە لە سی ساڵی دوایی دا ئەو هەوراز ونشیوانەی کە بە خۆیەوە دیویتی بێ بەهرە یان بە کەمی کاریگەرییان لێ وەرگرتووە. لە لایەکی ترەوە ژیان لە عێراق و فەرهەنگی جیاواز کە تەنانەی لە گەڵ ئێران یەکیش ناگرێتەوە کاریگەرییەکی بێ ئەملاو ئەملای لە سەر ئەوان داناوە کە جاروبارەررێبەرانی ئەو حیزبانەی لە خوێندنەوەو لە کۆمەڵگا توشی پاسیفیسم یان هەڵەی ژمێریاری گەورە کردووە.

لە بواری ماڵییەوە پشت بەستن بە ئەحزابی باشووری کوردستان زیانێکی گەورەی بە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان وجەستەی بزوتنەوەی سیاسی ئەو بەشە گەیاندووە. هێندیک دەنگۆی نەسەلمێندراو لە نێو کوردەکان دا بوونی هەیە کە گوایا وەلانانی بزووتنەوەی چەکدارانە لە لایەن ئەو حیزبانەوە کۆمەڵەو دێموکرات بەر لە لەت بوون بە هۆکاریی رێککەوتنی ئەحزابی کوردستانی ئێراق لە گەڵ کۆماری ئێسلامی روویداوە.ئەگەر ئەو حیزبانە بە رەسمی هەواڵی ئەو رێککەوتنەیان پشت راست نەکردۆتەوە بەڵام وەلانانی کاتی چەک لە لایەن ئەو حیزبانەوە بە

مەبەستی پاراستنی دەسکەوتەکانی کوردستانی عێراق دەکرێ راستی ئەو دەنگۆیانە بسەلمێنی.

هەرجوار کۆمەلەو هەردوو دێموکرات جگە لە پژاک باس لە وەلاتانی کاتی چەک دەکەن بەڵام ئەو لاوانەی دەچنە ریزیان پەروەردەیان دەکەن و وبە شێوەی موسەلەح لە کەمپەکان دا دوای سازمان دانیان بۆ رۆژی مەبادا رایان دەگرن. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەو رۆژە مەبادایە کەنگێیە؟ ئایا چاوەروانی عێراقیکی ترو هێرشی ئامریکانە یان چاوەروانی شۆرشیکی توندوتیژ و خوێناوین کە لەکاتی پێویست دا بگەرێنەوە ناوخۆی ولات؟ ئایا وەلاتانی شەری چەکداری و رێزوباوەر بە خەباتی مەدەنی کە بۆخۆشیان لەو شەرایەتە داخراوە بەبەراوەرد لە گەڵ پێشتر کەمتر داخراو، کە هیچ پێناسەیەکیان بۆی نییە بە پەروەردەکردنی هێزی پیشمەرگە کە لە کەمپەکان خەریکە ئەتوێنەوە لە دژایەتی دانییە؟ کار دەگاتە شۆنێک کە هاورێی خۆشەویستم عەبدوللا موهتەدی سکرتێری مادام العمری باوەرمەند بە دێمکراسی لە وتوویژ لە گەڵ محمد رەزا یزدان پناە دا لە وڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێ کە لەگەڵ ئەویکە شەری چەکداریتان وەلاناوە هۆکاری چێ کە هێزی پێشمەرگەتان پاراستووە ئایا ئەمە پارادۆکسی گوتاری و کرداری ناهێنێتە پێش تا ئەو رادەیە دەچێتە پێش کە هەموو پیرۆزی پێشمەرگە لە تا ئاستی بادیگارد دێنێتە خوارێ و دەڵێ کە هێزی پێشمەرگە لە پلە یەکەم دا بۆ پاراستنی گیانی ئەندامانی حیزب و بارەگاکانی چالاکی دەکا.

ئایا بەراستی لاوێکی کورد کە لە ژێر زوڵمی داگیرکەر پشتی چەماوە وگیانی لە بەری دەستی دادەنێ داوای مافی میلەتەکەی دەکات لە روانگەی ریبەرانی ئەوحیزبانە بادیگاردە و تەواو؟ ئایا سەرانی ئەحزابی تریش بەم شێوەیە بیروبۆچونەوە دەجوڵێنەوە و بوێری ئاغای موهتەدییان نییە؟

کۆی ئەو پرسیارانەو هەروەها نەبوونی پێناسە بۆ چۆنیەتی بزوتنەوەی مەدەنی و بەستێنی بە ئاکام گەیشتنی ، هەم لە نالْ وهەم لە بزمار دانی ئەو حیزبانە لە خەباتی چەکداری کردنی یان نە کردنی، پرش وبلاوی حیزبە کوردییەکان بە پێچەوانەی ویستی کۆمەلانی خەڵک بۆ هاوکاری ئەوان لە بەرەیەکی هاوبەش دا و یەکخستنی تواناو هێزی لایەنگرانیان، ولامدەر نەبوونی شەری چەکداری بۆ گەیشتن بە مافی کوردەکان دوای دەیان ساڵ شۆرشی خوێناوی، داخراوبوونی هەرجۆرە چالاکی هێمنانەی سیاسی ومەدەنی لە ناوخۆو وێڵ بوونی چالاکانی مەدەنی کورد سەبارەت بە چۆنیەتی کار وچالاکی کە هەم بتوانێ خاوەنداریتی لە ویستە نەتەوەییەکانی بکات

وهەم ئەوەیکە ئەوان تووشی زیندان و ئێعدام نەکات، کوردەکانی خستۆتە سەر دوو ڕێیانی بـزوتنەوەی چەکدارانەو پێچەوانەکەی تا ئێستا هیچیان نە ڕەدکراوەنەتەوە نە ڕێکارێکی وڵامدەریان بۆو پرسانە هەبووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی دەنگو باسی کوردستان - ڕێکەوتی: ٨ی دێسەمبەری ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

## فێمینیزە کردنی ناسیۆنالیزم

**وەرگێران: سیروان مووساپوور**

نەتەوەخوازیی کوردی وەک ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی دیکە پێکهاتە و مەیدانێکی پیاوانەیە، بەڵام ژنانی کوردیش بەرهەمهێنەرەوەی بوون و هەن. هەوڵی لایەنە چەپەکانیش بۆ نەهێشتنی ناسیۆنالیزمی کوردی بەکردەوە کارێکی بۆ نەکراوە و هەنووکەش ئەم هەستی نەتەوەخوازییەی کوردی توانای کۆکردنەوەی بیروڕای نزیک بە تەواوی کوردەکانی هەیە. لە شەڕی ئەم دواییانەی کۆبانێ ڕەهەندی نەتەوەخوازیی کوردی بۆتە هۆی ئەوەی شەپۆلێکی گەورە لە پشتیوانیی کوردەکان بۆ کۆبانێ وەڕێ بخرێ و ئەم شەپۆلە تەنانەت چەپەکانیشی ڕەگەڵ خۆی داوە. چاونوقاندن و بەژێستی شێوە ڕۆشنبیرانەی چەپ، بۆ نکۆڵی کردن لە ناسیۆنالیزم چ دەسکەوتێکی نابێ و تەنیا حاشاکردن لە واقعییەتی دۆخەکە و خۆفریودانە. بە بڕوای من فێمینیستە کوردەکان لەگەڵ هەڵسەنگاندنی واقیعبینانەی ناسیۆنالیزمی کوردی، دەبێ هەموو توانای خۆیان بۆ جوان کردن و سڕینەوەی توندوتیژی، دەسەڵات پەرستیی و هەڵاواردنە پیاوسالارییەکان لە ناسیۆنالیزم وەگەڕ بخەن و سیمایەکی نەرم، مرۆیی و لۆژیکی پێببەخشن. لەڕاستیدا نیشاندانی وێرژنێکی ژنانە لە ناسیۆنالیزمی کوردی لە جیهانی توندوتیژی ئەمڕۆیی پێویستە. وێرژنێک کە یەکلایەنە، بێدەنگ و خۆپەرستانە نیە و شوێنەوارەکانی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیی و جیهانییەکان لەبەرچاو دەگرێ.

### ئاشتیی نێوان فێمینیزم و ناسیۆنالیزم لە نەتەوەیەکی بێدەوڵەت: فێمینیزەکردنی ناسیۆنالیزم

پێم خۆشە بە وردبینییەکی تەواوەوە زاراوەی «فێمینیزەکردنی ناسیۆنالیزم» هەڵبژێرم نەک «ناسیۆنالیزەکردنی فێمینیزم» چونکە ئەم دوانە بە هاوواتای یەک و وەک پەرچەکردارێکی شیمیایی دوولایەنە نابینم کە یەکێکیان توانای بوون بەوەی دیکەی هەیە و بە پێچەوانەوە. وەک فێمینیستێکی کورد پێم وایە ئەگەر هەرکام لەو وڵاتانەی بەشێکی کوردستانیان لەژێردەست دایە، تەواوی مافەکانی ژن و یەکسانیی ژن و پیاو بەرنە قۆناغی پراکتیکییەوە بەڵام خەڵکی کورد هەروا لەژێر ستەمدا بن و لە مافە سیاسیی و مەدەنییەکانیان بێبەش بن، ژنی کورد ئازاد

نەبووە. لەلایەکیترەوە ئەگەر خەڵکی کوردستان بە هەر شێوەیەک لە شێوەکان بە مافەکانیان بگەن بەڵام یەکسانیی ڕەگەزیی دەستەبەر نەبێ، یاساکانی دژە ژن هەروا لەجێی خۆیان بن و ژنان هەروا لەژێر هەڵاواردن و توندوتیژیدا بن، ژنی کورد ئازاد نیە. هەر لەم ڕوانگەوە پێم خۆشە قسە لەسەر «پێناسەیەکی ژنانە لە ناسیۆنالیزمی کوردی» و ئاشتکردنەوەی لەگەڵ فێمینیزم بکەم چونکە ناسیۆنالیزم و سیاسەت لە کۆمەڵگەی کوردی هەروەک ئاگری ژێر خۆڵەمێش هەمیشە ئامادەی گڕگرتنە. ڕاست بەم هۆیەوە فێمینیزمی کوردی ناتوانێ خۆی لە سیاسەت، بزووتنەوەی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی کوردی دەرباز بکا یان سەبارەت بە کێشە سیاسییەکانی کورد کەمتەرخەم بێ و تەنیا خۆی لە هەوڵدان بۆ یەکسانیی ڕەگەزی دوور لە قەومییەت و نەتەوایەتی کورت بکاتەوە.

ناسیۆنالیزم جۆرێک وشیاریی بەکۆمەڵە، واتە وشیاربوون بە ئینتیما بۆ نەتەوەیەک کە «وشیاریی نەتەوەیی» پێدەڵێن. وشیاریی نەتەوەیی، زۆربەی کاتەکان بەدیهێنەری هەستی وەفاداری، شەوق و ئۆگری و بەستراوەیی تاکەکان بە توخمە پێکهێنەرەکانی نەتەوە (ڕەگەز، زمان، نەریت و عادەتەکان، بەها کۆمەڵایەتیی و ئەخلاقییەکان و بە شێوەیەکی گشتی کولتوور)یە و جاری وایە دەبێتە هۆی ڕێزلێنانی زێدەڕۆیانە لەو فاکتەرانە و بڕوا بە لەسەرتربوونی ئەم هێما نەتەوەییانە بەسەر هێما نەتەوەییەکانی نەتەوەکانی دیکە.(١)

فێمینیزم کۆمەڵەیەکی بەربڵاو لە تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان، بزووتنەوە سیاسییەکان و ڕوانگە فەلسەفییەکانە کە بەگشتی لەلایەن ژنانەوە وروژێنراوە یان ئیلهامی لە ژنانەوە وەرگرتووە بەتایبەت لە بواری بارودۆخە کۆمەڵایەتی، سیاسیی و ئابوورییەکانیان. فێمینیزم وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی زیاترین تەرکیزی خستۆتەسەر نابەرامبەرییە ڕەگەزییەکان و بەرەوپێشبردنی مافەکان، حەز و کێشەکانی ژنان. فێمینیزم بەگشتی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە هاتۆتەکایەوە. کاتێک کەخەڵک بە شێوەیەکی بەربڵاو ئەو ڕاستییەیان قبووڵ کرد کە ژنان لە کۆمەڵگە پیاومیحوەرەکاندا، سەرکووت دەکرێن.(٢)

ئایا فێمینیزم و ناسیۆنالیزم لە دوو بەرەی دژبەیەک دان؟ ئەوە پێوەندیی بەوەوە هەیە کە لە کام ڕوانگەی فێمینیستییەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە. لە ڕوانگەی شەپۆلی سێیەمی فێمینیست و تیۆریی ئینترسکشنالیستی بە هاتنەناوی ڕەگەزایەتی، نەتەوایەتی، نەژاد، چین و... لە دیاریکردنی شوناسی سیاسییدا، ناسیۆنالیزم نە تەنیا لە بەرامبەر فێمینیزمدا ڕاناوەستێ بەڵکوو بەشێک لە تۆڕێکی پێکەوە تەنراوە کە شوناسی سیاسیی مرۆڤ

پێک دێنێ. ئەمین بوزورگیان لە وتاری «فێمینیزم یان ناسیۆنالیزم»دا پێی وایە: «پێویست نیە ڕەگەزایەتی و نەتەوایەتی وەک دوو بابەتی بەرامبەریەک یان دژبەیەک تاوتوێ بکرێن و تەنانەت دەتوانرێ بزووتنەوە فێمینیستییەکان وەک بزاڤێک لە پانایی یان درێژایی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان لەبەرچاو بگرێن».(٣)

بەهۆی ئەوەی ناسیۆنالیزم پیاوسالار و دروستکراوی دەستی پیاوە و لە نزیک بە تەواوی بابەتەکاندا پیاوانی ناسیۆنالیست (دیارە نە تەنیا ناسیۆنالیستەکان بەڵکو چەپەکانیش) ژنانیان وەک ئامراز بەکار هێناوە، دواتر دەسەڵاتی سیاسییان خستۆتەژێر دەسەڵات و پاوانی خۆیانەوە، جۆرێک ڕەشبینی، زیزبوون و خراپ لێک تێگەیشتنی قووڵ لەنێوان فێمینیزم و ناسیۆنالیزم بوونی هەیە، ئێستا چۆن دەکرێ ئەم دووانە ئاشت بکرێنەوە؟

پێش هەر شتێک کورتەمێژوویەک پێویستە. «شهرزاد مجاب» لە وتاری «ژنان و ناسیۆنالیزم لە کۆماری کوردستان ساڵی ١٩٤٦» کە لەلایەن ئەحمەدی ئەسکەندەری کراوەتە فارسی، نووسیویەتی: «هەرچەند کوردەکان وەک گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی دنیا ناسراون، بەڵام خاوەن مێژوویەکی دووردرێژی دەسەڵاتدارێتین. یەکەم مێژووی کوردەکان شەرەفنامە لە ساڵی ١٥٩٧ لەلایەن شەرەفخان حاکمی دەسەڵاتداری میرنشینی بدلیس نووسرا. ناوبراو شیکردنەوەی ڕووداوەکانی لەبەر ئەوە نووسیوە کە مێژوونووسان بەسەرهاتی» «ئەمیران و دەسەڵاتدارانی» کوردستان و «بارودۆخ» و «ئاکاری ئەوانیان «لە حیجاب ستر و کتمان» پێچابۆوە.؟؟ (شرفنامە، چاپ تهران. صفحە ٩، ٥٨٦) بەپێی ئەم سەرچاوەیە کە زۆری پێهەڵگوتراوە، دەوڵەت بوونی کوردەکان شێوازە جیاوازەکانی دەسەڵاتداریی سەربەخۆیی، لە پاشایەتییەوە بگرە تا میرنشینە نیوەسەربەخۆکانی لەخۆ دەگرت. ئەم سیستەمە تا ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەیەم کاتێک کە حکوومەتەکانی عوسمانی و ئێران هێزی سەربازییان بۆ لەناوبردنی دوایین میرنشین لە شەش میرنشینە گەورەکان بەکار هێنا، درێژەی هەبوو.

خەبات بۆ دامەزراندنی دەوڵەت، هەمیشە چەقی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکانی کوردیان لە سەدەی بیستەمدا پێک هێناوە. گرنگترین ئەزموون لەم بوارەدا کە دەتوانرێ لە دامەزراوە دەوڵەتییەکانی پێش مۆدێرن بناسرێتەوە، کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ە کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێستا بەشێک لە باکووری ڕۆژئاوای ئێرانە، دامەزرا. ئەم حکوومەتە نەتەنیا بەهۆی شێوازی کۆماریی بوونی کە لەلایەن حیزبێکی سیاسی و کابینەوە بەڕێوە دەبرا، لە شێوازەکانی پێش مۆدێرنە بناسرێتەوە، بەڵکو بەهۆی سیستەمی مۆدێرنی پەروەردەیی، ڕاگەیەنە



سەرچاوە
Serchawe

مۆدێرنەکان، سوپای میللی، سیستەمی ماڵیاتی، سروودی نەتەوەیی، ئاڵای نەتەوەیی، زمانی میللی و ئامادەکردنی ژنان لە بوارەکانی پەروەردەیی، کولتووری و ژیانی سیاسیی جیا دەکرێتەوە.

لەحاڵێکدا بەشداریی ژنان لە ژیانی پەروەردەیی و سیاسیی کۆماری کوردستان دەسبەجێ لە هەموو شێوازەکانی پێش مۆدێرنیتەی حکومەتە کوردییەکان جیا دەکاتەوە، ئەزموونی دەسەڵاتی دەوڵەتی لە هەردوو حاڵەتدا تایبەتمەندیی پیاوانەی هەیە. لەڕاستیدا خەباتی نەتەوەیی بۆ حاکمییەت ڕاست وەک یاسای نێونەتەوەیی کە داکۆکی لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کوردەکان دەکا، سیاسەتێکی بەتەواوەتی پیاوانەیە.

... دەوڵەت لە ماوەی کورتی ژیانیدا لەپێناو بەشداریی ژنان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا چەند هەنگاوێکی هەڵێنایەوە. ژنان بۆ پشتیوانی لە ئەرکی نەتەوەیی نەک وەک چالاکانی بزووتنەوەی ژنان یان ڕێبەران و کادرە چالاکەکانی حیزبی چوونەناو بیاڤ و بوارەکانی دەرەوەی ماڵ. ڕێبەرانی ئەم بزووتنەوە نەتەوەییە ڕۆڵێکی «شیاو» و «شەڕافەتمەندانە»یان بۆ ئەم ژنانە وەک نموونە دیار و بەرچاوەکانی نەتەوەیەکی مۆدێرن و وەک «دایکانی نیشتمان» لەبەرچاو گرتبوو.

... لە کوردستان ساڵی ١٩٤٦ بزووتنەوەی فێمینیستی لەچاو بزووتنەوەی نەتەوەیی لەدوایە بوو. وشیاریی ناسیۆنالیستی زۆر بەربڵاوتر و زۆر دێرینتر بوو. لەحاڵێکدا ئازادیی ژنان، مافی وەک یەک و بەشداریی لە خەبات لە دەستووری کاری ناسیۆنالیستەکان دابوو، ئاگاداربوون لە خواستی پلاتفۆرمی فێمینیستی لیبراڵ کرچوکاڵ واوەتر نەرۆی.»

«شهرزاد مجاب» لە بەشەکانی کۆتایی نوسراوەکەی، ئاماژەی بە نیو سەدە دواتر و سەردەمی هاوچەرخ کردووە و گلەیی لە گرینگتر زانینی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە بزووتنەوەی فێمینیستی لەلایەن حیزبە کوردییە ناسیۆنالیستەکانەوە کردووە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە حیزبە چەپەکانیشدا ژنان نەگەیشتوونە ئاستە باڵاکانی وەک ڕێبەرایەتی. ئەو پێی وایە « کێشمەکێشی نێوان ناسیۆنالیزم و فێمینیزم هەروا بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە. (٤)

**ئێستا:**

١- سەرەڕای ئەوەی نەتەوەگەرایی کوردی تا ئێستا پانتاییەکی تەواو پیاوانە و پیاوسالاری هەبووە؛
٢- سەرەڕای ئەوەی ئەزموونی جیهانی نیشان دەدا ناسیۆنالیزمی پیاوانە کە بەردەوام بەدوای وەدەسهێنانی دەسەڵات بۆخۆی بووە، بۆ گەیشتن بە دەسەڵات کەڵکی ئامرازیی لە ژن وەرگرتووە و دواتر ناردوویەتەوە ماڵێ؛
٣- سەرەڕای ئەوەی مەسەلەی ژن و یەکسانیی ڕەگەزیی هەرگیز بەڕاستی گرینگی سەرەکی و هاوتەریب بۆ حیزبە کوردییەکان نەبووە؛
٤- سەرەڕای ئەوەی ژنانی کورد چالاکانە و دڵسۆزانە هەم لە حیزبە ناسیۆنالیستییەکان و هەم حیزبە چەپەکان و هەم بەم دواییانەش حیزبە نیوە ناسیۆنالیست ـ نیوە چەپەکاندا ئەندام بوون، بەڵام هەرگیز لە ئاستێکی دیاریکراو نەچوونەسەر و پۆستی ڕێبەرایەتیی حیزبەکانیان بەدەستەوە نەبووە؛
٥- سەرەڕای ئەوەی حیزبە نەریتییەکان بە ناسیۆنالیست، چەپ و نیوە ناسیۆنالیست ـ نیوە چەپەکان زیاتر پێیان خۆش بووە بۆ ژێستی ڕۆشنبیرانەی ڕێزدانان بۆ مافەکانی ژنان، کەڵک لە ژمارەیەک ژنی گوێڕایەڵ یان خزمی ئەندامانی ڕێبەری، لە پۆستەکانی وەک کۆمیتەی ناوەندی یان دەفتەری سیاسی نە زیاتر، کەڵک وەربگرن،
٦- سەرەڕای ئەوەی زۆر لە ژنان بەشێوەی کادرە ئاساییەکان تەنیا ڕۆڵی سیالەشکر و دروشم نووسی دنیای مەجازییان هەیە یان ئەوپەڕەکەی لە یەکێتییەکان و لقە لاوەکییەکانی ژنانەدا کۆ کراونەتەوە؛
٧- سەرەڕای ئەوەی پێشمەرگە چ ژن و چ پیاو لەلای هێندێک لەم حیزبانە تا ڕادەی بادیگارد نزم بۆتەوە؛
٨- سەرەڕای ئەوەی هێندێک لە حیزبە کوردییەکان توانای قبووڵکردنی کەمترین ڕەخنەیان نیە و بەتایبەت بە شێوەیەکی زۆر نزم و نالەبار ڕووبەڕووی ژنە ڕەخنەگرەکان دەبنەوە؛
٩- سەرەڕای ئەوەی حیزبگەلێک وەک پ.ک.ک کە باشتر لەگەڵ ژنان جووڵاونەتەوە و لەم بارەوە باشتریان کار کردووە، هەنووکەش سێبەری یەک ڕێبەریی پیاوانە بەسەر ژنانەوە بە ڕەوا دەزانن؛
١٠- سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی ئێستاکەش بە توندی پیاوسالارە و ئەم ناسیۆنالیزمەی ناو کۆمەڵگە، مێهرەبانتر لە حیزبە کوردییەکان، هەڵسوکەوتی لەگەڵ ژنانی کورد نەکردووە؛

**بەڵام:**

١- ژمارەی ژنە کوردە خوێندەوار و خوێنەرەکان زۆر بوو؛

٢- ئاگایی ژنان لە بارودۆخی خۆیان ڕۆژ بە ڕۆژ چۆتەسەر؛

٣- ژنی زیاتر دەستیان داوەتە قەڵەم و بیروڕاکانیان دەنووسنەوە؛

٤- فێمینیزمی تازەپێگەیشتووی کوردی لە کۆمەڵگە شارنشینەکاندا سەری هەڵداوە و زۆر چالاکی ئازای لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە؛

٥- فێمینیزمی کوردی ناتوانێ تەنیا هەوڵ بۆ یەکسانیی ڕەگەزی بدا وخۆی دوور بگرێ لە مەسەلەی نەتەوەو نەتەوەگەرایی؛

٦- ژنانی ئەندامی حیزبەکان لەگەڵ ڕاستییەکی تاڵ ڕووبەڕوو بوونەتەوە، ئەویش نەریتخوازیی حیزبەکانە سەرەڕای دروشمە فریودەرەکانیان لە ئاست چوونەسەری ژنان. ئەمە بۆتە هۆکاری هێندێک سەرکێشی و نارەزایەتی لە برێک ژنانی حیزبیدا؛

٧- بەرگریی سەرەتایی نەرێنی لە بەرامبەر زاراوەی فێمینیزم ڕووبەڕووی هێندێک پێداچوونەوە لەنێو خودی ژناندا بۆتەوە هەرچەند ئێستاش هێندێک لە نکۆڵیکاران لەنێو ژنان و پیاواندا هەیە؛

٨- سیمای دەمامکداری هێندێک لە پیاوانی ئیددیعاکاری فێمینیزمیش دەرکەوتووە و نییەتی ڕاستەقینەیان ئاشکرا بووە؛

٩- لە ماوەی ئەم چەند ساڵە دا ژنان لە دروشمە درۆیینە ژن فریودەرەکانی هێندێک کەس و ڕێکخراو و کەڵکی ئامرازی وەگرتن لە ژنان گەیشتوون؛

١٠- لە سەردەمی بەجیهانیبووندا شوناسە نەتەوەیی و ئێتنیکییەکانیش بەناچاری گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و ناتوانن بێخەوش و یەکلایەنە و جێگیر بن؛

١١- نەتەوەخوازیی هاوچەرخ وەک پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە تووشی ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاریی بۆتەوە؛

١٢- بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان کە بەگشتی ماهییەتێکی شوناسخوازییان هەیە، زیاتر لە پێشوو پێکەوە بەستراون و تێکەڵاوی یەکتر بوون؛

١٣- زۆربەی شوناسخوازان ئاگاداری گرنگیی ڕەهەندەکانی دیکەی ژێردەستی و هەڵاواردن لە کۆمەڵگەکانی ئەمڕۆ دان؛

١٤- پڕۆژە یەکلایەنە و تەواوخوازییەکان ئیتر شانسێکی ئەوتۆیان نییە؛

١٥- بەشی زۆری ژنە چالاکەکان زانیاریی هەمەلایەنەیان لەسەر ڕەهەندە چەند لایەنەکانی ژێردەستی و زوڵم لێکراوی هەیە و لە پێوەندیی و کردەوە تێک چنراو و ئاڵۆزەکانی دەسەڵات گەیشتوون؛

١٦- دەرکەوتووە کە شوناسخوازییە یەکلایەنەییەکان، ژنان بە کۆمەڵگەیەکی بەدوور لە توندوتیژی، هەڵاواردنی ڕەگەزی، چینایەتی و قەومی ناگەیەنێ؛

١٧- ئەزموونی باشووری کوردستان سەبارەت بە ژنان ئەزموونێکی زۆر سەرکەوتوو نەبووە و زەنگێکی مەترسیداری بۆ ژنانی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان لێداوە کە بە بەدەسەڵات گەیشتنی ناسیۆنالیزمی نەریتی، ئاوات و خەونەکانی ژنانی کورد بۆ گەیشتن بە یەکسانیی ڕەگەزی وەدی نایە؛

١٨- هەوڵی هێندێک لە حیزبە کوردییەکان بۆ دەست بەسەرداگرتنی بزووتنەوەی فێمینیستیی تازەپێگرتووی ژنانی کورد (هەروەها بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیتر) بۆ نیشاندانی پێگەی جەماوەریی درۆیین لەلای ئۆپۆزیسیۆنی پرشوبڵاو و ناکارامەی ئێران لە گەرمەی ساڵەکانی ٢٠١١ تا ٢٠١٣ بە مەبەستی ئیمتیازە دەسەڵاتخوازییە تاکەکەسی - حیزبییەکان، تووشی شکست بۆتەوە؛

١٩- یەکێک لە حیزبە کوردییەکان (پ.ک.ک) ژنناسی (ژنۆلۆژی) لە بەرنامەی کاری جیددی خۆی داناوە و ژنانی حیزبەکەی بۆ خوێندنەوەی جیددی و ڕەخنەگرتن لە فێمینیزمی لیبراڵ بانگهێشت کردووە. ئەگەر ئەم حیزبە بە نیازی پاوانکردنی بزووتنەوەی ژنان نەبێ، دەکرێ ئەم هەنگاوە بە شتێکی باش و ئەرێنی دابنرێ؛

٢٠- بەرخۆدانی ژنانی کورد لە کۆبانێ لاپەڕەیەکی نوێی بۆ ژنی کورد کردۆتەوە و هەموو سەرنجەکانی بۆلای ژنانی کورد ڕاکێشاوە. پیاوسالاریی کوردی ئەگەرچی تووشی کەوتن نەبووە، بەڵام تووشی شۆکێکی کاتی بووە.

**کەوایە:**

١- نابێ ڕێگە بدرێ لەلایەن هیچ لایەنێکی سیاسییەوە کەڵکی ئامرازی لە ژنان، ڕەگەزایەتیی و حەزی جنسی وەربگیرێ؛

٢- ژنان دەبێ بە کۆمەڵگەی پیاوسالاری بسەلمێنن کە هەڵگری ئازایەتی، توانایی، زانست و تەنانەت جوانین وەک بەشێک لە هەبوون و کەسایەتی خۆیان و متمانەکردن بە خۆیان نەک وە ئامرازگەلێک بۆ وەدیهێنانی مەبەستەکانی پیاوانی چەپڵەلێدەر و پێداهەڵدەر لە شێوازەکانی دایک، پرستاری دڵسۆز، شەڕکەری ئازا یان خۆراکی پڕوپاگەندە و ڕاگەیاندن؛



سەرچاوە
Serchawe

٣- فێمینیزمی کوردی بەرپرسایەتی لەسەرشانە کە ژنان بەم دەرک و تێگەیشتنە بگەیەنێ کە ڕزگاری و باشتربوونی دۆخیان «بە پشت بەستن بە توانای خودی خۆیان» دەستەبەر دەبێ نەک شوێنکەوتوویی تەواو بۆ پیاوە سیاسییەکان و ڕێکخراوە سیاسییە پیاوسالارەکانی ئیددیعاکاری وەدەسهێنانی مافەکانی ژنان کە بە کردەوە مەودایەکی زۆریان لەگەڵ دروشمە جوانەکانیان هەیە؛

٤- کاتی ئەوەیە کە فێمینیزمی کوردی وەڵامێکی شیاوی بۆ ئەم دژیەکیە هەبێ کە چۆن دەکرێ لەنێو نەتەوەیەکدا، ژن لەلایەک تا ئەم ئاستە ژێردەست و ستەملێکراو بێ کە بە بیانووگەلی ناموسی بکوژرێ بەڵام لەلایەکی دیکە ئەوەندە بەهێز بێ شان بەشانی پیاوان شەڕ بکا؟ ئایا ئەم ژنە بەهێزە شەڕکەرە، توانای بەرگری لە بارودۆخی هاوڕەگەزەکانی خۆی نیە؟

٥- پێویستە ژنان ڕێکخراوی سیاسی تایبەت خۆیان هەبێ کە خۆیان ڕێبەرایەتیەکەی بەدەستەوە بگرن و توانای سیاسیی خۆیان لە کۆمەڵگەدا بسەلمێنن؛

٦- دەبێ ژنان بۆ وەدەسهێنانی لەسەدا پەنجای گۆڕەپانی سیاسی نە تەنانەت نیودەرسەد کەمتر، بەتایبەت ڕێبەرایەتیەکەی بەبێ ئەوەی شەرم بکەن هەوڵ بدەن و تەنانەت بە شێوەیەکی ڕادیکاڵی دوور لە توندوتیژی، پێداگری لەسەر ئەم داواکارییە بکەن؛

٧- ژنانی کورد دەبێ کولتوور و نەریتێکی نوێ لە بواری خۆش نەویستنی دەسەڵات و پیرۆزی سڕینەوە لە دەسەڵات بێننە نێو کۆمەڵگەی سیاسیی تا سەر ئێسکان پیاوسالار؛ ئێمەی ژن دەتوانین بە پێکهێنانی ڕێکخراوە سیاسییە دێموکراتیکەکان کە بەشێوەی شۆرایی بەڕێوە دەچن و بە دەستاودەست کردنی دەسەڵات و نەبوونی قۆرخکاری تێیدا، بە پیاوە سیاسییە نەریتییەکان بڵێین کە دەکرێ مەیدانێکی سیاسی دیکە وێنا بکرێ و بێتەئاراوە. دەتوانرێ هەر لە سەرەتاوە ڕێز بۆ ڕۆڵی یاسا دابنرێ و یاسای بەرتەسک کردنەوەی دەسەڵات پیادە بکرێ و لەگەڵ پاراستنی ئازادیی ڕادەربڕین بە تەواوی چاوەدێری بەسەر جێبەجێکردنی یاسا و شێوازی جێبەجێکردنی بەرپرسایەتییەکان لە کاتی دیاریکراودا بکرێ. دەبێ بوارێک بڕەخسێ کە تاکی بەدەسەڵات گەیشتوو بەهۆی ڕیاکاری و زمان لووسیەوە تووشی لەخۆباییبوون و غروری بێجێ نەبێ و لەلایەکی دیکەوە ئەو کەسەی واز لە دەسەڵاتەکە دێنێ بە چاوی سووک سەیر نەکرێ. ئەم دوو بابەتە هەردووکیان یارمەتی کەمبوونەوەی حەزی زێدەڕۆیی لە پاراستنی دەسەڵات و بەرپرسایەتییەکان دەدەن.

٨- لەگەڵ باوەڕ و ڕێزدانان بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس نە تەنیا بۆ خود بەڵکو بۆ هەمووان، پابەندی شێوازەکانی دوور لە توندوتیژی بین. (دیارە لەگەڵ قبووڵی بابەتی بەرگریی ڕەوا لە خۆ)؛

٩- دەبێ هەموو ژنە چەکدارەکانی کورد، چ گریلا و چ پێشمەرگە، هان بدرێن چ ئێستا و چ دوای شەڕ، هەرگیز بە گەڕانەوە بۆ ماڵ ڕازی نەبن. (دیارە ماڵەوە بە مانای کەشی تایبەتی هێمن تەنیا بۆ ئەنجامدانی ئەرکە پێناسەکراوەکان و نۆرمەکانی ژنانە و بەدوور لە کەشی گشتی) و جارێکی دیکە مەیدانی سیاسی بە پیاوسالاران نەسپێرنەوە؛

١٠- پێویستە بە خۆمان و بە کۆمەڵگەی بقبووڵێنین کە ئەگەر ژنی کورد دەتوانێ ئازایانە دژی تیرۆریزم شەڕ بکا، کەوایە دەتوانێ لە ڕێبەرایەتی و بەڕێوەبردنی سیاسیی نیشتمانی خۆی و هەر وڵاتێکی تردا بەشدار بێ؛

١١- ئەوە قبووڵ بکەین کە دەکرێ یەکسانی ڕەگەزایەتی نە تەنیا لە بواری نیزامی - شەڕڤانی کە بۆ تەواوی مەیدانە سیاسیی، کۆمەڵایەتی، یاسایی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان گشتگیر بکرێ؛

ئەندێرسن و ماسە هەردووکیان نیشانیان داوە نەتەوەخوازی جۆرێک ئەنجوومەن و پێکەوە بوونی پیاوانە، چەشنێک برایەتی لە پانتایی ئاسۆیی دایە. خوشکان تەنیا بەهۆی خەباتی تایبەت بەخۆیان توانیویانە سنوورەکانی ئەو پێکەوەبوونە برایانە بشکێنن و بەرەبەرە و دوای چەندین ساڵ خەبات و خۆڕاگری و گاڵتەپێکران و هەڕەشە و تەنانەت زیندان لە ئیمتیازەکانی نەتەوەیی و شارۆمەندیی کەڵک وەرگرن. (٥)

بێشک فێمینیزەکردنی ناسیۆنالیزم ڕاگەیاندنی شەڕ بەدژی پیاوان نیە و بەدوای وەلانانی بەتەواوەتی پیاوان و دووپاتکردنەوەی دوولایەنەی ئەوەکە پیاوسالاری بەسەر ژنانی هێناوە، نیە. بەڵام گومان لەوەدا نیە کە لەگەڵ خۆڕاگریی پیاوە نەریتییەکان ڕووبەڕوو دەبێتەوە. ئەگەر ژنان خوازیاری نیوەی بیاڤی سیاسی و نیوە پۆستەکانی بڕیاردان بن، نەتەنیا هیچ زوڵمێکیان لە پیاوان نەکردووە، بەڵکو خوازیاری گەڕاندنەوەی مافی لەدەستچووی خۆیانن. بێشک جیهانی پیاوسالار حەزی بە گەڕاندنەوەی مافی زەوتکراو نیە. هەربۆیە پێم وایە ژنان دەبێ لە قۆناغی تەعاروف و شەرمنی تێپەڕ بن و داواکاریی خۆیان بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ بخەنەڕوو و لەسەری سوور بن. لەم پێناوەدا تەنانەت ژنانی ئەندامی حیزبەکانی ئێستاش دەتوانن خۆپێشاندان و مانگرتنی ئاشتیخوازانە بە پشتیوانی پیاوانی باوەرمەند بە مافی یەکسانی، لە بەردەم دەفتەری سیاسیی حیزبەکانیان وەڕێ بخەن و پێداگریی لەسەر داواکارییەکانیان بکەن. ژنانی نووسەر دەتوانن لەم بارەوە زیاتر بنووسن و زانیاریی بڵاو کەنەوە.

گرنگە سەرەتا فێمینیزەکردنی ناسیۆنالیزم بۆخۆمان پێناسە بکەین و ڕوونی بکەینەوە کە بەوردی لە کوێ



سەرچاوە
Serchawe

ڕاوەستاوین؟ ئەگەر ناسیۆنالیزم لەباری توندی و تیژی لە سفرەوە بۆ دە پلەبەندی بکەین، بەشێوەیەک کە دە بە ناسیۆنالیزمێکی تەواو پیاوانە، توندڕەوانە و وەڵام نەدەرەوەی ژنان و کەسانی تر دابنێین و سفر بۆ نەبوونی بەتەواوەتی ناسیۆنالیزم بگەڕێنینەوە، لەوانەیە بتوانرێ فێمینیزەکردنی ناسیۆنالیزم لە پلەی پێنجەم دابنرێ. نە زێدەڕۆیی کردن و نە درێخی کردن و کەمکاری. نە چاونەقاندن لەڕاست حەقیقەتێک و نە وەها پێیەوەنووسان کە بەچی شێوەیەک ڕاستییەکانی تر نەبینرێن و قبووڵ نەکرێن.

سوودی فێمینیزەکردنی ناسیۆنالیزم لەوەدایە کە توێژێک لە ژنان توانایی سیاسیی خۆیان دێننەنێو مەیدانی سیاسەتی کوردییەوە. ژنانی کورد لە چەند بەشی کوردستان کە بەجۆرێک خاوەن کیانی سیاسیین، دەتوانن بە وەدەسهێنانی نیوەی دەسەلاتی سیاسی و مەیدانی سیاسی، توانایی گۆڕانکاری ئەرێنی لە تەواوی بوارە یاسایی، پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئایینییەکان بە قازانجی یەکسانی ڕەگەزیی و لابردنی توندوتیژی لە تەواوی شێوازەکانیدا بەدەست بێنن. بە بەشداریی پەنجادەرسەدی ژنان، بەکردەوە پێویستیی هەبوونی یەکێتی و ڕێکخراو و سازمانە لاوەکییە سەرگەرمکەرەکانی ژنان لەو حیزبانەدا لەنێو دەچێ بە هەمان شێوە کە یەکێتیەکانی پیاوانمان لەو حیزبانەدا نیە. ئەگەرچی ژنانی ئێستای نێو حیزبەکان بەهیچ جۆرێک لە پیاوان کەم تواناتر نین کەچی زۆرن ئەو ئەندامە پیاوانەی کە پێویستیان بە بەهێزکردن هەیە. فمینیزە کردنی ناسیۆنالیزم لە تەواوی بەشەکانی کوردستان کە کیانێکی سیاسی دیاریکراویان نیە، چوونی ژنانی بەتوانا بۆ نێو گۆڕەپانی سیاسی هان دەدن. لەوانەیە برێک لەو ژنە کوردانەی کە ڕوانینی یەکسانیخوازانەیان هەیە بتوانن بچنە نێو پەرلەمانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە و هەنگاوگەلێک لەپێناو باشترکردنی دۆخی کوردەکان و ژنان هەڵێننەوە. ئامادەبوونی ژنانی بەتوانا و پشت ئەستوور بە خۆ، نەک ژنانی گوێڕایەڵ و خزم، بۆ نیوەی مەیدانی ڕێبەرایەتیی سیاسی حیزبەکانی ئێستا، پێگە و سیما و بەرنامە و کردەوەی سیاسیی ئەو حیزبانە دەگۆڕێ و بەرەوپێشی دەبا. ژنانی کوردی هاووڵاتیی وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکاییش بۆ بەشداریی سیاسیی زیاتر لە وڵاتانی شوێنی ژیانیان و هەنگاو هەڵێنانەوە بۆ خزمەت بە بردنەسەری ڕەوشی کوردەکان لە ئاستی جیهاندا هان دەدرێن.

لە ناسیۆنالیزمێکی ژنانەدا دەبێ بایەخ بەوە بدرێ کە لە دوو شتی جیاواز خۆ بەدوو بگیرێ. نەفرەت و نەخۆشیی خۆ بەکەم زانین - خۆبەزل زانین. ناتوانرێ هیچ نەتەوەیەک بە کەمتر یان باشتر دابنرێ. ڕوانینی خۆبەزلزانانە

دەرحەق بە نەتەوەیەک و سووکایەتی پێکردنی بە بەکار هێنانی وشەگەلێک وەک هەژاریی فەرهەنگی، گەشەنەکردن و دواکەوتوویی ئابووری وەک کێبرکێی نادادپەروەرانەی ڕاکردنی مەیدانیی بۆ دوو ڕاکەرە کە یەکێکیان هیچ کۆسپێکی لەبەردەم نیە بەڵام لە بەردەم ئەوەی تردا دیوارێک دابنێ و چاوەڕانیش بکا پێ‌بەپێی ئەو ڕاکات! خۆ بە کەمترزانین لە نەتەوەیەکی دیکەش وەک ئەوە وایە کە ڕاکەری دووەم بە ئاگاداربوون لە نادادپەروەرییەکە، دەست لە هەوڵدان هەڵگرێ و خۆ بەدەستەوە بدا. لەحاڵێکدا هێشتا درەفەتی ئەوە هەیە بە پشت بەستن بە خۆ و بەهرەوەرگرتن لە توانابییەکەی لە لەمپەرەکە ڕەت بێ و بگاتەوە ڕاکەری یەکەم. لە بابەتی دووەم واتە خۆ بەکەمزانین، ئەگەری بلێسەسەندنی نەفرەت زۆر زۆرە. ئێمەی ژنان دەتوانین وەبیر خۆمان بێنینەوە کە بۆ دروستکردنی دنیایەکی دیکەی پڕ لە ڕێز و یەکسانیی کار دەکەین. ئەزموونی زۆرمان لە سیستەمی پیاوسالار هەیە کە بەڕێکەوت لەم ئەزموونانەدا کەموزۆر لەگەڵ ژنانی جیهان بەتایبەت ژنانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاوشێوەین. ژنانی دیکە ئەگەرچی لە نەتەوە ـ دەوڵەتەکانی دیکەن و ئەگەرچی ئاگایانە یان نائاگایانە لە بەرهەمهێنانەوەی ناسیۆنالیزمی پیاوسالارانەی نەتەوە ـ دەوڵەتەکانی خۆیان و لەبەرچاونەگرتن یان لەوانەیە پێشێلکردنی مافەکانماندا ڕۆڵیان هەبووە، بەڵام لە ژن بوون و ڕەنج کێشان لە هەڵاواردنی ڕەگەزایەتیدا لەگەڵ ئێمە هاوبەشن. ئێمە دەبێ بتوانین ئەوانیش لە گۆڕینی فۆرمی زێدەڕۆیانەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەی خۆیان هان بدەین. سۆشیال میدیا، وێبلاگەکان و نووسین لە ماڵپەڕ و ڕاگەیەنەکاندا ڕێگەی گونجاوە بۆ هێور کردنەوەی کەشی پڕ لە توندوتیژی و بەدوور لە لێک تێگەیشتن. لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بۆچوونە جیاواز و دژبەیەکەکان ڕێگەچارە توندوتیژی و سووکایەتی پێکردن نیە. لە بنەڕەتدا ئەگەر ئێمە بە لۆژیک تەیار بین بەوپەڕی ئارامییەوە بۆچوونەکانی خۆمان دەخەینەڕوو ئەگەر ١٨٠ دەرەجەش لەگەڵ بۆچوونەکانی تر جیاواز یان دژیەک بن و پێویستیش نیە حەتمەن یەکتر قانیع و ڕازی بکەین. بەکەمەوە ناسیارییەکمان لە بۆچوونەکانی یەکتر دەبێ کە دەتوانێ بۆ دەسپێکی گفتوگۆ و تێگەیشتنی دوولایەنە خاڵێکی باش و گونجاو بێ. توند پێکدادن و داخستنی دەرگەی گفتوگۆ لە نەبوونی لۆژیک و هەروەها ناکارامەیی تووندوتیژیی کەلامییە. لەوانەیە داخستنی دەرگەی گفتوگۆ سادەترین ڕێگە بێ بەڵام باشترین ڕێگە نیە!

بۆ نموونە هەڵگرتنی لاپەڕەی «ئازادییە پەنامەکییەکانی ژنان» (٦) کە لەلایەن ڕۆژنامەنووسی ئازا «مسیح علینژاد» دامەزراوە و نووسینی کامێنتی پڕ لە گاڵتەجاڕی و سوکایەتیی بە ژنە نووسەرە فێمینستەکان لەسەر ئەو بنەمایە کە «بڕۆن لە قاوەخانەکاندا بەدزییەوە سەرپۆشەکانتان لابەرن و بەخۆشییەوە قاوە بخۆنەوە، بەڵام



سەرچاوە
Serchawe

مەنووسن» بە دوور لە عەقڵ و لۆژیک و هەروەها فۆرمێک لە سەرکوتی ئاخاوتەیی دەزانم. ئەم شێوازە هەڵسوکەوتە لە نەناسین و تێنەگەیشتن لە بارودۆخ سەرچاوە دەگرێ کە هەر خودی ئێمە شکایەتمان لێی هەیە! یەکەم ئەوەکە مەسیحی عەلینژاد نە وەک فیمینیستێک و نە وەک چالاکێکی بزووتنەوەی ژنان، بەڵکو وەک هەواڵنێرێکی دەرخەری ڕاستیە شاراوەکانی نێو جەرگەی کۆمەڵگەی ئێران، وەها لاپەڕەیەکی خاوەن لایەنگری زۆری کردۆتەوە. ئەگەر ڕەخنەیەکتان لە چەمکی ئازادییە پەنامەکیەکان یان کاری مەسیح هەیە، بۆ دەبێ وەک کوتکێک لەسەری ژنە نووسەرە فێمینیستەکان بدرێ کە لەوانەیە هاوڕا، بێلایەن یان تەنانەت دژی ئەو کارەی مەسیح بن؟ لەلایەکی دیکەوە گاڵتەکردن بە ئازایەتییەکی بە بڕوای ئێوە بچووک چ جیاوازییەکی لەگەڵ سووک سەیرکردنی ئازاییەتی پڕ لە ئێسترێسی وەک چەکداربوون و شەڕکردنی ژنانی کورد هەیە؟ ئێوەش خەریکن هەر ئەو هەڵەیە دووپات دەکەنەوە! ئەگەر کەمێک لە گەڵ پێکهاتەی کۆمەڵگە شیعە مەزهەبەکانی ئێران بەتایبەت لە شارستانەکان ئاشنا بن، دەبینن کە حیجاب تابۆیەکی قورس و گرانە کە شکاندنی لە زەینی کچان و ژنانێک کە لە نۆ ساڵییەوە بۆ پۆشینی هان دراون یان ناچار کراون، کارێکی ئاسان نیە و ئازایەتی دەوێ. پەرەپێدانی ئەم ئازایەتییە تابۆشێکینەرانە، بەهێزکردنی جۆگەلەی ڕەوانی گۆڕانکارییە قووڵ و لەسەرەخۆکانی کۆمەڵگەیەکە کە خودی ئێوە لە بارودۆخی ئێستاکەی ڕازی نین. کەوایە بۆچی گاڵتە بە هەوڵێک دەکەن کە لەپێناو گۆڕانکارییدا دەدرێ؟ مەگەر لە ئیسفەهاندا بۆ کەمێک شلترکردنەوەی حیجاب، توندڕەوەکان ئەسیدیان بە دەموچاوی کچاندا نەکرد؟ سوتاندنی ژنان بە ئەسید چ جیاوازییەکی لەگەڵ کوشتن و دەستدرێژی کردنە سەر ژنان لە بەرەکانی شەڕدا هەیە؟ ئەوانەیکە بە گاڵتەپێکردنەوە، کۆمەڵگەی تارادەیەک ئازادتری کوردستان لەباری حیجابەوە لەگەڵ کۆمەڵگە داخراوترە مەزهەبییەکانی ئێران بەراورد دەکەن، تووشی هەمان هەڵەیەک دەبن کە لەم دواییانەدا لە بەراوردی بارودۆخی ئاشتی و هەلومەرجی نائاسایی شەڕ و پێویستیی بەرگریی لەخۆ، لەلایەن نووسەرە فێمینیستەکانەوە هاتۆتە کایەوە. هەڵسەنگاندن و دادوەری کردن بەبێ ناسین و تێگەیشتن لە بارودۆخی یەکتر! نەبوونی ئاگایی و تێنەگەیشتن ڕاست ئەو شتەیە کە لە فێمینیزەکردنی ناسیۆنالیزمدا دەبێ دووری لێ بکرێ.

بەڵام چ گرەنتیەک هەیە کە ژنان بە وەرگرتنی لەسەدا پەنجای بیاڤی سیاسی و ڕێبەرایەتیەکەی و فێمینیزەکردنی کەشی ناسیۆنالیستی زاڵ، توندوتیژ نابن؟ بەکردەوەوەها گرنتیەک نیە مەگەر بڕیاری ئاگایانەی ژنان لەسەر پەیمانێکی ئەخلاقی کە وشیارانە لە توندوتیژییان دوور دەخاتەوە. بۆ گرەنتییەک نیە؟ ئەگەرچی ژنان بەگشتی ڕوحییەی لەسەرخۆی و ئاشتیخوازییان هەیە، بەڵام ئێستاش ژنی وا هەن کە زۆر توندوتیژ دەبن. هەبوونی

بـابەتگەلی وەک هەوڵەکـانی ژنـانی سیاسی بـۆ وەلانـانی ژنـانی سیاسـی نەیـار یـان سـەربەخۆ، چەواشـەکردن و زەوتکردنی مێژووی بزووتنەوەی فێمینیستیی ژنانی کورد بە قازانجی کەس یان ڕێکخراوی سیاسیی خۆیان، یان وەک نمـوونە لە ئاسـتی کـۆمەڵایەتی، هەبـوونی بابەتەکـانی ئـازاردانی منـداڵان بەدەسـتی ژن/ دایـک بەڵـگەی ئەم ئیددیعایەن. پێم خۆش نیە ئیلاهەیەکی بێکەموکوڕی لە ژن دروست بکەم کە وادەی سازکردی بەهەشتێکی بەریـن لەسەر زەوی دەدا. ژنان هەنووکەش بەڕادەی پێویست لە دەسەڵاتی سیاسی و ناوەنـدەکانی بڕیارداندا نەبـوون کە بتوانرێ ئامارێکی دروست لە چۆنییەنی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدارییان بخرێتەڕوو. لەلایەکی دیکەوە نەبـوونی وەهـا ئەزموون و ئامارێکیش هۆکارێک بۆ نیگەرانی لە داهاتوو و پێشگرتن لە ژنان بە گومانی ناکارامەیی و تونـدوتیژی نـیە. ئێسـتا لەو بـابەتە کەمـانەی کە ژنـان دەسـەڵاتیان هەبـووە، زیـاتر ئاشـتیخواز بـوون بەڵام نمـوونەی وەک مارگاریت تاچێریش لە مێژووی دەسەڵاتداریی ژنان بەرچاو دەکەون.

**سەرچاوەکان:**


1. Fa.wikipedia.org/wiki
2. Fa.wikipedia.org/wiki فمینیسم
3. www.aftabir.com/articles/view/applied_sciences/social_science/c12c1224320628_feminism_nationalism_p1.php فمینیسم . یا . ناسیۆنالیسم
4. www.kurdishfeminists.com/more.php?id= 795
5. www.zannegaar.net/content/4
6. www.facebook.com/StealthyFreedom


لە ژمارە ٦٤٤ و ٦٤٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤ - ٦ی دێسەمبەری ٢٠١٤

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد



سەرچاوە
Serchawe

## لە دایە گەورە بانەییە سەحابە کوژەکانمەوە تا ئامۆزاکانی کوبانیم!

### بانە، هەزار و چوار سەد ساڵ لەمەوبەر:

عەرەبەکان بە مەبەستی پەرەپێدانی ئیسلام لە دەروازەی جەلەولاوە تێپەر بوون و هێرشیان کردۆتە سەر بانە.

ئابا و ئەژدام نایانەوێ سەردانەوێنن و خاک و نیشتمانیان تەسلیمی کەسانێک بکەن کە سەری ژن و پیاو دەبرن، زیندوەکان بە کۆیلەتی و کەنیزی دەگرن، ماڵ و مووناتیان تاڵان دەکەن و دەیبەن.

شەڕێکی قورسە. ژنانی بانە لە پێش هەموانەوە بوێرانە خەریکی شەرن. دەوترێ عەرەبەکان لێیان دەترسن و بە هێزی شەرڤانییان سەرسامن.

ژنە بانەیی زۆر لە هێرشبەرانی عەرەبیان کوشتوە.

ئەگەرچی بانە لە کۆتاییدا دەرووخێ و دژمن داگیری دەکات، بەڵام ناوی ژنانی ئازای بانە وەک ژنانی دلێری سەحابە کوژ بلاو دەبێتەوە و چیرۆکی ئازایەتیان جیل بە جیل دەگێردرێتەوە.

دەشت و کێوی بانە بە خوێنی عەرەبە هێرشبەر و داگیرکەرەکانەوە سوور ببو بەلام مەیتەکانیان دوای ئەو مامەلە، لەو دەشت و کێوانەدا دەنێژرێ و گۆڕەکانیان دەکرێ بە زیارەتگای ئەسحاب. ئالایی سەوز و سپییان پێوە هەلدەواسرێ و رێزیان دەگیردرێ. هەنووکەش خەلکانێک دەچن بۆ زیارەتیان و دوعا دەکەن و ئەگەر ئاوات و ئارەزوویەکیان هەبێ، بەردە وردە دەچەسپێنن بە کێلی قەبری ئەو داگیرکەرانەوە.

چی بەسەر دایەگەورە ئازاکانمانەوە دێ؟ حازر دەبن بکوژرێن و لەت و پەت بن بەلام بە هیچ جۆرێک سەر دانەنوێنن. بەداخەوە لە کۆتاییدا و دوای ئەو مامەلە، مەیتی داگیرکەران ئازیز دەبێ و مەیتی ژنانی ئازای بانە

لە گۆری بێ ناونیشاندا دەنێژرێ و خەلک هان دەدرێن کە تفیان لێ بکەن و بەر بەردیان بدەن چونکا ئەوانە گاور بوون!!! ئەم کارە ناحەزە ماوێکی زۆر بەردەوام دەبێ تا کۆتایی پێ دێ و فەرامۆش دەکرێ.

ئەو کات نە ئینتەرنێت بوە و نە سۆشیال میدیا و مۆبایلی کامێرا دار کە وێنەی ئازایەتی و بەرخۆدانی ژنە بانەیی بلاو بکرێتەوە و جیهانی پێ سەرسام بکرێ. بەلام داستانی دایەگەورەکانم جیل بۆ جیل دەگێردرێتەوە. سەحابەکوژیش دەبێ بە ناو و ناتوورەی بانەییان و پێمان دەلێن بانەیی سەحابە کوژ!

ئەگەرچی دایەگەورەکانم لە گۆری سادە و ساکاردا خەوتوون و ئێسک و پروسکیان نەماوە بەلام دلنیام رۆحی یاخی و سەرکەشیان سەربەرزە. ئەو جینەی لە خوێنی ئەواندا بوە ئیمرۆ لە دەمارەکانی کچانی کوبانیدا دەگەرێ. ریشەی بوێری و ئازەیەتیان لە خاکی بانەوە هەر رواوە و رواوە تا گەیشتۆتە کوبانی و ئامۆزا داعش کوژەکانم لەو شارە مەزنە.

## کوبانی، ئیمرۆ، سالی ٢٠١٤ی زایینی

داعش بۆ دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی هێرشی کردۆتە سەر کوردستان.

خوشکەکان و ئامۆزاکانم لە کوبانی نایانەوێ سەردانەوێنن و خاک و نیشتمانیان تەسلیمی کەسانێک بکەن کە سەری ژن و پیاو دەبرن، زیندوەکان بە کۆیلەتی و کەنیزی دەگرن، مال و مووناتیان تالان دەکەن و دەیبەن.

!شەرێکی قورسە. ژنانی کوبانی لە پێش هەموانەوە بوێرانە خەریکی شەرن. دەوترێ داعشەکان لێیان دەترسن و بە هێزی شەرڤانییان سەرسامن

ژنە کوبانی زۆر لە هێرشبەرانی داعشیان کوشتوە.

ژنانی ئیمرۆی کوبانی، دایەگەورەکانی جیلی داهاتوون کە چیرۆکی ئازایەتی و بوێرییان نەک هەر جیل بۆ جیل دەگێردرێتەوە بەلکوو لە سایەی هەبوونی ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا و مۆبایلی کامێرادارەوە، لە مێژوودا تۆمار

دەکرێ.

هەرچەن ولاتانی دراوسێ و زلهێزەکان مانگێک زیاترە خۆیان مت داوە بەشکم کوبانی برووخێ و میدیاکانیان دایمە دەنووسن «کوبانی لە لێواری رووخاندا»، بەلام کوبانی ناررووخێ. دلنیام ژنی داعش کوژی کوبانی کاری ناتەواوی دایەگەورە سەحابە کوژی بانەیی بە ئاکام دەگەیەنێ. ژنی کوبانی ریشەی کۆیلەتی و نایەکسانی جنسییەتی بنبر دەکا و ناهێلێت چی لەوە زیاتر ژن بچەوسێتەوە و بە نزم داندرێ. ژنی کوبانی راپەرینێکی مەزنی ژنانە لە رۆژهەلاتی ناڤین و لە جیهاندا وەرێدەخات.

لە دایەگەورە سەحابەکوژەکانم لە بانەوە هەزاران سلاو بۆ ئامۆزاکانم لە کوبانی. سلاوێک بە درێژایی هەزار و چوارسەد سالی هیجری قەمەری...

سەرچاوە: وێبلاگی روئیا تلۆحی، کچی ئاربابا - رێکەوتی: ١٩ی ئەپریلی ٢٠١٤

---

## حیزبی فمینیستی ژنانی کورد دەبێ دامەزرێ

**دایم گلەیی لە ژنان دەکرێ کە خۆیان بەشداری سیاسییان کەمە. خۆیان لاواز و زەعیفن!!!**

قەت ناوترێ حیزبە پیاو مەزنەکان کە ئامادە نین ژنان وا پەروەردە کرێن کە لە ئاستی بریاردەری سیاسیدا بەشدار بن (بۆ نموونە سکرتێری حیزب ژن بێ) چەنێک دەوریان هەیە لە بێ مەیلی ژناندا بۆ پانتای سیاسی.

ژنانی رۆژهەلات لە بازنەیەکی داخراودا دەخولێنەوە. چاو لە ژنانی باکوور و رۆژئاوا دەکەن دلیان بە خۆیان دەمێنێ. چاو لە ژنانی باشوور دەکەن نیگەران دەبن کە لەوانەیە دوایی ئەوە بەسەریان بێت! دەستەبەر بوونی مافی نەتەوەیی دەقاودەق بە مانای دەستەبەر بوونی مافی ژنان کە نەبێ، هیچ، تازە ژنان هەر هەمچنان بکوژرێن و لێ بدرێن و ئازار ببینن.

### ژنی رۆژهەلات چی بکەن؟

بەرای من لازم نیە زگمان بە خۆمان بسووتێ و هەست بە داماوی بکەین. دەبێ قۆلی لێهەلمالین بۆ یەکەم حیزبی فمینیستی ژنانی کورد، بێ ترس لە بەرئینگار بوونەوەی پیاومەزنی و پیاوانی سیاسی. تێکۆشانی ئەو حیزبەش تەنیا و تەنیا بەرز کردنەوەی ئاستی سیاسی ژنان بێت بۆ بەشدارییان لە گشت پانتا سیاسییەکاندا.

ئەو پیاوانەش وا فەوری نیگەرانی «تجزیە طلبی» ژنان دەبن لازمە بە خۆیاندا بچنەوە کە ئەما مانای تجزیە لە پیاوان نیە. مانای ئامادە و پەروەردە کردنی جیلێکی ئازا و زانا و لێهاتووی ژنانی رۆژهەلاتە بۆ بەشداری لە گشت پانتا سیاسییەکاندا. دوارۆژ ئیتر هیچتان نالێن: ژنمان نیە، ژنی بە توانامان نیە، خۆیان لاوازن، خۆیان نایەن و وا وا وا....

سەرچاوە: وێبلاگی روئیا تلۆحی، کچی ئاربابا - رێکەوتی: ١٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## ژنی کوردم، هەم ئاشتیخواز هەم شەرڤانم ، پارێزڤانی کوردستانم

ژنی کوردم، هەم ئاشتیخواز هەم شەرڤانم،
پارێزڤانی کوردستانم.
ئەگەر ئیمرۆ پارێزڤانی نیشتمانم،
ئەگەر ئیمرۆ سنگم قەلغانی گوللەیە،
با بزانی، لە دوای شەریش لە مەیدانم.
لە سەنگەری کۆمەلگادا هەر دەمێنم
نیوەی پانتای سیاسەتیش هەر هی منە.
قەلەمی دەستم، چەکی شانم،
لە خزمەتی یەکسانییە.
ژیانی من پر بەهایە.
خۆسووتاندن باوی نیە.
ئەمن ناموسی هیچکەس نیم.
ناموسی مە ئازادیە، یەکسانیە.
ژنی کوردم، هەم ئاشتیخواز هەم شەرڤانم،
پارێزڤانی کوردستانم.

به داوا لێبووردن لە شاعیران، من شاعیر نیم بەس بەو وشانە ئیمرۆ دەروونی کولاوم هەلرشت.

رۆیا

سەرچاوە: وێبلاگی رونیا تلۆحی، کچی ئاربابا - رێکەوتی: ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

## خانم تلۆعی، سیلێنا خانم، برازای شیرینم، بەخێرهاتی بۆ دنیا.



وێنەی جوانت هەر لە ئێستاوە خاتوونێکی جیدیم نیشان دەدا بە دەستێکی راسان و مشتێکی گرێ کراو، وەک بلێی هەر لە ئێستاوە دەزانی پێت ناوەتە جیهانێک و ناوچەیەک پراوپر لە نابەرابەری، بە تایبەت نابەرابەری جنسییەتی. پێم وایە دەزانی ناچاری بۆ سەرەکی ترین مافەکانت تێبکۆشی.

هیوادارم جیلی تۆ ئازارەکانی جیلی منی نەبێ. دەزانم هیوایەکی زۆر خۆشبینانە و خەیالییە. دەی باشە، کەواتە دەلێم هیوادارم جیلی تۆ ئازارەکانی زۆر لە جیلی من کەمتر بێ.

ئازیزەکەم جادەی ژیانی ژن لە ناوچەکەی ئێمە پڕ بوو لە دڕک و گابەرد ..

کاتێک پوورە رۆیات مندال بوو لەبیری دێ:

ژنێکی جوان بوو پێیان دەوت سەیزایە خانم. سەیزایە خانم بێوەژن بوو. بێوەژنێکی جوان و خۆشروو و خاوەن دوو مندال. بۆ بەخێو کردنیان دەمووچاوی ژنانی هەلدەگرت. داخی فەقیری و هەژاریەکەی لەولاوە بێستێت، لەملاوە

تەنیا بە تاوانی خۆشروویی هەزاران قسە و قسەلۆکیان بۆ ساز دەکرد. سەیزایەی بالابەرزی خۆشروو کاتێک دەمووچاوی ژنانی خزمی هەلدەگرت، بە هێواشی شتهایەکی لە قسەی خەلک دەگێراوە و ئاخی هەلدەکێشا و فرمێسکی چاوی دەسریەوە. پوورە رۆیات مندال بوو. نەیدەزانی ئەو قسانە دەقیقەن یانی چی بەلام دەیدی سەیزایە بالابەرز و خۆشرووەکە زۆر جار دەگریا. پوورت دوایە گەورەتر بوو زانی خۆشروویی ژن جۆرم و تاوانە...
ئەختەر ژنێکی گەنج و بێباک بوو. هەرکات خەرامان خەرامان لە خیابانی بیمارستاندا بە پیاسە رەد دەبوو، هەر ساحەب دووکان بوو سەفیان کێشابوو، ملیان رادەکێشا و چاویان دەردەپەری تا تەواوی هەیکەلی بە چاویان بپێون. رۆژێک ئەختەر بوو بە نەقلی بانە. تا ماویکی زۆر قسەی پێدەوترا و موحاکیمە دەکرا. ئاخر ئەختەر بە خۆی ئیجازەی دابوو لە خیابان لەبەر چاوی پیاواندا ساندویچێک بکرێ و بیخوات! دوایە پوورە رۆیات گەورەتر بوو زانی ساندویچ خواردنیش بۆ ژن جورم و تاوانە...

باوە گەورەت پیاوێکی بەراستی رۆشنبیر بوو. زیاتر لە ٤٠ سال لەمەوبەر کە تەنانەت ماشینیش لە بانە کەم بوو، تەنیا سێ مندال لە بانە دووچەرخەیان بوو. پوورت و دووکور. پوورە رۆیات لە لای دایک و باوک بە بێ جیاوازی نێوان کچ و کور بارهاتبوو. لەگەل مندالە کورەکان موسابیقەی دووچەرخە سواریان دادەنا و زۆربەی کات لێیانی دەبردەوە. ئەو کاتانەی ئازاد و رەها لەو سورعەتەدا بە دووچەرخەکەیەوە دەتوت هەلدەفرێ، نەیدەزانی مانای نیگای تیژی کچە دراوسێ چییە. کچە دراوسێ رۆژێک بانگی کرد و پرسیارێکی لێ کرد. هێشتا پوورت نەیدەزانی مانای ئەو پرسیارە چیە. چوو بە دایە نۆشێی وت. لە هەلچوونی دایە نۆشێ و چوونە سەر مالی دراوسێ زانی هەر چی هەیە زۆر ناخۆشە. پوورە رۆیات عاشقی دووچەرخە بوو و رانەوەستا بەلام دوایە کە گەورە بوو مانای پرسیارەکەی زانی و تێگەیشت دووچەرخە سواری لەگەل کوران بۆ کچێکی ٧ - ٨ سالە جورم بوە. جورمێکی زۆر گەورە...

پوورە رۆیات لەبیری دێ ژنێکی گەنج بە خۆی ئیجازەی دابوو چەن جار سوار تاکسیەک بێت و بچێت بۆ کتێبخانەی گەرەکی سەروو کتێب وەرگرێ. دوای ماوەیەک لە لایەن مێردی دلپیسیەوە بە تاوانی سوار تاکسی بوون گومانی خەیانەتی سەرخرا و تا پای بەردباران چوو. هەرچەن لە کۆتاییدا بێگوناهی ئەو ژنە سەلمێندرا بەلام پوورە رۆیات ئەوپەری تالی و سترێسی ژیانی ژنێکی بە ناحەق تاوانبار کراوی لە چاوەکانیدا دی کاتێک کە قسەی ناحەقی خەلک لە بەردەکانی بەردەبارانی ئیحتمالی ئازاری زیاتر بوو. پوورە رۆیات گەورەتر بوو زانی تەنانەت

رۆژی دوو جار سوار تاکسی بوون بۆ ژن جۆرمە، تاوانێکی زۆر قورس...

پووره رۆیات گەورەتر بوو، ئەو زولمانەی پێ قبوول نەدەکرا. بۆی هەزم نەدەبوو چۆن دەبێ ژنێک وەک ئینسانێکی قەوی لە بنەماڵەکەیدا پەروەردە بکرێ بەلام کۆمەلگا بە زۆر بیهەوێ بیکات بە ژنێکی زەعیف و ترسەنۆک و کۆیلە. پووره رۆیات کاتێک کتێبی «جنسی دووەم»ی سیمۆن دوباری خوێندەوە جوان جوان لەو رستە تێدەگەیشت کە «ژن، ژن لە دایک نابێ، کۆمەلگا دەیکات بە ژن».

سلێنا گیان، پوورت بەو پەری عوسیان و سەرکەشییەوە ملی بەرز رادەگرێ و دان پێدا دەنێ کە موجریم و تاوانبارە. هەم خۆشروو بوو و دەم بە پێکەنین، هەم ساندویچی خوارد، هەم بە تەنیا سوار تاکسی بوو، هەم لە جیاتی دووچەرخە سواری، لە ماشین خوڕا و بەربەستی راننددگی ژنانی لە بانە شکاند. پوورت تازە چەن قەیەمی ئەولاتر نا. خۆی لە هیچ پیاوێک بە کەمتر نەزانی بگرە باوەریشی بوو لە زۆر پیاوی دەورووبەری قەویترە. بە تەنیا چوو لە زانکۆی شارێکی دوور دەرسی خوێند. بوو بە دوکتۆر و گەرایەوە بانە. تازە نازانی چەن جنایەتکار بوو! هێشتا شووی نەکردبوو برۆشی هەلگرت و نیگا تیژەکانی ژنە دراوسێی بە هیچ گرت!!! داستان بەوەش کۆتایی نەهات. ئەم پووره تاوانبارەت دەستی برد بۆ قەلەم و ئازارەکانی ژنی کوردی نووسی. تەنانەت بە خۆی ئیجازەی دا وێنەی لە پای وتارەکانی چاپ ببێ! تاوانێک کە مەلای سازمانی ئیرشادی شێت کردبوو کە چۆن وێنەی ژن چاپ دەکەن و تازە بەدحیجابیشە!!!

پوورت رێبواری پر لە عوسیانی رێگایەک بوو کە ژنانی پێش جیلی خۆی بە رچەشکێنییەکانیان کەم کەم برێک خۆشیان کردبوو. لە داستانی خەیالیی عوسیانی دایە حەوا و دەست بردن بۆ دارە سێوەکەوە بیگرە تا هیمەتی سەیزایە بۆ ئەوەی دەستی لە گیرفانی خۆیدا بێت. لە ساندویچەکەی ئەختەر کە نۆشی گیانی بێ، تا ژنە کتێب خوێنەکەی ناو تاکسی و زۆر داستانی تری ژنانی بانە کە لەم کورتەدا نەگونجاوە .

ژنانی جیلی پوورت رێگاکەیان کەمێ زیاتر کوتا و نەختێک سافتریان کرد. ئیستا لە ماشین خوڕان، دەرس خوێندنی ئاستی بالا بە تەنیا لە شارێکی تر، سەفەری ژنان بۆ شارەکانی تر، دەمووچاو و برۆ هەلگرتنی پێش پێکهێنانی ژیانی هاوبەش، نووسینی ژنان و بلاو کردنەوەی وێنەی ژن و... یا جورم و تاوان نیە یا خود جورمەکەی

کەمترە. هەرچەن هێشتاش ئازاری ژنان بەردەوامە و تا گەیشتن بە مافی ئینسانی و تەواو یەکسانی ژن و پیاو و هەروەها کورد و نەتەوەکانی تر، رێگایەکی زۆر دوور و درێژمان لەبەرە، بەلام دلنیام جیلی دوای من کە پێش تۆیە، جیلی خوشکەزا ئەزیزەکانم نیوشا و نیلا، بۆ تۆی خۆشتر دەکەن. هیوادارم نۆرەی تۆ هات ئیتر کاتی ئاسفالت کردنی هاتبێ.

سێلێناکەم، لە گشت جوانیەکانی روومەتت جوانتر ئەو مشتەیە رۆلەم. قەوی بە برازا شیرینەکەم. قەوی بە...

سەرچاوە: وێبلاگی روئیا تلۆحی، کچی ئاربابا - رێکەوتی: ١٢ی ئەپریلی ٢٠١٥

## پێویستی بە "فێمینیزمێکی هاندەر: لە نێو ژنانی کورددا

کۆمەڵگای کوردی بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمەڵگایەکی سەرکوت کراوە، بەڵام کێشەکە هەر بەوە کۆتایی پێ نایەت و بەداخەوە ئاسەواری سەرکوت وەرگری یا هەمان «سرکوب پذیری» بە ناوچاوانی کۆمەڵگامانەوە دیارە. لەوانەیە زۆر کەس نکووڵی لەوە بکەن و بە پەنا بردن بە نموونەی خەباتکاران، چ مەدەنی و چ چەکدار، هەوڵ بدەن سەرکوت وەرگری رەت بکەنەوە. بەڵام با لەگەڵ خۆماندا رووڕاست بین. چەن لە سەتی کۆمەڵگامان خەباتکارن لە هەر شێوەیەکیدا؟ ئەگەر حەشیمەتی کوردی رۆژهەڵات دە ملوێن بێت (کە بەداخەوە هیچ ئامارێکی متمانە پێکراو و دەقیقمان نیە تا ئیستا) یەک لە سەتی دەکاتە سەدهەزار. زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە ئێمە سەدهەزار خەباتکارمان نیە. یەک لە هەزاریشی دەکاتە دەهەزار کە لە ڕاستیدا ئەو ژمارەشمان نیە.هەروەها خەباتکار بوون دەقاودەق بە مانای بێ بەری بوون لە دیاردەی سەرکوت وەرگری نیە. جاری وایە سەرکوت گەر لە داگیرکەرەوە دەگوازرێتەوە بۆ سەرکوتگەرانێک لە نەتەوەی خۆت.

ئەگەر سەرنجێکی تۆڕی کۆمەڵایەتی تێلگرام بدەین کە لە ناوخۆی ئێراندا زۆر بەکار دەهێندرێت، لەگەڵ حەقیقەتی تاڵی سەرکوت وەرگری ڕووبەڕوو دەبینەوە. جا بیانووی ئەو سەرکوت وەرگرییە ترس لە گیران و تووشی گێچەڵ بوون بێت یا هەرچیپیەکی تر، ئەو ڕاستییە ناشارێتەوە کە خەڵک خۆیان خۆیان سانسۆڕ دەکەن و پێوەرە کانی سەرکوتگەر ڕەچاو دەکەن و بەڕێوەی دەبەن. تەنانەت وشیاری دەدەنە ئەوانی تریش کە ڕەوشی یاسایی نێوخۆ بپارێزن و «قسەی مەترسیدار» نەکەن! لێرەدا مەبەست هەڵسەنگاندنی حەقدار بوون یا حەقدار نەبوونی هاوڕێیانی ناوخۆ نیە، بەڵکوو مەبەست باس لەسەر دیاردەی سەرکوت وەرگری و بەتایبەت هەڵسەنگاندنی ئەم دیاردە لە ناو ژنانی کورد و پێویستی و چۆنیەتی فێمینیزمێکی هاندەرە بۆ سڕینەوەی دیاردەی سەرکوت وەرگرییە.

حاشا هەڵنەگرە کاتێک سەرکوت قبووڵ کرا و وەک حەقیقەتێکی سەپاو لە ناخدا دزەی کرد، باوەڕ بەخۆ، دەبێتە یەکەم قوربانی ئەم دیاردە. سەرکوت وەرگر نە تەنیا باوەڕی بەخۆی نامێنێت، بەڵکوو باوەڕی بە تەواوی ئەوانەی وەک خۆی بن نامێنێت. قبووڵی دەکات کە توانای گۆڕینی نیە و هەموو هەوڵێکی بێ ئاکامە. توانای داهێنان تێیدا

بە تەواوی سەرکوت دەکریٚ و ترس و دڵەراوکیٚ بە شاراوە و بە ئاشکرا تەواوی هەست و نەستی داگیر دەکات. جاری وایە ئەگەر دەرفەتی بۆ هەڵکەویٚت تا ئایدیایەکی دەربڕیٚت تووشی دڵەراوکیٚ لە قەزاوەت و هەڵسەنگاندنی نەگەتیڤی ئەوانی تر دەبیٚت و خۆی دەست دەکا بە خنکاندنی تواناکانی خۆی، تەنانەت ئەگەر ئایدیاکانیشی زۆر تازە و داهیٚنەرانە بن. هەروەها چونکا باوەڕ و متمانەی بەوانی تر لەدەست چوە، ئامادە نیە توانای کەسانی تریش قبووڵ بکات و بەردەوام بە شک و گومانەوە لیٚیان دەڕوانیٚ و هەوڵ دەدا بیانشکیٚنیٚت و سەرکوتیان کات یان لە ناخەوە بەخیلییان پیٚدەبات و هەم خۆی ئازار دەدات و هەم ئەوانیش. سەرکوت وەرگر قبووڵی کردوە خۆی و ئەوانی وەک خۆی بیٚ توانان، کەواتە ئەگەر کەسیٚک بە توانایە، تواناکەی هی خۆی نییە و سەرکوتگەر پیٚی داوە. چونکا لە ناخی سەرکوت وەرگردا، سەکوتگەر بە هەیبەت و توانایە ئەگەرچی زۆریش لیٚی بیٚزار بیٚت.

لە ڕاستیدا سەرکوت گەر سەرناکەویٚت مادام سەرکوت وەرگر بە قبووڵی هیٚژموونی سەرکوتگەر و بوون بە داردەستی ئەو، دەرفەتی سەرکوتگەری بۆ نەڕەخسیٚنیٚت. ئەو سەرکوت وەرگرانەی هەبوونی سەرکوتیان بە چارەنووسی بیٚ ئەملاولای خۆیان قبووڵ کردوە، هەوڵ دەدەن بەشکم بە خزمەتکاریی سەرکوتگەر ، نەختیٚک خۆیان لە سەرکوتگەر نزیک بکەنەوە وسەرکوت وەرگریٚکی عەزیزتر بن. ئەو چەشنە سەرکوت وەرگرانە خۆیان یەکەم دژمنی یاخیەکانن و پیٚش ئەوەی سەرکوتگەر سەرکوتیان کات خۆیان سەرکوتی یاخییەکان دەکەن. ویٚڕای ئەوانەش هەر میٚژوو بەدەست یاخییەکانەوە گۆڕدراوە. کاتیٚک یەکەم کۆیلە ئامادە نەبوە سەردانەویٚنیٚت و دەنگی هەڵبڕیوە، هەیمەنەی کۆیلەدار قڵشی تیٚکەوتوە. بە سەرهەڵدانی هەر یاخیەکی نویٚ، قڵشەکە قووڵترو قووڵتر بوە تا لە ئاکامدا کۆیلەداری لەناو بردوە. هەڵبەت سەرکەوتنی ڕاستەقینە ئەو کاتەیە کە خودی یاخی دوای سەرکەوتن نەبیٚتە سەرکوتگەریٚکی تازە.

دیاردەی سرکوت وەرگری کە دەگات بە ژنانی کورد بە بۆنەی ئاویٚتە بوونیەوە بە چەوسانەوەی جنسیەتی ویٚڕای چەوساندنەوەی نەتەوایەتی، دووقات کیٚشە دەخولقیٚنیٚت. بەلامەوە سەیرە پیاوی کورد کە دایم بەدەست چەوساندنەوەی نەتەوەییەوە دەناڵیٚنیٚت و لەگەڵ ئازارەکانی چەوسانەوە ئاشنایە، بۆچی ئامادەیە ژنانی کورد بچەوسیٚنیٚتەوە و دایمە سەرکوتیان کات؟ دیارە وڵامی ئەوەش لە جیٚگیر بوونی هەڵاواردنی جنسییەتی و هەروەها جنسی ژن بە نزم زانین، لە میٚشک و دەروونی پیاوەکانمان و بەداخەوە بڕیٚکی زۆر لە ژنەکانماندایە. لەبیرمە پیاویٚکی هاوشاریمان لە بانە هاتبوو بۆ ئۆفیسەکەم لە تاڤیگە و داوای یارمەتی لیٚکردم سەبارەت بە کیٚشەیەک.



سەرچاوە
Serchawe

زۆر سەیر بوو زوو زوو دەیکوت ئای دکتۆر! وتم کاکە گیان من خانمم نە ئاغا. وڵامی دایەوە تۆ ئینسانێکی قەوی و تێگەیشتووی. بەڕاستی من وەک ئافرەتێک سەیرت ناکەم! من قەت ئەو بیرەوەریەم لە یاد ناچێت چونکا دان پێنان بە دیاردەیەکی تاڵی ناو کۆمەڵگای ئێمەیە کە «ژن» هیچ نیە. ئەگەر شتێکە کەواتە «ژن» نیە.

لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەوەندە بە ژن وتراوە کە «ژنان ناتوانن»، «باوەڕیان بە خۆیان نیە»، «زەعیف و لاوازن»، «خۆیان یەک ناکەون»، «ئێرەیی دەبەن و دژبە یەکن» و هتد، کە زۆر لە ژنان باوەڕیان بە ناتوانی خۆیان کردوە و متمانە و باوەڕ بەخۆیان لە دەست داوە. جاری وایە ئاگایی ژن لەبەر هەر هۆکارێک زۆر دەبێت، یاخود یاخیگەریەکی دەروونی دەبێتە هۆکاری ناڕەزایەتی لەو بارودۆخەی تێدا دەژی. لەو حاڵەتەدا ژنی دایمە سەرکوتکراو پێویستی بە دەرفەتێکە کە هەناسەیەک بکێشێت وباوەڕ بە تواناکانی خۆی بێنێت و چالاکیەک لە جێگایەکەوە دەست پێبکات. کەچی دیسان زۆر نیگەرانی قەزاوەت و هەڵسەنگاندنی پیاوسالارانە لەسەر خۆی، نەکا بە زەعیف و لاواز بیبینن و بیدەنە بەر ڕەخنە. لە ڕەخنە رووخێنەرە بێڕەحمانەکانی کۆمەڵگای پیاوسالار و لە دژایەتییەکان دەترسێ. سەیر ئەوەیە کۆمەڵگای رۆشنبیری و سیاسی کوردی، تا ناخی ئێسقان پیاوسالارە و بە پێچەوانەی تەواوی دروشمە زریقە و بریقەدارەکان لە ناخی خۆیدا هەڵگری دژایەتی ژنانە بە تایبەت ژنانی سەربەخۆ و بەڵێ نەویژ. ئەم پانتا بە ناو ڕۆشنبیری و سیاسییە پیاوسالارانە لە جیاتی بەرهەم هێنان، لاسایی کەرەوەیەکی سەقەتی ئەزموونە کۆن و تێپەڕیوە رۆژئاواییەکانە، بە تێکەڵاویەکی قووڵ لەگەڵ نەریتە دژە ژنەکانی کۆمەڵگای خۆمان. (وەک ژن بە کاڵای نامووسی بینین بۆ نموونە) سەیر ئەوەیە پیاوانی ئەم پانتایە کە ژنان بێڕەحمانە دەکوتن و تاوانباریان دەکەن بە نەزانی و لاوازی، خۆشیان بەرهەم و دەسکەوتێکی وایان نەبوە. تەنانەت بەشیکی دایمی سرکوت گەرێکی لە هەمانکاتدا سەرکوت کراون.

ژنانی کوردیش کە دێنە پانتای چالاکییەوە سەرەتا لە لایەن دەستەو گرووپە پێکەوە ناسازەکانی کۆمەڵگای رۆشنبیری و سیاسی پیاوسالارەوە گەمارۆ دەدرێن. لەگەڵ هەر گرووپێکیان بکەون گرووپەکەی تر لێیان دەبنە دژمن. لە ناو خودی گرووپەکەشدا وەک ئامێرێکی بەڵێ وێژ دەیانەوێن و بەس. مادام ئەو ژنانە بیانهەوێ سەربەخۆ بن بە بێڕەحمانە ترین شێوە هەر لە لایەن ئەندامانی ئەو گرووپەوە سەرکوت دەکرێن. ئەمانە هەمووی وا دەکات ژنان زیاتر نیگەران بن و زیاتر خۆیان دوور بخەنەوە.

لێرەدایە کە بۆ سڕینەوەی ئەو ترسانە و بۆ گەشانەوەی خوڵقێنەری، بەرهەم هێنان و تواناکانی ژنان پێویستمان



سەرچاوە
Serchawe

بە فێمینیزمێکی هاندەرە. ئیستا کە گرووپە پیاوسالارەکان بەم زوانە لە زەین و باوەڕی هەڵاواردنی جنسییەتی پاک نابنەوە، نابێ ئێمە ژنان تەواوی توانا و ئینرژی خۆمان بەختی ئەگەری گۆڕانێکی بچووک لەو زهنییەتە پیاوسالارەدا بکەین و لە کاری سەرەکی کە بەتواناسازی ژنانە غافڵ بین. هەروەک چۆن لە شەپۆلی دووهەمی فێمینیزمدا پانتاگەلی تایبەت بە ژنان پەرەی سەند، ژنانی ئیمڕۆی کورد، ئەو دەرفەتەیان پێک هێناوە کە گرووپگەلی تایبەت بەخۆیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبێت. پێویستە لەو گرووپانەدا وێڕای باس و خوازی جیاواز رووبکەینە تەشویق و هاندانی یەکترین بۆ ئەوەی مەودایەک بەدی بێت کە توانا بچوکەکانمان گەشە بکات و گەورەتر بێ. لازم نیە بە چاویلکەیەکی رۆشنبیرنمایانەی پیاوسالارانەوە، لاسایی هەڵەکانی پیاوسالاران بکەینەوە و نووکی تیژی هێرش و رەخنە بەرەوڕووی ژنانێک بگرین کە بە درێژایی مێژوو پێیان وتراوە ئێوە ناتوانن و، هەستی باوەڕ بە خۆیان بە پەلەپیتکەیەک دەقڵشێ و دەڕووخێت. بۆ پتەو کردنی ئەو هەستی باوەڕ بەخۆیە و بۆ گەشە کردنی تواناکانی ژنان و دەرکەوتنی ئیستیعداد و وزەکانیان پێویستە بە بینینی تواناکان هاندەری یەکتر بین و یارمەتی یەکتر بدەین. یارمەتیدەریەک بە بێ منەت و بێ چاوەڕوانی سپاس و پێزانین. دیارە ئەمە بە واتای ئەوە نیە کە چەپڵە بۆ لاوازیەکان لێبدەین، بەڵکوو بە میهرەبانی و هاندان و تەشویق، لایەنە پۆزەتیڤەکانی کاری ژنان دیاری بکەین و بە یەک بڵێین کە لەو شوێنەشدا پێویستی بە کاری زیاتر و چاکتر بوونە. قۆل هەڵماڵین بۆ یارمەتی بەرەو چاکتر کردنی کارەکان و ئیدەکان و پرۆژەکانی ژنان.

پێویستە وشیار بین کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ساڵهای ساڵە کە کار کراوە بۆ کوشتنی ئیعتماد و متمانە و میهرەبانی. زۆر جار جیا کردنەوەی میهرەبانی راستەقینە لە تەعارۆفی وشکی بێ کردەوە، دووروویەکی پەرەسەندوو، پێداهەڵگوتن و چاپلووسی دژوارە، بەڵام بەردەوامی و هێدی هێدی بەرەوپێشچوون دەتوانێ یارمەتیدەرمان بێت. بەشکم ژنانی کورد بە پەرەپێدان بە فێمینیزمێکی هاندەر، تووی میتمانە و میهرەبانی و یەک گرتوویی لە کوردانی رۆژهەڵاتدا داچەننەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - رێکەوتی: ١٩ی جانێوێری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# چوار کەس بووین.



**چوارکەس بووین، دوای دە دوانزە ساڵ خاوەن چوار چارەنووسی جیاوازین، بەڵام خولیاکانمان هەر هاوبەشن.**

**کاک جەلیلی ئازادیخواز، بێهزادی خۆشحالی، سەعیدی ساعیدی و من.**

*** کاک جەلیل ماندوو لە سیاسەت، لە کۆمەڵە ئیستیعفای داوە.**

*** بێهزاد کە ماوێک لەمەوبەر رووی کردبوە کۆمەڵەی مۆهتەدی، لە بەندیخانەیە بەڵام نە زیندانی کۆماری ئیسلامی، زیندانی پارچەی باشووری کوردستان.**

*** سەعید هەرچەن لە ئەورووپایە بەڵام هەر ئاوارە و وەیلانی کوردستان - ئۆرووپایە. ئەو رۆحە سەرکەشە وەستانی نیە.**

*** من لە ئەمریکام. دامەزراوم و خۆم بە پێچەوانەی ئەو سێ هاورییەی جاران یا ئیستام، لە هیچ حیزبێکی سیاسی نەدا.**

## داستانی ئێمە چی بوو؟

**لەسەر قسەی ئەحمەقێک، لە کاک جەلیل زۆر توورە بووم بێ ئەوەی لە نزیکەوە بیناسم تووشی سوتەفاهۆمیان**

کردبووم. من کۆلەن قسە لە رووم. ئێوارەیەک چووم بۆ دەفتەری ئاسۆ قسەی لەگەل بکەم. یان سوتەفاهۆمەکە حەل بێت یان ئەگەر کاک جەلیل بە پێێ قسەی ئەو ئەحمەقە، مرۆڤێکی بەد نیەەتە یەک شەپەلاغەی جانانە بەم لە گوێچکەی! :) لە جیاتی مرۆڤێکی بەد نیەت ئینسانێکی زۆر مۆحتەرەم و لەسەر خۆم دی. شەپەلاغێکم لە ویژدانی خۆم دا کە لەمەولا بە قسەی هیچ ئەحمەقێک پێشداوەری لەسەر کەسێک نەکەم کە نایناسم. لەگەل مجبووب هاوسەری ئەو کاتەی کاک جەلیل، بووم بە ئاشنا و قسەیەکی مەحبووب زۆر لە دلم نیشت. داوای لێکردم قەت قەت پشتی کاک جەلیل بە ئەرزدا نەدەم چونکە زۆر کەس نامەردییان لەگەلی کردوە و لە پێستی مەردا لێێ بوونە گورگ. کاک جەلیل قارەمان و ئینسانێکی فەوقولعادە نیە. وەک هەموومانە. ئینسانێکە پرە لە شتی چاک و خراپ (لەسەر هەلسەنگاندنی شەخسی هەر کەسێک، چونکە پێم وایە چاکە و خراپە نیسبین جگە لە برێک شت وەک قەتل و دزی و...). بەهەرحال قەولم بە مەحبووب دا خوشکێکی بە ئەمەگ بم و بووشم. کاک جەلیل داوای هاوکاری لە ئاسۆی لێکردم و لاپەرەی ژنانی دانا و دایە دەست خۆم. منیش داوام لێکرد بێهزاد و سەعیدیش بهێنێت بۆ ئاسۆ و ببینە تیمێکی نەتەوەیی.

بێهزاد کاتی خۆی دانشجووم بوو. کارئاموزی علومی ئازمایشگاهی بوو لە ئازمایشگای بیمارستان و منیش دوکتۆری ئازمایشگا بووم و ئەوەی لە توانامدا بوو بۆ فێرکاری خوێندکارەکان کردم. بێهزاد باهۆش بوو. منیش هەمیشە خوێندکارە زرینگ و باهۆشەکانم خۆش ویستوە هەرچەن برێکیان دوایە پێیان سەلماندبێتم شیاوی نەبوون.

سەعید هاورێی بێهزاد بوو، من نەمدەناسی و بە هۆی بێهزادەوە ناسیم. سەعید ئەو کاتە بۆم بوە جێگای متمانەی تەواو، کە گیرابووین. هەردووکمان نیگەران بووین لە ژێر فشاردا ئەوی تر بشکێت و باسی دیدار و چالاکی سیاسی و مەدەنییە نهێنیەکان بکات کە زۆر ئاسان دەتوانێ ببێتە هۆکاری حوکمی ئیعدامامان بە پێێ قانوونە قۆرەکانی کۆماری ئیسلامی. هیچمان ئەوی ترمان نەفرۆشت :)

هەلبەت ئەمە دوای دلهێشان و جیاییەکی پرماجەرا و درێژ خایەن بوو. واتە کافی بوو یەکێکمان کەمێک جاش، کەمێک کینەیی و کەمێک ئەحمەق بین تا ئەوی تر بەدبەخت کەین. بەلام نە جاش بووین و نە کینەیی و نە ئەحمەق.

لە سالۆنی دادگا، هەردووکمان دەسبەند کراو، و من چارشێوی زیندان بەسەردا کراو یەکترمان دی. هێواشێک وتی

ئافەرین شێرەژن. زۆر نیگەران بووم بەلام خۆتت باش راگرت. منیش وتم تۆش هەروا. ئەوە بوو بە هۆکاری ئاشتی دوای دەنگدابرانێکی درێژماوەمان.

جاروبار بیر دەکەمەوە. لەو دەورانەی هەرچوارمان پر بەدل و بە تەواوی هێز و ئینیرژی لە ئاسۆ کارمان دەکرد. پوولێکی سیاسی کارەکەی خراپ کرد. قەرار نەبوو پارەکە ببێتە هۆی ئەوەی دوایە قەوما. قەرار بوو ببێتە هۆی گەشەی ئاسۆ! پارە گەیشتە دەست بێهزاد و سەعید. لە جیاتی گەشەی ئاسۆ سەرفی وەدەرنانی کاک جەلیل و دەسەلات سەندن کرا. بێهزاد تەلەفۆنی بۆ کردم کە ئاوت بەدەستەوەیە داینێ و وەرە کارم پێتە. کە چووم بێهزاد و سەعید پێکەوە بوون. زۆر سادە پێم وترا کە کاک جەلیل جاشە!!!!!! و دەبێ ئاسۆی لێ بسەندرێ. لەگەل کاک حسەین قسە کراوە و هەموو شتێک ئامادەیە بەس هاوکاری من ماوە. گوایا ئاهیدیش کە دوایە سەعید هێنابوویە ئاسۆ، لە جەریاندا دانرابوو و بەلێنی دابوو. من وتم چی؟؟؟؟؟؟؟؟ چۆنە تا پارە گەیشت کاک جەلیل کرا بە جاش بەلام تا دوێکە جاش نەبوو؟؟؟؟؟؟؟؟ وتم دلم بەیەکدا دێ لەم تۆمەتە مەسخەرانەی ناو کورد کە تا تەقێک لە تووقێک دەدرێ بە ئاسانی بەیەک دەلێن جاش. وتم ئەمە خەیانەتە و من هاوکاری خەیانەتی وا ناکەم.ئەلان دەچم بە کاک جەلیلیش دەلێم ئامادە بێت و لە پشت سەرەوە خەنجەر نەخوات. ئێوە هەر کێشەیەکتان هەیە دەبێ پێکەوە قسە بکەن و حەلی بکەن نەک بەم شێوە هەلەیە پلان دانێن. سەعید توورە بوو وتی خۆم تۆم بە حیزبی دێمۆکرات ناساندوە خۆشم دەتشکێنم!!!! وتم حیزبێک قەزاوەتی لەسەر وتەکانی تۆ بێت با دوو سەد سالْ بایەخم نەداتێ. دەرگای ماشینەکەمم بە توندی داخست و گازم دا بۆ ئاسۆ. خولاسە شەر بوو. شەری کورد دژ بە کورد. ئەوان قسە و موزاکەرەیان نەکرد لەگەل کاک جەلیل. شتەکان لە جیاتی موزاکرە و موسالحە بوو بە کودەتا و لێکدابران. شەونامە دژ بە من و کاک جەلیل بلاو کرایەوە. بابەتها نووسرا. قسەها کرا. کەسێک (ئیستا حدک -ە) و چەن لاوی تر تەحریک کران شتهایەک بنووسن زۆر زۆر سووک (تا ئەو حەدە سووک کە ئەو کەسە لە سایتی کلاورۆژنە نووسیبووی ژنی جوانی کورد ماچ بدات بە مەلاکان بەشکم کێشەی کورد چارەسەر بێ!!! منیش بێ یەک و دوو ولامم دایەوە مەلاکانی حەوزە عیلمییەکان بۆ هاوجنس بازی بە ناوبانگن. چارەی دەردی کورد ئەگەر قەرارە وا سووک بکرێت خۆتان چارەی کەن!) . تا توانیمان شەرە قسەمان کرد و تا توانیمان بە یەکترمان وت جاش (منیش ئیتر ماندوو ببووم جنێوی خۆیانم بە خۆیان دەدایەوە. هەلبەت ئەزموونی ئیمرۆم بوایە بێگومان زۆر زۆر سەبوورتر دەبووم). دوایە کاوە لەو شەرە ئیستفادەی کرد و لە کۆنگرەی بە ناو ژنی کورد لە تاران باوەشێنی بەو ئاگرەدا کرد. بێهزاد لەسەر پەردەی کچێنی ژنان و رەبتی بە فێمینیزم زگی خۆی هەلدەدری و هەموو قین و

دژمنایەتی لە منی بەسەر فمێمینیزمدا دەرشت. منیش بەرەو رووی بوومەوە.......

خولاسە ئەوان لە ئاسۆ رۆشتن و ئێمەش عەدنان و دۆستانیمان هێنایە ئاسۆ. دوای ماوەیەک من راسانم لە خانمی خاوەن ئیمتیازەکەی بە کرێ گرت و لە ئاسۆ هاتمەدەر.

سەعید و بێهزادیش دواتر ئیحتلافیان تێکەوت و سەعیدیش کرا بە جاش!!!!!

ئەو رۆژانە گوزەران. چوار کەسەکە چاکمان دەست پێکرد. خراپ لێک دابراین. چوار ئینیرژی بووین کە ئەگەر وا سادە لێک دانەپچراینایە کاری زۆر باشترمان بۆ دەکرا. دلنیام کۆماری ئیسلامی یەکەم بەرندەی ئەو داپچرانە بوو. بەس پێتان وا نەبێ کوردی خۆمان لەم بارەوە کەم خەتابار بوون. دلنیام و ئەزموون پێێ سەلماندووم ئەوەندەی کورد حەزی لە شکست و دابرانی کوردە، دەسەلات حەزی لێ نیە :(

دوایە هەرچوارمان هەلاتین و هاتینە دەر. من لە ئەمریکا ژیانی خۆم و دوو مندالمم بە زەحمەت و رەنجێکی زۆر دامەزراندەوە. بە زەحمەت و رەنجێکی لە رادە بەدەر خۆم لە حیزبایەتی دەرەوەی ولات پاراست و سەربەخۆ مامەوە (داستانی زۆرە بەشێکیم نووسیوە). ئیستا مامۆستای زانکۆم و زۆر زۆر لە ژیان و کار و چالاکیم لەم شوێنە رازیم.. کاک جەلیل لەگەل کۆمەلەی کاک عومەر کەوت و ئیستاش لێک جیابوونەتەوە. هەمان پرۆسەی جیا بوونەوەکانی کورد لە یەکتر وبە دلنیاییەوە خەم و ئەعساب وردییەکانی، کە ئەوەندە لەم چەن سالەدا دیومانە بێتام بوە ئیتر....

سەعید لە دێمۆکرات نائومێد بوو و خولیاکانی بەرەو پژاکی کێشا. لە رۆژهەلات دیسان گیرا و ئەمجاربێدەنگیەکی گۆرستانی گیرانەکەی سەعیدی بایکۆت دەکرد. بابەتێکم نووسی "سەعید بمرە با خۆشمان بوێ" و ئەو بێدەنگییەم شکاند. دیسان لە باشوور پیلانی بۆ چنرا و دوو مانگ گیرا بە بیانووی هاتوچۆی نایاسایی لە سنوورەوە!!! چونکە لایەنگری سیاسی گۆریبوو وببوبە پژاکی، کۆلێک تۆمەتی جاش جاشی لێەردا. بەلام کەس وەک من نەیدەزانی سەعید جاش نیە. جاش بوایە من ئیستا ئێسقانەکانم لە ژێرخاکدا پرووکابوو...

هەلبەت ئەوەش بلێم هەر زوو لەو جاش جاشانە بە بێهزادیش زۆر دەوترا تا لە ناوخۆ بوو. بە منیش زۆردەوترا.

بۆ زۆر کەسم بیستوە. ئەسلەن پێم وایە کەس نەبێ لە رۆژهەلات چالاک بێت و شانازی مێدالیای تۆمەتی جاشیەتی بەر نەکەوتبێ. بەراستی ئیتر بێتام بوە. ئەسلەکارییەکان خۆیان لە پشت قوربانییەکان شاردۆتەوە. دلم لەو فەزا پیسە بەیەکدا دەهات و دێ بەراستی...

بەهەرحال کەسی چوارەم واتە بێهزاد رووی کردە کۆمەلەی مۆهتەدی. هەولێکی زۆر بێ ئاکامی بۆ رێبەرسازییەکی بێ مانا دا کە نە تەنیا قەت جێ نەکەوت بەلکوو دوایە تەنیا بوە هۆی پشتخالی مانەوەی خۆی. کارهایەکی کرد کە لە ئاست ئەودا نەبوو ولەگەل کەسانیک دانیشت کە زەرەریان لە بەرژەوەندیان زۆر زۆر زیاتر بوو(وەک شەونامە نووسی بەدەست یاری غاری تازەی، "ع. م" دژ بە من دوای رەخنە لە دەبیرکولی مادامۆلعومر) بەلام کارهایەکی باشیشی کرد کە لەو دەشیایەوە. چارەنووسی بێهزاد کە ئیمرۆ لە باشوور زیندانییە لە تەوژمێکی سیاسیدا ون و ناروونە. تۆمەتێکی لێدراوە کە لە باشوور لە گول بوون خراپترە. پیلانێکی سیاسی بۆ چندراوە کە چ ئالودەی مەوادیان کردبێ چ نەکردبێ بۆنی پیسی خەیانەت و کورد بەدەس کورد لەناوبردنی لێ دێت. نامەوێ سەرکۆنەی ئەو سەرۆک لقە حیزبەی بکەم کە تا توانی ئیستفادەی لە بێهزاد کرد و ئیستا کە تاریخ مەسرەفی گوزەراوە لەوپەری نامەردیدا پشتی چۆل کردوە و خۆی لێناکات بە ساحیب. دنیای سیاسەت بە گشتی و سیاسەتی سەقەتی کوردی رۆژهەلات بە تایبەت زۆر زۆر پیس و ئالوودەیە. ئەوەندە ئالوودە کە سەدسالە بە هیچ نەگەیشتوە. بێچارە ئەو گەنجانەی بە دلی پاکەوە دێن وبە دلی شکاوەوە دەرۆن...

دلنیام چارە نووسی ئێمە چوار کەس لە چارەنووسی هەزاران چوار کەسی دیکەی کورد دەچێ بە کەم و زۆرەوە. کۆماری ئیسلامی و گشت نەیارانی کورد ئاسوودە بخەون کە کورد دژ بە کورد وشیار و بێدارە. زەحمەتی ئێوە نادا. خەمتان نەبێ. خۆمان یەکتر لە ناو دەبەین (لای هەرکاممان پشت بەوەی دیکە دەخوێندرا). خۆمان وزەکانی یەکتر خۆنسا و بەتال دەکەینەوە. خۆمان چاوی بینینی یەکمان نیە...

ئەم داستانەم گێرایەوە بەشکم ئەم ئەزموونە بۆ جیلی نوێ ببێتە دەرسی عیبرەتێک. بەشکم چوارە تازەکان لێک دانەبرن. بەشکم کەس راحەت بەوی دیکە نەلێ جاش. بەشکم کەمێک یەکترمان خۆش بوێ. ئاخر چ نەتەوەیەکین کە قینمان لە خۆمان زیاترە تا لە نەیارانمان؟ ئەوە چ نەتەوە بوونێکە؟

ئێمە چوار نەفەر هیچمان جاش نەبووین. هیچمان خراپ نەبووین، هیچیشمان قارەمان نەبووین. هەر چوارمان کورد



سەرچاوە
Serchawe

بووین بە خەم و خولیای هاوبەش.

* داوا لیبوردن لەوانەی دەکەم بە گێرانەوەی ئەم داستانە زامەکانیان دەکولێتەوە. با جیلی داهاتوو کەمێک ئەزموونە نەوتراوەکانی ئێمەی لەبەردەست دا بێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٨ی مای ٢٠١٤

---

## کڕینی ئارڤی



پارەکە ئارڤی یەکمان کڕیٚ (ئەو ماشینانە کە ژووری خەو و ئاشپەزخانە و توالت و حەمامی هەیە). وەک ماڵی دووەمم وایە. هەموو پێداویستییەکانی ژیانێکم تی خستوە. کاتی سەفەر بەس مەوادی خواردنی دەکرین و پێویست بە چەمەدان پێچانەوە ناکات. رێدەکەوین بۆ دەشت و کێو و پەنا دەریاچە. شەمەو یەکشەمانە کە تەعتیلین و کات بەشی سەفەری توول و درێژ ناکات لە دەریاچەکانی ئۆکلاهۆما کەمپ دەکەین. بە خۆشییەوە هەم من و هەم هاوسەرەکەم عاشقی سروشت و کەمپینگین. هەرچەن مایکرۆ ڤەڤیشی تێدایە بۆ چایی ئورژانسی، بەلام کتری و قۆریەکیشم داناوە بۆ چای ساز کردنی سەر ئاگر. کەباب و چای سەر ئاگر هەر بۆنی کوردستان و سەیرانەکانی مالی باوکم دەدا.

شتێکی ئۆکلاهۆمام پێ جالبە ئەویش ئەوەی کە کاتی خۆی خاکێکی وشک و گەرم و قورە سوور بوە (قورە سوورەکەشی وەک قورە سووری بانە:). ئەو خەلکە بە زەحمەتی زۆر ئاوەدانیان کردۆتەوە. زیاتر لە شەست دەریاچەی تێدایە کە هیچی سروشتی نین و خەلک دروستیان کردوە و ئیستا شوێنی سەیران و قایەقرانیە. هەرچی سەیری ئەم ولاتە دەکەم عارەقی زەحمەتی ئەو جیلانەی دێتە بەرچاوم کە بەو گەرمایە کاریان کردوە و ئاوەدانی ئیمرۆ بەرهەمی زەحمەتی ئەوانە. هەلبەت داستانی خەمباری سوورپێستەکان و یەک نەگرتووییان لەو لاوە بێستێ کە هەم دیسان بیری چارەنووسی کوردی رۆژهەلاتم دەخاتەوە. بۆیە زۆر هاودەردی چالاکانی سوورپێستم و رێزیان دەگرم. ئەم وێنانەش هی شەمەیە لە دەریاچەی مەکمورچری. هەوا زۆر خۆش بوو. رۆژێکی بەهاری کەم مێشوولە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ٥ی مای ٢٠١٤

## چ دایکێکی فیداکاریت




تال بە تالی ئەو قژانەت کە سپی دەبن هاوار دەکەن کە چ ژنێکی مەزنیت. چ دایکێکی فیداکاریت. چەن گەورەیت. دەزانم نەسلی تۆ زۆر سەرکوت کران. ژنێکی زۆر بە توانا و ئیستعداد بووی کە جەبری شوێن و زەمان زۆر رێگرت بوو. لێت دوورم کە دەستت ماچ کەم و بە قامکەکانت فرمێسکی سپاسگوزاری و شەرمەندەییم بسریتەوە. لە هەزاران هەزار کیلۆمیتر ئەولاترەوە هاوار دەکەم دایکە ئازیزەکەم، نۆشێ خانمەکەم، خۆشم ئەوێی. سپاست دەکەم بۆ هەموو زەحمەتەکانت و شەرمەندەم کە هیچم بۆت جوبران نەکردۆتەوە. سەری رێز و نەوازشم لە بەرامبەر گەورەیی و عەزەمەتدا دادەنوێنم ئەی باشترین، سەبوورترین و میهرەبانترین ژنی ژیانم. بمێنی بۆمان چونکە دنیا بە وجوودی تۆوە مانای هەیە بۆ من. خۆشم دەوێی دایکە گیان تا ئەو پەری خۆشەویستی. بەقوربانی ئەو زەردەخەنەت بم. قوربانی تال بە تالی قژەکانت بم. قوربانی چاوە میهرەبانەکانت و دەستە زەحمەتکێشەکانت.

دایکە گیان سپاس. سپاس. سپاس...

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ٧ی جانێوێری ٢٠١٤

## بابە گیان، ئاغای خۆشەویستم، رۆشتی و من لە لات نەبووم...




**بابە گیان**: باشترین باوکی دنیا، فەرامۆشت ناکەم. لەبیرم ناچێ کاتێ ۳۰ ساڵت بوو و دەستت گرتبووم لە خیابانی قەرەبالخی تاران بمپەرێنیتەوە سەیری سمێلە رەش و جوانەکانتم کرد و لە دلی منداڵانەمدا وتم قەت نامەوێ باوکم پیر بێ. حەزم دەکرد هەر سی ساڵە و جوان و بالابەرز و خۆشتیپ بمێنی. بەر زەمەنم پێ نەگیرا. من بووم بە دانشجوو، تۆ هاتیت بۆلام. ئەمجار من خەمی تۆم بوو و دەستم دەگرتی تا لە خیابان بپەرینەوە. دیسان بەر زەمەنم پێنەگیرا و تۆ پیر بووی و سمێلەکانیشت سپی بوون بەڵام بۆ من هەر جوانترین سمێلی باشترین باوکی دنیا بوون.

**بابە گیان**: ٥ ساڵم بوو، تۆ دانشجوی حقوقی دانشگا تاران بووی. منت بردە دانشگای پزشکی و پێت وتم رۆیا چکۆل ئەمە دانشگایە. تۆ دەبێ دەرس بخوێنیتی و ببیت بە دۆکتۆر لێرە. بابە گیان هەتا ئیمرۆش کە دایکێکی ٤٦ ساڵەم و ئێستا خۆم ئۆستادی دانشگام، ئەو کات و ساتەم لەبیر نەچوە و ناچێتەوە.

**بابە گیان**: لەبیرمە لە بیمارستان بەلای براکەمەوە بووی کە زۆر نەخۆش بوو. تۆ زۆر گریابووی. من تەلەفۆنم بۆ کردی و خەبەرم دایتێ کە بۆ دۆکتۆراکەم قەبوول بووم. لە گەرمەی گریاندا کەوتیتە پێکەنین و هەزاران جار شوکری خوات کرد.

**بابە گیان**: ئەگەر زۆرم دەرس خوێند، ئەگەر زۆرم هەوڵ دا هەمووی هەمووی بە خاتری تۆ بوو چونکە تۆ بۆت گرینگ بوو. چونکە تۆ وات بار هێنام.

**بابە گیان**: لەبیرمە کە دانشگا قبوول بووم منت بردە تاران بۆ ناو نووسین. قەت ئەو کاتەم لە بیر ناچێ لە سەر چواررای حافظ نم نم باران دەباری. منت سوار ئۆتوبووسی دانشگا کرد و خواحافیزیت لێ کردم. وتت کچەکەم لەم کاتەوە ئیتر لەسەر پێی خۆت دەوستی. قەوی بە. بابە گیان تۆ رۆشتی و من خەمێکی عەجیب دایگرتم. هەستێک تێکەلاو لە خەم و تەنیایی و هێزی راوەستان و باوەربە خۆ. بابە گیان هەولم دا قەوی بم چونکە تۆ ویستت و وا بارت هێنام. ئێستاش کە باران نم نم دەبارێ دیسان خەیال دەمباتەوە بۆ ئەو کات و ساتە.

**بابە گیان**: قەت جیاوازیت دانەنا نێوان من و کورەکانت بگرە منت لەوان زیاتر خۆش ویست و زیاتریش زەحمەتت بۆ کێشام. تەنیا دلم بەوە خۆشە کاتێک ئازمایشگام لێدا، لە مەراسمەکەیدا لەبەرچاوی هەموو بانەیەکان دەستم ماچ کردی و سپاسم کردی چونکە تەواوی پێگەیشتن وتوانایەکانم بە هۆی ئەوەیە کچی تۆ بووم بابە گیان. کچی ئاغای تلۆعی دەبیری دەبیرستانەکانی بانە. تۆ وات بارهێنام بابە گیان. مەدیونتم ئاغا مەدیونتم. بابە گیان ئیمرۆ تۆیان ناشتوە و من لەوێ نەبووم تا ناوچاوانت ماچ کەم و دەمووچاوت بە فرمێسکەکانم بشۆمەوە. بابەەەەەەەەەەەەەە. دلتەنگتم بابەەەەەە

**بابە گیان**: چۆن دڵم بێ گوێ بگرم لە دەنگی خۆشی کانیاو و لە قۆرە قۆری قربۆکەکان لە کاتی خۆراوادا؟ بابە

گیان چۆن لە سەیران بابۆلەی هێلکە و رۆنەکەرە و پنگە بگرم، پنگەی تازە رواوی لای کانیەکانی ئاربەبا کە هێشتا بەفری نەتواوەی جستانی بەدەورەوە بوو؟ تۆ هەموو ئەوانەت پێ خۆش بوو. تۆ ئینسانێکی ئازاد و سەر بە جوانیەکانی سروشت بووی بابە. دلتنگتم بابە. ناتوانم قبووڵی کەم تۆ لە ژێر خاکی و ئێتر دەنگت نابیستم کە تەشویقم بکەی و پشتیوانم بێت وەک هەمیشە. دڵتەنگتم بابەەەەەەەەەەە، دڵتەنگتم. زوو بوو رۆشتی. من خەرێکی کاری ویزاکەت بووم بەشکم دوای ٧ ساڵ بتبینمەوە. فریا نەکەوتم بابە گیان، فریا نەکەوتم....


سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ٢١ی ئاگۆستی ٢٠١٢

---

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی

بەفرانباری ٢٧١٩ی کوردی = جانێوێری ٢٠٢٠ی زایینی






## پرۆفایل

ڕوئیا تلۆعی خاوەن بڕوانامەی دۆکتۆرا لە زانستی تاقیگەم. ئیستا لە ئەمریکا دەژیم. ماوەی سێ ساڵ خەریکی خوێندن و لێکۆڵینەوە لە بواری مایکرۆبایۆلۆجی بووم بۆ دەورەی فەوقی دۆکتۆراکەم. ئیستاش مامۆستای زانکۆم و وانەی مایکرۆبیۆلۆژی دەڵێمەوە. لێکۆڵینەوە و خوێندنم زۆر پێ خۆشە و چێژێکی زۆر لە کار و ئیشەکەی زانکۆم دەبەم. دڵم لەم وڵاتە ئازاد و خۆشە. وڵاتی هەتاو و ئاسمانی شین، وڵاتی ئازادی و دیموکراسی. دوو منداڵم هەیە بە ناوی مانلی و نیما کە تەواوی هەست و ژیانم بۆ ئەوانە. هاوسەرەکەم دەیڤید باشترین رفیقی ژیانمە و یەکترمان عاشقانە خۆش دەوێ. لە ڕۆژهەلاتی کوردستان وەک چالاکی مافی ژنان و فمینیستێکی کورد ، گۆڤارێکی ژنانم بە ناوی ڕاسان دەردەکرد. نووسەری کتیبێکم بە ناوی "هەرگیز لە ژن بوونم پەشیمان نیم" و هەروەها چەندین وتار و لێکۆلینەوە و وتووێژی چاپ و بلاو کراوم هەیە لە بواری مافی ژناندا. لە نۆڤامبری ساڵی ۲۰۰٦دا خەلاتی ئازادی بەیانی سازمانی جیهانی پێن و ئاکسفام نۆڤیبم پێ بەخشرا. ئیستاش خۆم بە فمینیستێکی کورد دەناسم و ئەمە ناسینەی ڕاستەقینەی منە. ئەم وێبلاگە بۆ بلاوکردنەوەی وتارەکانم بەکار دەهێنم و هیوادارم بتوانم قەلەمم کە خزمت کێشەی ژنانی کورد و شی کردنەوەی فمینیزمی کوردی وەک فمینیزم لە نەتەوەیەکی بێ دەولت دا بەکار بێنم.

سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ رێزدار د. روئیا تلۆعی بۆ نووسین و ئامادەکردنی دیمانە و وتارەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**



سەرچاوە
Serchawe